# نەوشەفەق 58

خاوەن ئیمتیاز:
**بەدران ئەحمەد حەبیب**

تەممووز 2008

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری



**سەرپەرشتیاری ئەنجوومەنی کارگێڕی**
ئەحمەد تاقانە

**سەرنووسیار:**
یوسف لەتیف
youseeflatif@yahoo.com
Mobail :07504675056

**بەڕێوەبەری نووسیاری:**
محەمەد سەعید زەنگنە
Hamatal_z@yahoo.com

**دەستەی نووسیاران:**
سەباح ئیسماعیل
چنوور نامیق
بەکر دەروێش

**بەڕێوەبەری هونەری**
ئاراس ئەکرەم

**پیت لێدان**
ڕۆشنا ڕەشاد

نەوشەفەق لەم سایتە بخوێنەوە
www.dangakan.com



دەزگای شەفەق
کوردستان - کەرکوک
ڕەحیماوا - نزیک خولگەی ئەحمەدی خانی


سەرەتای هەشتاکان نەک تەنیا من، بەڵکو تەواوی شاعیران ڕەمزییان زۆر بەکارهێناوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار کە لە هەموویان گرینگ تر چەتەکانی نوێخوازی فەرزی ئەم حاڵەتەیان کردبوو، سەرباری چەمکی سیاسی و دەروونی.

کەریم دەشتی

جێی داخە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە قارس یان لە تورکیا بەختەوەر بێ، پێویستە بچێتە ناو گەمەی سیاسەتەوە.

ئۆرهان پاමووک

بەختەوەرییەکانی من ئەوەیە کە نە زۆر ڕۆیشتوومەتە نێو ئەدەبیاتی کلاسیکی وڵاتی خۆمان و نە زۆریش ڕاکێشراومەتە نێو ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی.

فروغی فروغزاد

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


گەنجانی کەرکووک و خەمە مت بووەکانیان.سەروتار ، د. مستەفا زەنگنە ........ 3

ئەندرێ مالرۆ.. دیاردەیەکە پۆڵبەند ناکرێ. ڕوانین. کەریم دەشتی ........ 6

ڕەمز لە شیعری نوێی کوردیدا . لێکۆڵینەوە   بەختیار ئەحمەد مەحموود ........ 9

خلۆربوونەوەی موورووە ڕەنگاوڕەنگەکانی خەیاڵ. خوێندنەوە . دڵشادی عومەرکاکی ........ 24

بەفر هەموو جێیەکی داپۆشیوە. دیدار بەکر شوانی ........ 27

هێوری. باس. ئەدیب نادر ........ 37

بۆ خەوی پەپوولەکانی میچۆ مادۆ. ئەدەبیاتی منداڵان. زەری نیعمەتپوور ........ 47

دوو شیعری هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران. یاد. سەباح ڕەنجدەر ........ 55

وتووێژێکی لەگەڵ فروغ فرخزاد . وتووێژ. مەحموود موشەرف ئازاد تهرانی ........61

ئەم هەوارە بەجێ دێڵم .شیعر. گۆڵباخ بەهرامی ........ 75

بەدەم خەیاڵی عەسرەوە.. کۆمکەرەوە .شیعر. چنوور نامیق حەسەن ........ 79

شەوێک لە ناوەڕاستی مانگی جۆزەردان. شیعر. ناڵە حەسەن ........ 85

ترپەی پێی یادگارییەکان.شیعر. سورخی ........ 89

مردن .. هەر نایات. شیعر. عومەر سەیدە ........ 91

ئەوان دەزانن. شیعر گۆران حەساری ........ 95

حیبزە فرە جەماوەرەکەی گوڵەباخ. چیرۆک. حەمەسەعید زەنگنە ........ 97

لەبەردەم یاسادا . چیرۆک. فرانس کافکا . و: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد ........ 103

چیرۆکی ژاپۆنی ڕەشپۆش. چیرۆکی وەرگێڕدراو. تسۆجی کۆنیۆ. و: سابیر مەلوول ........ 106

نووسینەوەی ئەزموون لە ڕێی ئەفراندنی حیکایەتەوە. خوێندنەوە. ئارام سدیق ........ 110

لە نێوان نووسین و یادەوەریدا .شوناس. نیهاد جامی ........ 119

میوانەکانی دۆزەخ.دەقی شانۆیی. سەبا ئەحمەد ........ 124

هەڵبژێک لە شیعری محەمەد ساڵح  دیلان. شاکارەکانی دوێنێمان ........ 133


هەواڵنامەی کتێب



د. مستەفا زەنگنە

# گەنجانی کەرکووک و خەمە مت بووەکانیان

بڵاوبوونەوەی بیری کۆچکردن و بە جێ هێشتنی کوردستان کارەساتێکە دەبێ بە زووترین کات چارەسەری بۆ دابنرێ، لەم شارەو ناوچەکانی گەرمیاندا کام بەرپرس توانیی خودی گەنجان بکاتە پرۆژەی بونیادنانەوە؟!



هەواڵنامەی کتێب

گومان لەوەدا نییە کە گەنج لە هەرکوێ بێ ئەوا وزە و توانا و چالاکی لەو شوێنەدا بوونی دەبێت، هەموو کەسێک ئەم راستییە دەزانێ، بەڵام کێن ئەوانەی زەمینە. بۆ ئەم توانا و خاوەن بەهرانە خۆش دەکەن تاکو گۆڕان و داهێنان بکەن؟! کێن ئەوانەی هەمیشە بەشێک لە بیرکردنەوەکانیان تەرخانی خەمەکانی گەنجان کردووە!؟

کەرکووک لە شارەکانی کەی کوردستان بە دوورنییە، بەڵام تایبەتمەندیی خۆی هەیە، گەنجانی کەرکووک و بگرە سەرجەم گەرمیان پێنج ساڵە لە مەرگی رۆژانە رزگاریان بووە، لە کاتێکدا ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان حەڤدە ساڵە لە چنگی مەرگەساتەکانی دەسەڵاتی بەعس رزگاری بووە بە پێی ئەم هاوتاکردنە دوازدە ساڵی تەمەنی بەعسکەرکردن و بە کوشتدانی گەنجانی کەرکووک و گەرمیان لە گەنجانی ناوچەکانی کەی هەرێم زیاترن. جگە لەوەش ئەم پێنج ساڵەی رزگاربوونی عێراقەش لە کەرکوک و گەرمیاندا مەرگی لێ دوور نەخستوونەتەوە، بەڵکو بە شێوازێکی کە دەستی تیرۆر کەوتە گیانیان و هەمیشە کە لە ماڵ دەردەچن دڵنیانین لەوەی دەگەڕێنەوە. ئەم راڕاییە و درێژەدان بە ئازارە دەروونییەکانی گەنجانی کەرکووک هەندە دێنێ کە بەرپرسە حکوومی و حیزبییەکان لەسەری راوەستن و بیر لەوە بکەنەوە کە چارەسەر بۆ کێشە دەروونی و دارایی و کۆمەڵایەتییەکانیان بدۆزنەوە، لە شوێنێکی وەکو کەرکووکدا تاوەکو رووخانی بەعس یەک کۆمپیوتەر و یەک سەتەلایت لە کەرکووکدا نەبوو، هەر کەسێکیش بە دزییەوە هەیانبیایە ئەوا بە زۆر لەسەری ئەکەوت، کەواتە گەنجانی کەرکووک لە کەناڵەکانی پەیوەندیکردن و راگەیاندنی جیهانیش دابڕا بوون، هەقوابوو لەگەڵ نەمانی بەعسدا بیری جدی لە قەرەبووکردنەوەی تەمەنی مەحرومییەتی گەنجانی کەرکووک بکرایەتەوە، بەڵام لەوە دەچێ هەم کاربەدەستانی حکومەت و حیزبیش هەندەی سەرقاڵی کاری مەکتەبین، هەندە سەرقاڵی خەمەکانی ئەم توێژە نین، کەبێ کاری و دەسکورتی بۆتە بەشێک لە سیمایان و ژیانیانی لە خۆ پێچاوە. کردنەوەی چەند یاریگایەک کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ناتوانن ژمارەی برینەکانی دەروونی گەنجانی کەرکووک چارەسەر بکەن. بەشێکی زۆری ئەم گەنجانە لەبەر بژێوی وازیان لە قوتابخانە، بگرە کۆلیجیش هێناوە و رۆژانە لە مەیدانەکاندا چاوەرێن کە وەستایە ناشی بیانباو کرێکارییان پێ بکات، بەشێکی کەشیان کۆلێژ و پەیمانگایان تەواو کردووەو چاوەڕێی مەرحەمەتی دامەزراندنن ئەو دامەزراندنەی تەنها بە نانەزگی دەژمێردرێ و هەتا هەتایە ناتوانێ وا بکات دوو عانە پێکەوەنێن و بتوانن ژیانی هاوسەری پێکەوەنێن، گەنجانی کەرکووک وەکو خودی پرسی کەرکووک

پەراوێزکراون و کارێکی ئەوتۆیان بۆ نەکراوە هەست بە گەنجێتی خۆیان بکەن، بەم پەراوێزکردنەی دەسەڵاتی حکومی و حیزبی گەنجەکان بە زۆر پیرکراون، کاتێک دەبینن هەندێک لە ماوەی پێنج ساڵدا دەستی گەیشتە هەور و پڕۆژە و سەرچاوەکانی پارەیان قۆرغ کرد و تەنها و تەنها تێکەڵ بە کۆکردنەوەی پارەو زەوی وزار و مۆڵک بوونەو تاکە شتێک تێکەڵی نەبن جەماوەری ستەم دیدە و رەش ورووتەکەیە کاتێک گەنجانی کەرکووک تای تەرازووەکان بەم شێوەیە دەبینن هەندەی دی نا ئومێد دەبن و خۆزگە و خەون بە وەوە دەبینن کە چەند گەلایەک پێکەوە بنێن و بۆ هەندەران تێی تەقێنن. نە خوێندنەوی گەنجانی کەرکووک گەشتۆتە ئاستێک کەجێی مەترسییە و ئەم مەترسییەش ئەتەقێتەوە بۆ ناو خێزانەکانیان، بڵاوبوونەوەی بیری کۆچکردن و بە جێ هێشتنی کوردستان کارەساتێکە دەبێ بە زووترین کات چارەسەری بۆ دابنرێ، لەم شارەو ناوچەکانی گەرمیاندا کام بەرپرس توانیی خودی گەنجان بکاتە پرۆژەی بونیادنانەوە!؟

چەند پڕۆژەی نیشتەجێکردن و دەستگیریکردنی پیشەیی بۆ گەنجانی کەکووک جێبەجێ کران؟ چەند رێکخراوی مەدەنی کاڕای خۆیی لەم بوارەدا وەگڕخست و قەرزی درێژخایەن و کورت خایانی بۆ گەنجان دابین کرد تابتوانن روو لە کاسبی بکەن و چیی دی کلکی مەعاشێکی بێ نموود نەگرن و روو بکەنە بازاڕی ئازاد؟!

کوان ئەو بەرپرسانەی کۆنگرەیەکیان بۆ گەنجان و خەمەکانی گەنجان سازداو چارەسەرەکانیان ئاراستەی دەسەڵات کرد..؟ گەنجانی کەرکووک و گەرمیان وا لێ کراون بە زۆر لە باوەشی نیشتمان و ئینتیما دایان ببڕن، ئەمەش گوناهێکی گەورەیە و دژ بە کوردستانییەتی کەرکووک دەکرێت، کەرکووکێک گەنجەکانی پەراوێز بکرێ دەبێ چ کەرکووکێک بێ ئازادییەک گەنجەکانی کەرکووکی تیا نەبوون و بریندار بێ دەبێ ئەوە چ ئازادییەک بێ؟! لەم ساتەوەختەدا کاتی ئەوە هاتووە گەنجان خۆیان مشووری خۆیان بخۆن و ببنەمایەی هێزێکی گەورە تابتوانن گۆڕانکاری بکەن. ئەگینا لەوە دەچێ بەرپرسانی حکومی و حیزبی نەپەرژێنە سەر خەمەکانی ئەوان ئەو خەمانەی تەنها مت کراون و کراونەتە ژێر لێوەوە.

رِوانین



كەریم دەشتی

# ئەندرێ مالرۆ.. دیاردەیەكە پۆڵبەند ناكرێ

پەیوەندی مالرۆ بە هونەرەوە بێ دوو دڵی كۆمەڵێ كاریگەرێتی دەگرێتەخۆ، لای هەمووان كەمتر ناسراوە.
مالرۆ بە درێژایی تەمەنی هەوڵی داوە تا پەی بە نهێنی خوڵقاندن ببات، لای ئەو جیهانی ئەدەب دۆڵێكی ئەبەدییە، یان لانی كەم هونەر شتێكە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ زاڵ بوون بەسەر مەرگ. هونەر بە جیلوەی رەنگاورەنگی خۆی رەنگدانەوەی رۆحی میللەتانە.

**مالرۆ دیاردەیەكی تاكەكەسییە و ناتوانرێ پۆڵبەند بكرێ**



**شارستانێتی بەسەرچووە و مردووە، بەڵام هونەری ئەو شارستانێتییە زیندووە**

**ڕازی خوڵقانی هونەر:**

لە ساڵی ١٩٢٢ (ئەو کاتە ٢٢ ساڵان بوو) لە کاتی بەرگوزاری پێشانگای (گالانیس) مالرۆ ڕایگەیاند بوو کە (ئێمە تەنیا لە ڕێی پێوانەوە دەتوانین هەست بە شت بکەین).

هەست کردن، بینین و پێوانە کردن هەتا خەیاڵیش چەند وشەیەکن کە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی (مالرۆ) لە بەرانبەر تەنیا رەگەزی ژیانی ئەودا، واتە هەوڵدان بۆ پەی بردن بەڕازی خوڵقاندنی هونەری بە کورتی بەیان دەکات.

ماڵرۆ ڕەخنەگرێک نییە بەچەمکی سوننەتی، ئەو قەت خۆی بە قوتابخانەیەکی دیار نەبەستۆتەوە. ناتوانرێ لەو ڕەخنەگرانە بژمێردرێ کە سەر بە ڕەخنەی قوتابخانەیین وەکو (فور) یا (پیرفرانکاستل) لە ڕەخنەی ئەدەبی فەرەنسیدا، مالرۆ دیاردەیەکی تاکە کەسییە و ناتوانرێ پۆلبەند بکرێ، بەڕاستی پێویست بەوە ناکات کە یەکێکی وەکو ئەو بخەینە چوار چێوەی پۆلبەندێ.

بەڕای مالرۆ بەر لە بیرکردنەوە دەربارەی بابەتێک دەبێ تێی ڕامێنین لێی قووڵ بینەوە، بە شێوەیەک کە کاکڵی مەسەلەکە بە دەست بهێنین و پەی بە خاڵی جوانکاری و لایەنە نادیارەکانی ئەو بابەتە ببەین. تەواوی بەرهەمەکانی مالرۆ لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە دەوڵەمەندن و زیرەکی ئەم نووسەرە مایەی سەرسامی خوێنەرانە... بەتایبەتی لە (سەدای بێدەنگی)دا مرۆڤ دەخاتە باوەشی گیانی سادەکان و بەرەو ڕووی داهێنەرانەی ڕۆشنبیری و شارستانیشی دەکاتەوە. نووسەر بە کورتییەکی بەرچاوگیر قسە دەکات و خوێنەر لە کلێسای (شارتر) بەرەو هونەری (استث)ەکان و ڕۆمی ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو تانکەکانی (تبت)ی دەبات.

لەگەڵ ئەمەشدا جۆرە تێکچڕاژانێکی وا لە ئەندێشەو بەرهەمەکانی (ماڵرۆ)دا هەیە کە هەندێ جار دەبێتە هۆی ئەم جۆرە سووتان و گرگرتنە، ئەوەش ڕاستگۆیی بەرهەم و چیرۆکەکانی ئەومان پیشان دەدات، کە لە دوای خوێندنەوەی کۆمەڵە نووسینەکانی ئەودا دەتوانین خەیاڵی ئیستاتیکی لە بواری هونەردا بدۆزینەوە... لە ساڵی ١٩٧٤دا مالڕۆ خۆی ئەو مەسەلەیەی لە پێشەکی بەرگی دووەمی (بەدگۆڕان)، (مەسخ)دا باس کردووەو دەڵێ: بە دوای مەرگی مارسیل پروست (زمانی دووبارە دۆزراوە) بڵاوکرایەوە خەڵکی تازە لەچەمکی (گەڕان بەدوای زمانی ون بوو)دا. تێگەیشتبوون، چەمکی ئەو کتێبەش تەنیا دوای بڵاوبونەوەی دوا بەرگی ڕۆشن دەبێتەوە.

هۆیەکەشی ئەمەیە کە تەواوی نوسینەکانی مالرۆ لە بارەی هونەریدا جۆرە یەکایەتیەکانی زۆر قوڵی شەتەکدراوی هەمیشەیی تێدایە.

**دنیای هونەر، دنیای جاویدانییە:**

ئاندرێی گەنج لە ساڵانی یەکەمی گەنجێتی خۆیدا لەگەڵ یەکەمین هاوسەری خۆی (کلارا)دا سەفەری دۆزینەوەو ناکامی خۆی بەرەو هیند و چین دەست پێکرد.

ئایا بەڕاستی ئەو سەفەرە (یەکەم هەنگاوی گەڕان و سووڕان بەدوای جوانی)دا نیشانەیەک نەبووە لە ئارەزووی وەلای دۆزینەوە و دەرک پێکردنی هەندێ چەمکی پەناو پێچی کە دەرک پێکردنیان سانا نەبوو. لە کۆمەڵە نووسینەکانی مالرۆدا بابەتێکی دەردناک جیلوەیەکی تایبەتی هەیە کە ئەویش ڕەخنەگرتنێکی هونەرمەندانەیە سەبارەت بە شتێ کە ناوی (ژیانی)ی لێ نانرێ؟ شتێکە کە هونەرمەند بەرەو ئەو ڕادەکێشێ و هەوڵ دەدا بە پاڵپشتی و زیرەکی لێهاتوویی خۆی بەیانی بکات، شتێ کە لە دەست هونەرمەندەوە ڕادەکات. بەڕاستی دنیای هونەر لای مالرۆ دنیایەکی دیکەیە، دنیایەکی جاویدانە بەڵگە نەویستە کە مالرۆ لەم بارەیەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ (پۆڵ ڤالیری) کە بڕوای بە لەناوچوون و شارستانێتی هەیە.. بە بڕوای مالرۆ لە بەرهەمێکی هونەریدا هێزی چوونەبارییەک (هێزی کلێشەگۆڕی) (تناسخ) هەیە کە دەبێتە هۆی مانەوەی ئەو بەرهەمە.

«شارستانێتی بەسەرچووە و مردووە، بەڵام هونەری ئەو شارستانێتییە زیندووە» ئەگەر میسری کۆن لای ئێمە هەمیشە هەر بە نەناسراوی دەمێنێتەوە، بەپێچەوانە، پەیکەرەکانی میسری لە مۆزەخانەکانی ئێمەدا هەیەو قسەمان لەگەڵ دەکەن. بەم جۆرە ئایا(سەدای بێدەنگی) و (ئاوازی چوونە بارییەک).

مالرۆ چونە بارییەکی گیانی بەرهەمی هونەرییە بە دۆزینەوەیەکی بەڕاستی سەرسامکەر دەزانێو هەمیشە بە پاڵپشتی زانیاری لێی کۆڵیوەتەوە، هەروەها جۆرە گۆڕانێکی هارمۆنی کیمیایی تێدایە، وەک بڵێی بەئاگاداری بوونەوە لە تەسکی وەخت ویستوویەتی گەورەیی بەرهەمی خۆی بە ئاوازێک کۆتایی پێ بهێنێ کە هەندێ جار پەلەپەلی و خێرایی پێوە دیارە. هەڵبەت هێشتا کە لە هەندێ نێوەندا وا باوە کە لە بارەی بەرهەمی جوانناسی ئەندرێ، بەڵام ئەو خاڵە دەبێ بۆ چەندەمین جار دووبارە بکرێتەوە کە مالرۆ خۆی نە بە مێژوونووس زانیوە نە بە ڕەخنەگری هونەری و نە بە کابرایەکی ئیستاتیکی.

**سەرچاوە: گۆڤاری (أدبستان) ژمارە ١٦ فروردين، ١٣٧٠، ل ٢٢,**

Ramz

# ڕەمز
# لە شیعری نوێی کوردیدا

## مەدحەت بێخەو وەک نموونە

بەختیار ئەحمەد مەحموود

١ – ٢

هەواڵنامەی کتێب



**ئەو کۆمەڵە شاعیرەی لە دەوروبەری حەفتاکان ڕۆڵیان هەبووە لە ڕێبازی ڕەمزی، لە ساڵانی هەشتایەکان زیاتر بەدەرکەوتن و دەنگی خۆیان جێگیر کرد، بەهۆی دارشتنی بەپێز لەبیر و داهێناندا بەهۆکاری زمانێکی پاراوی ڕوون ئەنجامدا**

Ramz

# تەوەرەی یەکەم

## زاراوەی ڕەمز

هەر زاراوەیەک شوێنێکی دیاریکراوی جێگیری هەیە لەو بوارەی دەست نیشان کراوە، ئەگەر سەرنج بدەین و لەوە بکۆڵینەوە ئەم زاراوەیە چۆن پەیدابووە و هەروەها چۆن سەرنج هاتووەتە نێو ئەدەبی کوردییەوە. دەبینین ئەو زاراوەیە لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی و زمانی ئینگیلیزی هاتۆتە نێو زمانی کوردییەوە لە بنچینەدا زاراوەی (سمبول – Symbol) بەواتای (بایەخ پێدان وریزلێنان) پێکهاتووە و دەگەڕێتەوە بۆ (پارچەیەک خەزەف) یا هەر دەفرێکی تایبەتی کە بۆ مێوان بەکاریان دەهێنا یا (پێتان دەبەخشی) وەک دیاردەیەک بۆ پتەوکردنی پێوەندی نێوان یا بەواتای هاویشتنی هاوبەش (jeterenaemble)[١]

هەروەها لەنێو نوێخوازیشدا زاراوەی ڕەمز بەمەبەستی دوورکەوتنەوە، یاخود نزیکتر دەبنەوە و یەک دەگرن، ئەمەش واتای حەرفی (رەمز)مان بۆ دیار دەخاتەوە بەبیرمان دەخاتەوە کە بەواتای (کۆکردنەوە) دێت.[٢] بەکارهێنانی زاراوەی (Symbol) مێژوویەکی دوورودرێژی لە زانستی (لاهوت – theology) هەیە، کە هاوتای (creed)ە، واتە دەستوور و باوەڕی مەسیحییەت، هەر لە دێرینەوە زاراوەی ڕەمز لە دروشمە ئاینی و فەلسەفەی لاهوت بووە، تەنانەت ڕەمزی ئیشارەت ئامێز بنچینەی ئاینەکان بووە لە شیعر و هونەردا هەروەها بەهایەکی ئیشارەت ئامێزی لە لۆژیک و بیرکاری و سیمانتیکدا هەبووە[٣] بەدرێژایی مێژوو زۆر جۆرە ڕەمز دیاری کراوە وەک: ڕەمزی زانستی و ڕەمزی زمانی، ڕەمزی ئاینی و ڕەمزی هونەری. زاراوەی ڕەمز لەگەڵ زمانەکانی جیهاندا بەکارهاتووە، دەشێ بووترێ بۆتە زاراوەیەکی جیهانی، هەر زمانێک کە وەری گرتووە بەگوێرەی یاسای فۆنۆلۆجی خۆی گۆڕانکاری تێدا کردووە لە نووسین و کۆکردنەکەدا؛ بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا (Symbol) لە زمانی فارسیشدا زاراوەی (ڕەمز) و (سمبل) بەرامبەر (نماد) بەکاردەهێنرێت، لە زمانی کوردیش زاراوەی ڕەمز لە پاڵ (هێما) و (نیشانە) بەکارهێنراوە، هەروەها لای هەندێ شاعیری کوردیش وشەی (جەفەنگ) بەکارهاتووە. وشەی (هێما) لە فەرهەنگی کوردیدا هەندێ جار بەرامبەر بەوشەی (الرمزیە)ی عەرەبی بەکارهێناوە، ڕەنگە ئەم بەکارهێنانەش لە ڕووی زانستی و وشە سازییەوە کارێکی زانستی بێت، بەڵام لە سوچی واتاوە تا ڕادەیەکی زۆر مەبەستی ئەو وشە عەرەبییە دەهێنێتە دی و لە سروشتی ڕێبازی (ڕمزی)ی ئەوروپی نزیک دەبێتەوە.[٤]

## چەمکی ڕەمز:

ڕەمز بابەتێکی هەمەلایەنەو ئاڵۆزە چەندین جۆر پێناسە و بۆچوونی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێ، چەمکی ڕەمز بەوە پێناسە کراوە بریتییە لە (دەنگ لێوەهاتنێکی نزم وەک بەچپەدوان؛ واتە جولاندنی لێو بەگوتەی تێ نەگەیشتوو یاخود ئیشارەتدان بەلێو، هەروەها وتراوە ڕەمز نیشانە و ئیشارەتە بەچاو و برۆ و دەم و لێو)[٥] لە پێناسەیەکی تردا ڕەمز بەوە دیاری کراوە بریتییە (لە نیشانەیەک ئاماژە بۆ شتێک دەکات، هەروەها بوونێکی سەربەخۆی هەیە، ئەو شتە دەنوێنێ وشوێنی دەگرێتەوە...، لە زانستدا بۆ مەبەستی کورتکردنەوە بەکاردەهێنرێت)[٦]. بەشێوەیەکی گشتی ڕەمز سێ چەمکی هەیە کە بریتین لە:[٧]

١- کورتەی ئەو بنەمایانەی ئایندارەکان لە کلێسەکاندا ئەنجامیان دەدا، ئەمەش مانای دێرینی زاراوەکەیە، واتە دەستووری باوەڕی مەسیحی.

٢- دروشم کە ڕێبازێک یا کەسێک یا نەتەوەیک لە یەکێکی تر جیا دەکاتەوە، ئینجا ئەمە یا وتەیەکی کورتی پڕمانا، یا بەوێنەیەک دادەڕێژرێت.

٣- ئەو شتەی لە واتادا شوێنی شتێکی تر بگرێتەوە، نەک بەهاوتایەکی تەواو، بەڵکو بەئیحابوونی پێوەندییەکی ناسراو لە نێوانیاندا هەیە.

ڕەمز پێویستی بەسێ ڕەگەزی سەرەکی هەیە:[٨]

١- دال: ئەمەش ئەوەیە کە شوێنی شتێکی تر دەگرێتەوە، واتا خودی ڕەمز.

٢- مەدلوول: ئەو شتەیە کە (دال) شوێنی دەگرێتەوە.

٣- دەلالەت: ئەمەش پێوەندی نێوان (دال و مەدلول)ە، پێوەندیەکە پێویستە هەستی پێ بکرێت و شیبکرێتەوە.

چەمکی ڕەمز چەندین ئەنجام دەپێکێ هەروەها جاروایە بابەتێک لە پەنای خۆیدا کۆمەڵێک شت حەشاردەدا و دەیان وروژێنێ وەک: ڕەمز بەکار دهێنرێ بۆ کورتکردنەوە، یاخود ئیحا بەخشین، یاخود ڕەمز بۆ کاریگەری خێرا، هەندێ جار ڕەمز بەکار دەهێنرێت دەکرێتە بەڵگە بۆ مەبەستی پەیامێکی دەست نیشان کراو تایبەت.

هەواڵ و چیرۆک و حیکایەت ڕۆڵێکی گرنگیان بینیووە لە بلاوبوونەوە و دروستبوونی جۆرەکانی ڕەمز، بۆ نموونە باڵندەی (کۆتر) کە بووەتە ڕەمزی ئاشتی لە ئاگادارکردنەوەی حەزرەتی نوح (سەلات و سەلامی خوای لەسەر بێت)؛ بەکۆتایی هاتنی تۆفانەکە.

چەمکی ڕەمز بریتییە لەوەی وشەیەک لە ڕووی واتاوە شوێنی واتا یا دەلالەتێکی تر بگرێتەوە، هەروەها ڕەمز برێک لە تەمومژ و لێڵی لە خۆیدا هەڵگرتووە و، پێوەندیەکی نزیک و پتەویشی پێیانەوە هەیە.

## تەوەرەی دووەم

### سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕەمز لە جیهاندا:

ڕەمز جۆرێکی زۆر کۆنە لە دەربڕیندا، مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە سەرەتای مرۆڤ و کۆمەڵ و شارستانییەت؛ هەردەم سەرچاوە و کانگەی چڕی دەربڕین بووە، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەدەب یاخود لە نێوان سەرجەم ڕێبازە ئەدبییە سەرەکییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە بەکارهێنانی ڕەمز زۆر کۆنە بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە ڕەمز زیاتر لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا بەزۆری بەکارهاتووە.

هەر لەبەر هەمان مەبەست (لویس هورتیک) ئاماژە بەوە دەکا کە: (هیچ هۆنراوەیەک نییە، هەندێک ڕەمزی تێدا نەبێت)(٩)

لێکۆلەران هۆی بەزۆری بەکارهێنانی ڕەمز بەشێوەیەکی فراوان دەگەڕێننەوە بۆ چەندین خاڵی دیاری کراو گرنگترینیان: هۆکاری رامیاری کە هۆکارێکی سەرەکییە لە بەکارهێنانی ڕەمزدا، ئەمەش بەهۆی ترسی لە دەسەلات وێڕای خۆ حەشاردان لە ئەشکەنجە و ئازار، هۆکاری کۆمەلایەتی ڕۆڵی خۆی هەیە لە شاردنەوەی ناوەڕۆکەکان، هۆکاری ڕۆشنبیری ئەمە وابەستە بووە بەکاریگەری شاعیرانی ترەوە، هەروەها لاسایی ڕووگەشانە و بەکارهێنانی ناهۆشیارانە بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشان، هەروەها (بە مەبەستی ڕازیکردنی هەستی هونەری ئیستاتیکی و دەرخستنی توانا و داهێنان و زیرەکی، بۆ ئەمەش سروشتێکی لێل بەشیعر دەبەخشن)(١٠)

بەم شێوەیە هەر لە سەرەتاوە ڕەمز لە شیعردا بەکار دەهات و هەنگاوی بەرەو چڕی لە بەکارهێناندا دەنا، تازەمینەیەکی شیاو گونجاو دروست بوو، تا گەیشتە ئەوەی سیماکانی ڕەمزی (Symblisnie) وەک ڕێبازێک بەدەرکەوت؛ کەڕەگ و ڕیشەی جگە لە فەلسەفە ئایدیالییەکان دەگەڕێتەوە بۆ دیاریدەی شیعری میتافیزیکی کەلە، (ئینگلتەرا) لە دەوروبەری سەدەی حەڤدەم سەری هەڵدا، سەرەتای ڕەمز بەناخی سروشتدا شۆڕبووەوە ئاستی ڕووگەشی شتەکانی تێ پەڕاند و سەرسوڕمانی بەرامبەر ڕاستیەکانی ژیان تێدابوو(١١) (گوزارشت کردنیش لەمانە بە ڕێگەیەکی خوازەیی بوو، کە بەڕێگەی ڕەمز

دەچوو، لەگەڵ جیاوازی ئەوەی کە خوازەی میتافیزیکی لۆژیکی بوو، لەسەر بنەمای پێوەندی ئاسایی دیاری کراو دروست ببوو)(١٢) لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هۆکارانە زۆربەیان لە ژینگەی سەدەی نۆزدەهەمدا سەریان هەڵدا بوونە رێگەخۆشکەر بۆ دروست بوونی ڕەمز و دەیکەن بەدوو بەشەوە: هۆکارە نا ڕاستەوخۆکان دەگەڕێتەوە بۆ کەشە ڕۆشنبیرییە گشتییەکە، هۆکارە ڕاستەوخۆکان کاریگەریەکی پۆزەتیڤانەیان لە دروست بوونی ئەم ڕێبازەدا هەبووە.

بۆ زیاتر ئاشنابوون بەسەرەتاکانی دروستبوونی ڕێبازی ڕەمز سەرەتا ڕەمز بەڕۆمانسییەت دەستی پێ کردووە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هاوڕێی بووە، بەڵام لە شێوازی دەربڕیندا لێی جیابۆتەوە.

## تەوەرەی سێیەم

### ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا:

بەکارهێنانی ڕەمز لە شیعردا پرۆسەیەکی ئاڵۆز و کاریگەرە، دەکەوێتە ژێر چەندین پێوانەی هەمە جۆر بە مەبەستی دروستکردنی ڕەمزێکی دیاری کراو، بەپێی ئەو بارە دەروونییەی کە گوزارشتی لێ دەکرێت، (ڕەمز دیاریدەیەکی هونەری و مەعنەوییە، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەدەبدا دەرکەوتووە، بەڵام لە ئەدەبی نوێ بەگشتی و هاوچەرخ بەتایبەتی زیاتر سیماکانی بەشێوەیەکی ڕۆنتر ناسراوە)(١٣).

بارودۆخی سیاسی میللەتی کورد و گوزەران و ژیانی تاکی کورد ڕێگا خۆشکەربووە و زەمینەیەکی لەبار بووە بۆ پەیدابوونی دیاردەی ڕەمز لە شیعردا، لەگەڵ ئەوەی باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیری نەتەوەی کورد لەباربووە بۆ دایک بوونی ئەم دیاردەیە؛ چونکە هەروەها ئاماژەم پێدا کۆمەڵگەی کوردی ناوەندێکی چاک و بزوێنەر و ئەکتیف بووە بۆ بەکارهێنانی ئەم دیاردە هونەریە، بەواتایەکی تر بەکارهێنانی ڕەمز تاکە ڕێگا بووە کە شاعیران و ئەدیبان بتوانن پەنای بۆ ببەن و، بەهۆیەوە ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە سەپێنراوە بۆ نەتەوەی کورد لێی بێدەنگ نەبن و بەهێما واقیعەکە بنەخشێنن؛ لەگەڵ ئەوەی جوانی و ناسکی شیعر هەمیشە پێویستی بەوە هەبووە بەپەردەیەکی ئاماژە و هێما داپۆشرێ، هەر لەبەر ئەو هۆکارانە ڕێگەی نا ڕاستەوخۆ لێڵی تەمومژ بووە بەبنەمایەکی بەردەوام لە شێوازی نووسین.

ڕەمز بەچڕی بەکارهێنان دەگەڕێتەوە بۆ دوای جەنگی دووەمی جیهان و، زیاتر لە

دەوروبەری ساڵانی حەفتاکان بەرەو سەرەوە ڕێچکەی خۆی گرت.

بنچینەی ڕەمز لە شیعری کلاسیکەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ نموونە (غەزەل) بابەتی سەرەکییە کە ڕەمزی تێدا بەچڕی بەکار هاتبێ، بەهۆی ئەو چوارچێوەی یاخود ئەو کۆمەڵگایەی کە شاعیرانی کلاسیک تێدا ژیاون، ئەو شیعرانەی دەچنە نێو خانەی (تەسەوف) دەشێ نزیکترین بابەت بن لە ڕەمز، بەتایبەتیش لەو نهێنی و شاراوەییانەی کە ڕەمز و تەسەوف یەک دەخات یاخود لە یەکتریان نزیک دەکاتەوە، کەواتە شاعیر و سۆفی خاڵێکی گرینگ یەکیان دەخا ئەویش (نامۆبوون)ە، نامۆ لە کۆمەڵگە و هەڵاتن لێی بەرەو جیهانێکی ئەفراندن و بێ گەردی تایبەت کە بۆ خۆیان دەیانەوێ دروست بکەن. هەروەها بەکارهێنانی ڕەمز و شێوەکانی لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە، هۆی جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ:[١٤].



شێرکۆ بێکەس

١- جیاوازی تاقیکردنەوەو ناوەڕۆکی دەقەکە.

٢ - جیاوازی سەرچاوەکانی ڕەمز، دەشێ سەرچاوەی ڕەمزەکە خودی شاعیر بێت، واتە داهێنانێکی خودی کە لەگەڵ حاڵەتی دەروونی و تێڕوانینی تایبەتی دەگونجێت وەردەگیرێت، توانای شاعیر لە چۆنیەتی، بەکارهێنانی ڕەمزەکە لە بنیادی دەقەکەیدا دەردەکەوێت.



عەبدوڵڵا پەشێو

ئەو کۆمەڵە شاعیرەی لە دەوروبەری حەفتاکان ڕۆڵیان هەبووە لە ڕێبازی ڕەمزی، لە ساڵانی هەشتایەکان زیاتر بەدەرکەوتن و دەنگی خۆیان جێگیر کرد، بەهۆی دارشتنی بەپێز لەبیر و داهێناندا بەهۆکاری زمانێکی پاراوی ڕوون ئەنجامدا.

لە دەوروبەری ساڵانی هەشتاکاندا ڕەمز لەنێو شیعری کوردیدا دەقەکان سەربەستتربوون، سەرەڕای ئەو هەموو

کێشە و پاڵپەستۆی ڕامیاری و سیاسەتە شۆفینیەکانی عەرەبی بەعس دژ بەمافی ڕەوای گەلەکەمان، کە لە (هەشتایەکان) ڕووبەڕووی گەلەکەمان بۆوە، هەر بەهۆیەوە واتە ئەو دەست درێژییەی فاشییەکانی ڕژێمی بەغدا و، تاوانە یەک لە دوای یەکەکانی بەعسییەکان کە هەرگیز ژمار ناکرێ، بوونە زەمینە خۆشکەر و پاڵنەرێکی سەرەکی فراوانبوونی ڕەمز لەنێو شیعری هاوچەرخی کوردیدا.

بەکارهێنانی ڕەمز لەلایەن شاعیرانی هاوچەرخەوە بەڕێژەیەکی جیا جیا قورسایی دەقەکە دەردەخەن و، پەیوەستە بەتێڕوانینی شاعیر و شوێنە جوگرافیایەکانیش ڕووبەرێکی فراوانتر داگیر دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج بدەینە شاعیری هاوچەرخ (عەبدوڵلا پەشێو) کە باسی دێیەکەی دەکا (بێرکۆت) ئەو سنوورەی بەزاندوە کە تەنها گوندێکی بچووکی زێدی خۆیەتی، بەڵکو بێرکۆتی کردۆتە ڕەمزی وڵات، نیشتمان، خاک بەگشتی، ئەم جۆرە تێڕوانینانە لە ساڵانی هەشتاکانا پەرەی سەند، چونکە کورد لە قۆناغەدا بەسەختترین بارودۆخدا دەڕۆیشت، هەر ئەم بارودۆخەش بوونە هۆی ئەوەی بەکارهێنانی ڕەمز بازنەی بەکارهێنانی فراوان بێ. (کەریم دەشتی) شاعیر ئاماژە بەوە دەکا و دەڵێ: (سەرەتای هەشتاکان نەک تەنیا من، بەڵکو تەواوی شاعیران ڕەمزییان زۆر بەکارهێناوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار کە لە هەموویان گرینگ تر چەتەکانی نوێخوازی فەرزی ئەم حاڵەتەیان کردبوو، سەرباری چەمکی سیاسی و دەروونی)[١٥].

ڕەمزی هاوچەرخی کوردی لە هەشتاکاندا زەمانێکی سەخت و دژوار بوو، زەمان بەگرانی دەڕۆیشت، زەمانی بەرگریی و نامۆیی بوو!!، ئەشقێکی گەورە و پاک بۆ نیشتمان، هەر بۆیە پەیامی هەق و خێر و جوانی بوو، ڕەمزەکانیش گوزارشتیان لەو بارودۆخە دەکرد.

گەلێک جۆر ڕەمز هەیە و هەر جۆرێکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە وەک: ڕەمزی ئەفسانەیی، ئاینی، جادووگەری، خەون وەک ڕەمز، مێژوویی کەلەپووری، هەروەها ڕەمز هەیە وەک ڕەنگ، ژمارە... تاد.

جیاکردنەوەی و سنوورکێشان لە نێوان جۆرەکانی ڕەمز کارێکی سەختە و ئاستەنگە، بۆ نموونە ڕەمزی ئەفسانەیی جیهانێکی فراوان و هەمەلایەنە، چونکە تێکەڵییە لە نێوان ئاین، سیحر و مێژوو، هەروەها بەکارهێنە جۆر بەجۆرەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری.... تاد.

هەر لەبەرهەمان مەبەست ڕەمزی ئەفسانەیی ڕەهەندێکی هێمایی قووڵ هەڵدەگرێ.

**ڕەمزی ئەفسانەیی لەنێو شیعری کوردیدا:**

جۆرەکانی ڕەمز لای شاعیرانی کورد دەبێ ڕەچاوی چەندین خاڵ و بنەما بکرێ، بۆ نموونە ئەو ڕەمزەی بەکاریان هێناون دیاری بکرێن و لە بەرهەمەکانیان تێبگەین وەک:

**ڕەمز لای شاعیرانی هاوچەرخی کوردی بەهەموو جۆرەکانیانەوە، خاوەن چەندین تایبەتمەندی خۆیانن، لە بواری ئەرک و ڕۆڵی لە چوارچێوەی شیعرەکانیاندا**

١- شاعیرانی کورد تا ڕادەیەکی زۆر لەکەشێکی ئاینیدا پەروەردەبووینە بۆیە لە بەرهەمەکانیان ڕەنگی داتەوە و زاڵتر لە جۆرەکانی تر، سەربازی کەشە ئەفسانەییەکە کە لە ئاکامی ناهەمواری بارودۆخی کورد بۆتە بەشێکی گرینگی پێکهاتەی کەسێتی تاکی کورد.

٢- ڕەمز لای گەلێ لە شاعیرانی نەبۆوەتە ئامانج، بەڵکو زیاتر سروشتی بابەتەکە و پێویستیەکانی جۆری ڕەمز و خستنەڕووەکەی دیاری کردووە.

٣- ڕەمز لای شاعیرانی هاوچەرخی کوردی بەهەموو جۆرەکانیانەوە، خاوەن چەندین تایبەتمەندی خۆیانن، لە بواری ئەرک و ڕۆڵی لە چوارچێوەی شیعرەکانیاندا، کە زیاتر بارودۆخی گشتی کوردستان پاڵپشتی دەرکەوتنیان بووە.

**هێنانەوەی "دار" وەک ڕەمزێک بۆ "بەرهەم" و لە پاڵ شیعردا کە ئەمیش پەیامێکی مرۆڤایەتی دەنوێنێت**

٤- ڕەمزەکان زیاتر ڕەمزی گشتی و باوەکانن، بەڵام بەگۆرانکارییەوە وەرگیراون کە بۆ نموونە (عەبدوڵڵا پەشێو) دەڵێ: (من هیچ کات بەکارهێنانی ڕەمزم نەکردووە بەئامانج، مەگەر خۆی بەشێوەیەکی سروشتی لە پرۆسەی داهێناندا پێدزەی کردبێ یاخود دەڵێ: نایێتە بیرم شیعرێکم بەڕەمز بارگران کرد بێ، بەکورتی بەدەگمەن شیعرم هەیە ڕەمزی تێدا بەکار نەهاتبێ لە خزمەتی بیرۆکەکە دابن، کەمتر ڕەمزی تایبەت بەشاعیرێکی دیارکرا و بەدی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا

لای هەندێک لە شاعیران بابەتە باوەکان گەیشتوونەتە ڕادەی بەرزی داهێنان(١٦).

ژمارەیەک هۆکاری جۆراجۆر کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر شاعیرانی کورد دروست کردووە، بەشێوەیەکی بەرچاو وابەستەبووینە کە کە هانا بۆ جۆرەکانی ڕەمز ببەی، بۆ نموونە ئەگەر هەڵوەستەیەک لەسەر ڕەمزی ئەفسانەیی بکەین و بزانین شاعیرانی کورد چۆن ئەفسانەیان وەک ڕەمز بەکارهێناوە ئەویش لەبەر چەندین هۆ: کاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوا لەسەر کورد هەڵبەتە لە ڕێگای زیاتر وەرگێڕانەوە، بەتایبەتی لە ڕێگای زمانی عەرەبیەوە، حەشاردانی واقیع بەپەردەیەکی ئەفسانەیی و ئاشکرا نەکردنی نهێنییەکان لەبەر هەر هۆکارێک، وێڕای دەوردانی شاعیرانی کورد بەچەندین جۆرە فشار وەک: فشاری ڕامیاری، فشاری کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی...... تاد ئەمانە کاریگەری زۆری هەبووە بۆ ئەوەی شاعیر هانا بۆ ڕەمز بەرێت بەتایبەتی ڕەمزی ئەفسانەیی کە یارمەتی پاراستنی نهێنیەکانی شاعیر دەدات.



لەتیف هەڵمەت

بۆ زیاتر ئاشنابوون بەبابەتەکە و ڕەمزی ئەفسانەیی لە شیعری کوردیدا هەندێک نموونە بابەتەکە زیاتر ڕوون دەکەنەوە.

(نەوزاد ڕەفعەت) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ڕەمزی بەکارهێناوە:

**خۆمان شوومین؟**

**یا لەهەنیەمان نوسراوە:**

**دەبێ تاماوین غاردەین و**

**نەگەینە ژێر ئەو ئاسمان؟!**

**نەگەینە ئەو دارستانە؟!**

**ئاگردانێک نەدەین**(١٧)

**نەگەینە پەنایەک بەفرو**

**کرێوە نەیگرێتەوە؟**(١٨)

**دەزانی بۆ لەدێرەوە**

**کۆستی تۆم بە کۆڵەوەیەو**(١٩)

**تا لە بەردی ئازارەکانت هەڵدەگرم**

سەرنج دەدەی شاعیر جۆرە بێ هودەییەک بەڕوکی گرتوەوە دەڵێ ئایا ئێمە هەرشوومین، یا لە ئەزەلەوە لە هەنیەمان نووسراوە دەبێ بەردەوام کۆشش بکەین و غار بدەین بۆ گەیشتن بە ئاسمان، دارستان، ئاگردان، پەنایەک، لێرەدا ئەو وشانەی ڕەمزی جێگیری و هەست کردن بەحەسانەوە و ماڵی سەربەخۆیی وڵاتی دایکە، هەروەها سەرەنج دەدەی شاعیر ئەو بەردەوامی ڕاکردنە بەنیازی گەیشتنە بەئامانج، لەگەڵ جێبەجێ نەبوونی ئەو ڕازانە و ڕەتکردنەوەیان بەهۆی فرمانی نەگەیشتن گیانێکی بێ هیوایی دەخولقێنێ، چونکە سزایەک نییە بۆ کارە نەگونجاوەکان هێندەی دوژمنایەتی چەوساندنەوەی ناڕەوا بەرامبەر نەتەوەکەمان ئەنجام دراوە، هەر بۆیە گیانێکی (سیزف) یانە واتە بەبێ ئەنجام بوون خولقاوە.

د. فەرهاد پیربال لە شیعری سیزیف کە تیادا گوزارشت لە حاڵەتێکی بەرجەستە نەکراو، بێ هیوایی و دووری نێوان ئاواتێکی گەورەی شاعیر وەک تاکێکی کورد و نەگەیشتن بەئاوات، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر ئاواتە خوازە بۆ چرکە ساتێکیش بێ لە باوەشی وڵاتەکەی گوزەر بکات.

**تۆ وەک مۆسیقای**

**وەک خەون**

**وەک وەخت**

**وەک ئاسودەیی**

**هەرگیز ناتوانم لە ئامێزی خۆمت بگرم**

**توند توند بەخۆمەوەت دەگوشم**

**ماچت دەکەم**

**کەچی هێشتا**

**هەزاران فرسەخ[**]**

**هەزاران سەراب**

**لە نێوان دەستی تینوی من و**

**چاوە شیرینە ئاوییەکانی تۆدایە[٢٠]**

تێبینی دەکەی شاعیر کۆمەڵێک ڕەمزی بەکارهێناوە، هەروەها وڵاتەکەی چواندووە بەکۆمەڵێک دیاردەی مەعنەوی بەرجەستە نەکراو وەک: هێنانەوەی (دەست) وەکو ڕەمزی هێز و دەسەڵات و ناوەندی خەبات و هەوڵدان، بەکارهێنانی (چاو) وەکو کانگەو لەتکەر بەواتای ڕەمزی خۆشەویستی کە تینوەیتێ شاعیر دەشکێنێ.

سەرچاوە گرینگەکانی ڕەمزی ئاینی لەنێو شیعری هاوچەرخی کوردیدا لەم خاڵانە گەڵاڵە دەبێت:

١- ئاینە ئاسمانییە پیرۆزەکان و کتێبەکانییان وەک قورئانی پیرۆز.

٢-ئەو ڕەمزانەی پەیوەستن بەهەندێ ئاینی تر و ڕابەرەکانیان وەک: (زەردەشت، مانی، بووزا،... تاد)

٣- پێغەمبەران و گێڕانەوەی ژیان و موعجیزەکانییان، بەتایبەتیش کە ناتوانرێ موعجیزە ڕوون بکرێتەوە، چونکە لە زانستی مرۆڤ بەدەرە.

٤- سروودە ئاینیەکان، دوعا و پاڕانەوە، قوربانی، سوێند خواردن، جەژن و بۆنە ئاینییەکان.

٥- ئەو ڕەمزانەی پەیوەستن بەسۆفی گەری و کەسێتییە مەزنەکانی ئەو بوارە.

٦- پیر و پیاوچاکان، شێخ و ڕابەرە ڕاستەقینەکان.

٧- شوێنە پیرۆزەکان وەک: مزگەوت و، پەرسگاو مەزارەکان.

٨- خەون.

٩- جادوو، نوشتە و کتێب گرتنەوە و خوێندنەوەی پاشەڕۆژ واتە (دەست خوێندنەوە قاوەگرتنەوە).

بۆیە میللەتی ئێمە و کولتووری و ئاین پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە و کۆمەڵگەییەکی ئاینیمان هەیە، هەر بۆیە جیاکردنەوەی ئاینی و نا ئاینی کاریکی ئاسان نییە.

بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ڕەمزی ئاینی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، شاعیرانی کورد زۆر ڕەمزی ئاینیمان کردۆتە ئەنجام و بڵاویان کردۆتەوە، نموونەی هەندێک لەو

شـیـعرانـە بابەتەکـە دەوڵەمـەنتـر دەکـا وەک وەک: شـاعـیـر (لەتیف هـەڵـمـەت) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ڕەمزی ئاینی زۆر بەکارهێناوە و زیاتر پەیوەستـە بەبەکارهێنانی ڕەمزی (مەسیح) بەتایبەتی پەیام موعجیزەکانی لە شیعرەکانیدا ڕەنگیدایتەوە:

**دارێکیان کرد بەخۆڵەمێش**

**شیعری هەموو شاعیرێکی دڵسۆزیان**

**کرد بەلانکەی باڵداری ئێش**

**زەردەشت، بووزا**

**ئیبراهیم، مووسا**

**عیسا**

**محەممەد**

**بەخوڕ گریان**

**نامەیەکی ڕەق و تووڕەیان مۆرکرد**

**بۆ نەتەوە یەکگوتووەکان**(٢١)

سـەیر دەکـەی شـاعـیر هـانا بـۆ ئەو پێـغـەمـبـەرانە دەبا و دەیەوێ زیندوویان بکاتەوە، ئەم هیـوا خواسـتنە بۆ زیندووکردنەوەیان نیشـانەی بێزاری و گۆشـەگیری شـاعیرە و ناڕەزایە بەرامبـەر ڕەفتار فاشـییەکانی ڕژێمی بەغدای دیکتاتۆری لە گۆڕنرا و، هـەروەهـا ناوهێنانی ئەو پێـغـەمـبـەرە جـیـاجیـایانە بۆ ئەوەیە کـەسـێکی ئازادانە و دیموکراسـیـیانە لە ئاکامی مۆرکردنەکەدا دروست بکات، هێنانەوەی (دار) وەک ڕەمـزێک بۆ (بەرهـەم) و لە پاڵ شیعردا کە ئەمیش پەیامێکی مرۆڤایەتی دەنوێنێت.

(شێرکۆ بێکـەس)یش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ناسـراوە بەبەکارهێنانی ڕەمز، هـەروەهـا شاعیر باوەشی لە ئاین کردووە وەک بابەتێکی پیرۆز زۆرتر واقیعی کۆمـەڵگەی کوردەواری و کەسێتییەکان بە کەسایەتییە دینییەکان بەسـتۆتەوە، بۆ ئەوەی بە ناڕاستەخۆ ڕیسوایان بکا بەتایبەتی ئەوانەی لەگەڵ خۆشیاندا ڕاستگۆ نین و قسە و ڕەفتارییان لە یەکتر جییان و بێ هـەڵوێستن:

**هاوڕێکەم هەموو شەوێ کاژێکی تازەی دەرئەداو**

**پشتێکی کەی لەبەرئەکرد**

**بۆ بەیانیش لەوانەکەی مارکسا**(**)

**بەرماڵەکەی محەممەدی ئەکرده کۆڵ**[٢٢]

شاعیر وشەی مارکسی وەک ڕەمزی دەستووری ڕێبازی مارکسیەت بەکارهێناوە، ناوی محەممەد (د.خ) وەک نموونەیەکی کاملّی مرۆڤایەتی دەرخستووە کە نیشانەی ئەو پەڕی ناکۆکی دەبەخشن، کۆ نابنەوە، مەگەر تەنها بۆ خستنەڕووی ئەو جۆرە کەسە ناوازانە بێ کە شاعیر مەرامیەتی، چونکە (مارکس) خاوەن پەیامێکی خودایە و محەممەد (د.خ) خاوەن پەیامێکی ئاسمانی پیرۆزە.

(ئازاد دلزار)ی شاعیر لە شیعری (چاوی یاد) لە گەشتێکی ئاینیدا دەژی و حاڵەتەکەش دەکاتە بەرگی بیرۆکەکەی و نیازی دڵی خۆی دادەڕێژێ:

**لەسەرو سیمای ئێوەوە**
**فریشتەکان**
**یەک یەکە پێغەمبەرەکان دەبینم**
**دەبینم چۆن**
**(عیسا) وا لە خاچ درا**
**ملی (سمایل) دەبینم**
**لەژێر کێردی تازە سا**
**یاقووب بەچاوی مجرۆوە**
**کراسە بەخوێنەکەی یوسف**
**هەڵدەمژێ و دەیکا بەبۆوە**
**برایمی بوتشکێن دەبینم**
**بەبێ باکی بەناو ئاگر مل دەنێ**
**ئەیوب دەبینم بەکرێ**
**کرم دەم لەجەرگی دەنێ**
**محەممەد دەبینم بەشەو**
**کۆچ دەکاو مەککە جێدێلێ**[٢٣]

شاعیر کۆمەڵێک ڕەمزی ئاینی بەکارهێناوە هەر لە (عیسا) وە تا (محەممەد) (د.خ) ئەم ناوانەش هەر یەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەروەها وا لە خوێنەر دەکا کە بەناخی کەسایەتییەکان شۆڕببنەوە و، لە کۆمەڵگەدا نموونەی ئەو سیمایانە بەدی بکەن و بدۆزنەوە،

هەواڵنامەی کتێب

لێرە شـاعـیر پردێک لەو ناوەندە دروست دەکا و بەئامـانجی بەردەوام بوون و بەسـتنەوەی دوو سیاقی دوور لە یەکتر توانەوەیان لەنێو یەک سیاقی چڕتردا.

(کوردستان موکریانی) هەر سـەبارەت بەڕەمزی ئاینی چووەتە ناو قوڵایی و لە شیعرێکدا باسی خەون دەکا و باسی چاکێک دەکا ئەگەر ئاواتەکەی بێتەدی، هەروەها باس لەوە دەکا کێشە هەبێ دەتوانرێ **چارەسەر بکرێ:**

**پەیمانە.. مەرجە.. نەرزە**
**چاکی سەر گردی(**)**
**ئەگەر ئەو خەونەم بۆ هاتەدی**
**نیازم وایە**
**ئاوریشمی سەوزت بۆ بکڕم**
**سەری بەرخێکت بۆ ببڕم**
**دەخیلتم چاکی سەر گردی**
**ئیتر بەس بێ**
**بێ ئومێدی**
**دەبا خەونەکەم بێتەدی**
**سەری بەرخێکت بۆ ببڕم(٢٤)**

هەواڵنامەی کتێب

ئەم سـەر بڕینە ڕەمزی قوربانییە، قـوربانیش ڕەگ و ڕیشـەیەکی مـێژوویی دێرینی هەیە، هەر لەو کاتەدا (قابیل وهابیل)(**) قوربانیان پێشکەش کرد دواترش بوو بە ئەلتەرناتیـڤی حەزرەتی ئیسماعیل، ئەمەش ڕەمزێکە پێوەندی مرۆڤ بەیەزدانەوە گرێ دەدات.

ئەم دیاردەیە لەنێو شیـعری هاوچەرخیشدا ڕەنگی داوەتەوە، گەلێک دەسـتەواژەی تایبەت بەم بوارە هەیە، بـۆ نموونە شـەهید بوون واتا قـوربـانیدان لە پێناو بەهایـەکی پیرۆز و باڵا، یان مـەرگم پێش مـەرگت کـەوێ، یا کۆمـەڵ کوژی بەتایبـەت ئەنفال، کیمیـابارانی هەڵەبجـە ئەوەی دەوترێ قوربانیدان ڕەمزی خۆشەویستی و ڕووبەڕووبوونەوەیە.

**پەراوێزەکان:**

(١) پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خواروو کوردستانی عێراق (١٩٧٠- ١٩٩١).

(٢) هنری بییر: الادب الرمز، تخنری زغیب، ط ١، منشورات عویدات، باریس ١٩٨١، ل٧.

(٣) د. محمد فتوح أحمد: الرمز والرمزية في المعاصر، ط٢، دارالمعارف القاهر، ١٩٧٨، ص ٣٣.
(٤) د. كامل بەسیر: ڕەخنەسازی (مێژوو پەیرەوکردن)، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٣.
(٥) ابن منضور: لسان العرب، المجلدالخامس، داربيروت لطباعة والنشر، بيروت ١٩٦٨، ص ٣٦٥.
(٦) محمد شفيق غربال: الموسوعة العربية المسرة، دار شعب مؤسسة النشر القاهرة، ص ٧٩٨.
(٧) نصرت عبدالرحمن: النقد الحديث، دراسة في المذاهب نقدية، عمان ١٩٧٩، ص ١١٩.
(٨) الأسس المثالية ورمزية الفعل الإجتماعي: مصطفى دندشلا، مجلة الباص، ١٩٨٣، ص ٨٧–٨٨
(٩) روز غريب: تمهيد في نقد حديث ط١، دار المكشوف، بيروت، ١٩٧١، ص ٢٢٩.
(١٠) د. درويش جندي: الرمزية في مكتبة نهضة مصر قاهرة الأدب العربي، ١٩٥٨، ص ١٤٣.
(١١) ستانلي هايمن: نقد الأدبي، ت: د. إحسان عباس و محمد يوسف، ١٩٥٨، ص ١٦٣.
(١٢) محمد فتوح: الرمز والرمزية في شعر المعاصر، ط٢، دار المعارف، القاهرة ١٩٧٨، ص ٤٨
(١٣) پەخشان سابیر، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی – کوردستانی خواروو (١٩٧٠ – ١٩٩١) نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، ساڵی ٢٠٠٢.
(١٤) إبراهيم العريض، جولة في الشعر المعاصر، دار العلم للملاين، بيرت ٩٦٢، ص ٣٦٥.
(١٥) کەریم دەشتی، گۆڤاری ئێستا، ژمارە ١٢، ساڵی ١٩٩٨، لا ٥٧.
(١٦) پەخشان سابیر، نامەی دکتۆرا، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا– کوردستانی خواروو (١٩٧٠– ١٩٩١) لا ١٥١.
(١٧) نەوزاد ڕەفعەت، ئێواران هەور دەسووتێ، ١٩٧٧–١٩٧٨.
(١٨) نەوزاد ڕەفعەت، دارستانی ئەو بنارە، لا ٨.
(١٩) سەرچاوەس پێشوو، لا ١١.
(**) فرسەخ لە کوردی (فەرسەخ)ە، ئەندازەیە بۆ ماوە پێوان.
(٢٠) سیزف، شیعری فەرهاد پیرباڵ، ١٩٦١.
(٢١) لەتیف هەڵمەت، وشەی جوان گوڵە گوڵ، لا ١٢.
(**) کارل مارکس، (١٨١٧–١٨٨٣) خاوەنی سەرمایە تیۆرەکەی بوو دەستووری سیستەمی شیوعی و مارکسیەت.
(٢٢) دیوانی «شێرکۆ بێکەس»، لا ٣٠٤.
(٢٣) «ئازاد دلزار»، ڕێچکەی خوێن، چ١، ستۆکهۆڵم، سوید، ١٩٩٤، لا ١٤٠.
**(**)** گلکۆی پیاو چاکێکە لە شەقلاوە، نموونەی ئەو جۆرە گلکۆیانە لە کوردستان زۆرن.
(٢٤) د. کوردستان موکریانی، گۆڤاری هەولێر، ساڵی ١٩٧١، لا٦٠–٦١.
(**) لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە هابیل و قابیل قوربانیان پێشکەشی یەزدان کرد، هی هابیل وەرگیرا و هی قابیل وەرنەگیرا، بووە مایەی سەرهەڵدانی ناکۆکی و لەناو بردن، ئەم دیاردەیە پەرەی سەند تا مرۆڤیشی گرتەوە، بەڵام بەهۆی ئیسماعیل ئەم قورساییە لەسەر مرۆڤ لابرا، کاتێ فەرمانی پێدرا لەبری (ئیسماعیل) ئاژەڵێک بکاتە قوربانی، وەک لە ئایەتەکانی قورئاندا هاتووە، سورەتی (المائده) ئایەتی (١٧–٣٠).

هەواڵنامەی کتێب

# خلۆربوونەوەی موورووە ڕەنگاوڕەنگەکانی خەیاڵ..
# لای کەژاڵ ئیبراهیم خدر

دڵشادی عومەرکاکی

delshad 94@hotmail.de

**لە شیعری «ڕۆحم کڵپە دەگرێ»ی کەژاڵ ئیبراهیم خدر تێڕامان بەدیار تەمەنی ماچێکەوە، کەژاڵ خەون بۆ کچەکان دەبینێ و لەماڵی شیعردا پەرت وبڵاوە.**



کەژاڵ ئیبراهیم خدر

بەدیار تەمەنی ماچێکەوە
چەندین جار
پەنجەرەی ڕۆحم کڵپە دەگرێ
کاتێک ماچێک ئاوێزانی
جەستەم دەبێ
تینووم وەک گەڵای دارێک
(وەک شنەی شەماڵی بەیانیان)

سادە وەک تەماشاکردن بۆ درەختێ، وەک وێنەکێشانی.. کۆمەڵێک وشەی سادە کەژاڵیش ئاوها لەگەڵ. بەڵام پڕ لە دیمەن.. هونەرمەندێک بەچەند هێڵێک ساکار حەز و حەسرەتەکانی لە خەو هەڵدەستێ و ڕۆح لە پەنجەرەیەکدا بەرجەستە دەکات پەنجەرەکە

ناسکترین و ئاویترین دەرگای بینینە لە دیدەی کەژاڵدا کچەکان.. و کچەکان بەهەڵمی هەناسەکانیان ماچ بەسەر.. سەریان ناوە بەپەنجەرەکانەوە شووشەکانەوە جێدەهێڵن ماچی هەناسەیەکی سارد، کەژاڵ کڵپە بەرئەرداتە پەنجە ماچ بەپێچەوانەی درختێکەوە لە ڕەگەوە دەست پێ ناکات، لە گوڵی لێوەکانە.. ڕەگەکان ئاوێزانی جەستە دەبێت و لە خەونێکەوە دەبێتە ئەلکترۆنە گەرم و گڕگرتووەکانی. وە کەژاڵی.. جەستە شەلاڵی بروسکە و ڕۆحیش کەیل دەبێ بەو ماچە.. نێو جەستەو سۆناتاکانی کچێکە و لە پەرچەکرداری.. شاعیریش لەپاڵ خەونی کچەکاندا. بێهودە سەر بەماڵی شیعردا دەکات و (یەئس) دەڵێ:

**تینووم وەک گەلای دارێک**

**وەک شنەی شەماڵی بەیانیان**

**کە ماچت دەکەم**

**دڵم خاڵییە لە پشکۆی ڕق**

**ڕۆحم وەک ئەستێرە ڕەنگینە و**

**زریان دەبێتە هەوایەکی فینک**

.. ئێتر دڵ خاڵی دەکاتەوە لە ڕق.. لەم پارچەیاندا کەژاڵ ماچ بە بەرائەت دەسپێرێ (دور و دۆست) دوو وشەن.. پەیوەندی ڕۆح و ئەستێرەش پێوەندییەکی قوڵ و دێرینە ڕەنگینی ئەستێرە لە شێوەدا نییە، ئەو ڕەنگە بەرجەستە دەبێ و لە ڕۆحدا. هی یەکن دەڵێ ئەوە بەرائەتی.. (زریان دەبێتە هەوایەکی فێنک) لە گوزارشتی دواییدا. دەژی هەموو شتێک ئارام و هێمن دەکاتەوە، وەک پەیامێکی ئاشتی تەماشای (ماچە) تەماشا ملوانکەکەی.. ماچ دەکات، مووروەکانی خەیاڵی کەژاڵ ئالێرەدا خل دەبنەوە. کەژاڵ چۆن دەپچڕێ و لە ماڵی شیعری خۆیدا چۆن پەرت و بلاو دەبێتەوە.

کەژاڵ بەسەر وشەکانیدا هەناسە سوار تیژ. تەماشاکانی شاعیر چیرۆک ئامێزن تێپەرە، گەر جێگۆڕکێیەک بەڕستە و گوزارشتەکانی بکات دەشێ خوێنەر بۆ بەردەم وێنەیەکی شیعریی جوانتر ڕاکێشێ، ئەمەش کارکردنە لە فۆرم و دیزاینی. شیعردا کە زۆر لە شاعیرەکان ڕێنمایی ناکەن

**کە ماچت دەکەم**

**لێوەکانم دەبێتە نیشتمانێکی شیرین**

**پێڵووی چاوەکانم دادەخرێ و**

هەواڵنامەی کتێب

### گەڵای پایز هەڵدەوەرێ

کەژاڵ دەتوانێ، لە ماچێکدا سەدان وشە و دەیان ڕستە وێناکات بەڵام لە ماچێکدا و بە دوو وشە ڕووبەری شادمانی فراوان بەقەد پانتایی خەونەکانی، لە نیشتمانێکدا جێگا دەکاتەوە دەشێ تامی نیشتمانێ لە شیرینی بەلێوەکان و لە ماچێکدا جێگای ئەوە هیچ سەرنجێکی ناوێ، وێنەیەکی.. (پێڵووی چاوەکانم دادەخرێ) ببێتەوە.

گەڵای پایز هەڵدەوەرێ).. لەوەش ڕۆمانسیتر و لە دوای داخستنی پێڵوی چاوەکانەوە.. وەرێ.

ئیتر شاعیر لەسەر ئەو شێوە و ستایلە نامێنێتەوە، حەزی بە دووبارەبوونەوەی وێنەی نییە (کە ماچت دەکەم) دێت باس لە ماچ خۆی دەکات.

تۆ ئەی ماچ.. دیاریەکانت بەباڵندەیەکی سەرمەستا بنێرە
(............. .......... ..........
لە کاتێکدا ماچت دەکەم
.. عەشق دەبێتە ئەستێرە و مانگ
......... ......... ............
کاتێک بەدوو لێوم ماچت دەکەم
.. فریشتەیەک خۆ بەماڵی دڵما دەکا و
............. .......... ..............

هەواڵنامەی کتێب

شیعر لای ئەم.. کەژاڵ لە وێستگەیەک دەچێ کە شیعر و ژیانی چاوەڕوانە ژنە نازەنینەی کە ماڵداری بەوشەکانەوە دەکات، بووە بەغەمی ڕۆژانە، ئاخۆ ئەم زۆر سەرکردنە سەر شیعر و زۆر غەمی شیعر نووسینە، گلەیی کردن نەبێ لە ژیان.

دەشێ کەژاڵیش خەون بۆ کچەکان ببینێ و بەگلەیی و گازاندە گوێی ژیان بئاخنێ نا،، نەوەک ماڵی.. دواچپەم بۆ زۆر نووسینیش.. و ماچەکانی بەلێوی شیعرەوە بنێ. شیعرت پەرت و بڵاو بێ.

**ئەڵمانیا** -19/MAY-2008

دیدار




بەکر شـوانی

# بەفر هەموو جێیەکی داپۆشیوە






**بەفر یەک لە کەرەسەکانی نووسینی ڕۆمانەکەم بوو. بەهۆی بارینی بەفرەوە بیرم دەکردەوە کە پێویستە شارێکی دوورە دەست و کەمێک دابڕاو لە تورکیا و لە جیهان بدۆزمەوە**

کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕۆمانی "بەفر"ی نووسەری تورک ئۆرهان پاموکم بە تورکی خوێندەوە، هەر ئەو کاتە هەستم کرد ئەم ڕۆمانە کۆمەڵێک ڕەهەندی ئەوتۆی تێدایە کە بە وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی، دەیکات بە شارێکی مایەی ڕەزامەندیی خوێنەران و ڕەخنەگرانی کوردستان. ڕاستییەکەی هەرواش کەوتەوە. ئەوە بوو دوای وەرگێڕانی ڕۆمانەکە و چاپ کردنی لە دەزگای ئاراس لە پایزی ٢٠٠٧دا، ڕەخنەگران و خوێنەرانی کوردستان بایەخێکی زۆریان پێدا. بایەخێک، کە زۆر بێ وێنەیە لە مێژووی وەرگێڕانی کوردییدا. تا ئێستا کە هێشتا ساڵێک بەسەر چاپ و بڵاوکردنەوەی "بەفر"دا تێ نەپەڕیوە، بەدەیان وتار لەبارەی ڕۆمانەکەوە نووسراون. ئەمە جگە لەو هەموو پێوەندیی تەلەفۆن و ئیمایلەی کە لە خوێنەرانەوە پێم دەگات.

**ڕۆژنامەنووسانی قارسیش لەڕێی گوێگرتن لە بێتەلەکانی پۆلیسەوە دەیانزانی من بۆ کوێ دەچووم**

ئێستا لە کاتێکدا لە دەزگای ئاراس تەدارەک بۆ چاپی دووەمی ڕۆمانی "بەفر" ساز دەدەین، بە پێویستم زانی دیمانەیەکی ئۆرهان پاموک لە تورکییەوە وەربگێڕم کە باس لە چۆنێتیی ڕۆمانەکەی دەکات. پاموک بەر لەوەی بیرۆکەیەک هەڵبژێرێ و بیکات بە کەرەسەی ڕۆمان، چەندین ساڵ سەرقاڵی لێکۆڵینەوە دەبێ و نەخشەی بەش بە بەشی ڕۆمانەکانی دادەڕێژێ. ئەو تا ئێستاش لەسەر کاغەز دەنووسێ و لە نووسینیشدا قەڵەم پاندان بەکار دەهێنێ. هەروەک چۆن لە تەلەفزیۆندا سەیری فیلمێک دەکەین و دواتریش فیلمێکی بەڵگەنامەیی دەبینین کە چۆنێتی بەرهەم هێنانی فیلمە سەیر کراوەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، پاموکیش لەم دیدارەدا هەندێک لەلایەنەکانی چۆنێتی نووسینی ڕۆمانی "بەفر" دەخاتە ڕوو.

**ڕەوشی خۆم لەگەڵ دۆخی (کا)ی قارەمانی ڕۆمانەکەمدا یەکدەگرێتەوە**

*** بۆچی ئۆرهان پاموک لەپڕ بڕیاری دا ڕۆمانێک بنووسێ**

هەواڵنامەی کتێب

**که تا ڕادەیەکی زۆر سیاسەتی ڕۆژانە لەخۆ دەگرێ و بۆچی ڕۆمانەکەی لە قارس نووسی؟**

– لەوانەیە "بەفر" سیاسەتی ڕۆژانە لەخۆ بگرێ، بەڵام بناغەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە لەوە قوڵترە و ڕیشەکەی لە کۆی هەوڵەکانمدایە بۆ مۆدێرنە بوون... ٦–٧ ساڵ بوو ئەم چیرۆکەم لە خەیاڵدا بوو. دەمویست ڕۆمانێک بنووسم کە لە دەرگای تەوەرەکانی وەک ڕۆژهەلات، ڕۆژئاوا و ئیسلامی سیاسی و مۆدێرنە و بەرهەڵستکاریی کۆمەڵگا بکات. هەستم دەکرد دەتوانم ئەم بابەتانە لەگەڵ بارودۆخی ئەم ڕۆژگارەدا بگونجێنم. لە کاتێکدا سەرقاڵی بیر کردنەوە لە نەخشەی نووسینی ئەم ڕۆمانە بووم، بەفر یەک لە کەرەسەکانی نووسینی ڕۆمانەکەم بوو. بەهۆی بارینی بەفرەوە بیرم دەکردەوە کە پێویستە شارێکی دوورە دەست و کەمێک دابڕاو لە تورکیا و لە جیهان بدۆزمەوە.



*** ئێ خۆ ئەنقەرەش دەبوو؟**

– بێگومان ئەنقەرە یان شارەکانی سەر دەریای ئیجە دەستیان نەدەدا. بەڵام ئەو کاتە بیرم دەکردەوە کە لەوانەیە شاری "کاستامۆنو" بۆ پرۆژەکەم لەبار بێ. وەلێ شاری قارس کە ٢٨ ساڵ پێشتر سەرم لێ دابوو و دوو ڕۆژ تێیدا مابوومەوە، بەهۆی بەفر و هەستی شاعیرانە و جوانیی تایبەت بە بەفرەوە، لە خەیاڵمدا مابووەوە. لە ئاکامدا و دوای لێ بوونەوەم لە نووسینی ڕۆمانی "ناوی من سوورە". بڕیارم دا ڕووداوەکانی ڕۆمانی "بەفر" لە قارس بگوزەرێن. لەو شارە هیچ ناسیاو و دەوروبەرێکم نەبوو. لە کتێبدا خوێندبوومەوە کە بزووتنەوەی چەپایەتی لەوێ تا ڕادەیەک بەهێزە. هیچ پێوەندییەکەم نەبوو. بەڵام لە خەیاڵی خۆمدا بڕیارم دا: دەڕۆمە ئەوێ، بەجۆرێک لە جۆرەکان لەوێ جێگیر دەبم، دەمێنمەوە، تێبینی تۆمار دەکەم، ئاشنای خەڵکی دەبم



و ئەو چیرۆکەی کە لە خەیاڵمدایە، لە قارس زەمینەی بۆ دەدۆزمەوە.

*** بەسەر یەکەوە چەند لە قارس مانەوە؟**

– لە ماوەی دوو ساڵ و نیودا پێنج جار چوومە قارس. لە سەردانی یەکەممدا خەڵکانێکی زۆر هاوکارییان کردم. لە سەرەتادا درۆیەکی بچووکم لەتەک خەڵکی قارسدا کرد. زەفەر موتڵو دەیویست ناوبەناو شتێک بۆ ڕۆژنامەی "سەباح" بنووسم. منیش جاروبار وتارێکی خۆم دەدایە ڕۆژنامەکە. ڕاست و ڕەوان پێم گوت دەمەوێ ڕۆمانێک بنووسم کە ڕووداوەکانی لە قارس دەقەومێن. پێشم گوت: "بەڵام لە شارێکدا کە ئاشنای نیم و دۆست و برادەرمی تیایدا نییە، شەرم دەکەم بڵێم من هاتووم بۆ ئەوەی ڕۆمانێک لەبارەی ئێوەوە بنووسم." زەفەر موتڵو هاوکاری کردم، کارتێکی ڕۆژنامەوانیی کاتیی بۆ دابین کردم و هەموو کەسێکی، بە والیی قارسیشەوە، لە هاتنم ئاگادار کردەوە. قارس تەلەفزیۆنێکی ناوخۆیی هەیە کە وردەکارییەکانی لە ڕۆمانەکەشمدا جێگەیان کراوەتەوە. کارمەندانی ئەو تەلەفزیۆنە لە یەکەم ڕۆژی سەردانەکەمدا ڕایانگەیاند کە ئۆرهان پاموکی ڕۆماننوس هاتووە بۆ شارەکەمان. منیش هەر ئەو ڕۆژە لە تەلەفزیۆنی ئەواندا دەرچووم. ئەو کاتە هەڵبژاردنی شارەوانی لە ئارادا بوو. لە تەلەفزیۆندا گوتیان من ڕۆژنامەنووسێکم لە ئەستەنبوڵەوە هاتووم و دەمەوێ پێش هەڵبژاردنەکان چاوم بەهەموو کەسێک بکەوێ. بە تێپەڕ بوونی کات، قارسییەکان لەتەک مندا ڕاهاتن. هەموو پارتەکان دەیانگوت با سەرێک لە ئێمەش بدات.

*** گرفت و ئاستەنگ نەهاتە ڕێتان؟**

– هەر لە HADEP وە تا بە پارتی ڕەفای ئەو سەردەمە دەگات، سەردانی بارەگای هەموو پارتەکانم کرد. من دەڕۆیشتم و پۆلیس بەدوامەوە بوون. ڕۆژنامەنووسانی قارسیش لەڕێی گوێگرتن لە بێتەلەکانی پۆلیسەوە دەیانزانی من بۆ کوێ دەچووم. بەشێکی زۆر لەو وردەکارییانەی کە دواتر لە ڕۆمانی "بەفر"دا جێیان بووەتەوە، هەر لە ڕۆژانی سەرەتای هاتنمدا بوو بۆ قارس بەسەرم هات.

*** (کا) کەمێک هەر خۆشتانن؟**

– ڕەوشی خۆم لەگەڵ دۆخی (کا)ی قارەمانی ڕۆمانەکەمدا یەکدەگرێتەوە: کەسێکم لە نیشانتاشی یان ئەستەنبوڵەوە دەچمە شاری قارسی بە خۆم نامۆ. بەڵام قارەمانەکەم زیاتر نوقمی ڕووداوەکان دەبێ، من کەمێک زیاتر لە دەرەوەی ڕووداوەکان دەمێنمەوە. ئەو



# قارس.. ئای كه شوێنێكی جوانه

چەواڵنامەی كتێب

چیرۆكەی لە خەیاڵمدا بوو، دەمویست بەتەنیا باس لە قارس نا، لە هەموو توركیا بكات. ڕاستییەكەی، قارس بە بەفرەكەی و بە جوانیی خۆیەوە، بۆ من وەك نموونەیەك وایە. دوای هەر گەڕانەوەیەكم بۆ ئەستەنبوڵ، دەمگوت: "ئای كە شوێنێكی جوانە!"... بەڵام لەلایەكیش دەمویست وەك جیهانێكی بچووككراوە نموونەیەك بێ بۆ هەموو توركیا.

*** بەڵام شارێكی غەمگینیشە؟**

– شوێنێكە هەندێ جار لە ڕادەبەر دڵگیر و ناو بە ناویش غەمگین و لە هەموو جیهان دابڕاوە. شارێكە خاوەن توانای بێ سنوور و هەستێكی وا لە هەناومـاندا دەوروژێنێ وەك ئەوەی كەسانێكی تایبەت بین. بەڵام لەلایەكی دی، هێلانەی نەتەوەپەرستان و گروپچییانە و سەرزەمینێكە بۆ چاو لەیەك سوور كردنەوە و توند و تیژی. مرۆگەلی قارس بریندار و هەستیارن و ئامادەن دەسبەجێ پەلاماری یەكدی بدەن. بۆ ئەوەی باس لە شوێنێكی لەو جۆرە بكەم، چوومە شاری قارس. كت ومت وەك قارەمانی ناو ڕۆمانەكەم، منیش لە ڕۆژێكدا كە بەفر دەباری، لە ئەرزەرووم سواری پاس بووم.

*** ئەرێ ئەو ناوانە هەموو ڕاستین؟ ناوی کۆڵانەکان، شەقامەکان؟**

– هەر هەمووی ڕاستە. کاتێک لە قارس گیرسامەوە، سەرەتا مارکەیەکی تری ڤیدۆم هەبوو، دواتر ڤیدۆیەکی تر... ڤیدۆی جۆربەجۆر و کامێرام کڕی... هێندەم هەبوو، لێم زیاد بوو. دیدارم لەگەڵ خەڵکیدا ئەنجام دەدا. ١٥–١٦ سەعات کاسێتم پڕ کردەوە... لەگەڵ هەمووواندا دووام تا ڕادەیەی ئەوەی کە هەر کەسێک ئیدی هەمان شتی دووبارە دەکردەوە. هەژارترین گەڕەکەکانی شارم بەسەر کردەوە.

**لە (کا)ی قارەمانی سەرەکیمدا شتێک لە خۆم هەیە. چەند ڕەهەندێکی هاوڕێی شاعیر و خۆشەویستم شەوکار ئالتینەل–یشی تێدایە**

*** چۆن لە قارس پێشوازیتان لێ کرا؟ بە چاوی ڕۆژنامەنووسەوە بۆ ئێوەیان ڕوانی، یاخۆ لە ئاکامدا هوشیار** بوونەوە؟

– ڕۆشنبیران دوای ماوەیەک هوشیار بوونەوە. دواجار کە بۆ وێنە گرتن چوومە قارس، کاتێک وێنەگر مانوێل چتاک کە چەند جارێک بۆ وێنەگرتن لەگەڵمدا هاتبوو، لە چایخانەی "بیرلک" خەریکی وێنە گرتن بوو، یەکێک لەوانەی لە چایخانەکە دانیشتبوو، بێ ئەوەی هەست بکات کە مانوێل گوێی لە قسەکانێتی، گوتی: "ئەرێ ئەمە زۆر هات و چوو. باشە لەو ماوەیەدا ڕۆمانێک دەنووسرێ؟" بەڵێ، دواتر هەستیان کرد برغووەکانمان شل بووەتەوە. هەروەها لە هەموو هاتنێکمدا گازندەیان لە هەمان ئەو شتانە دەکرد: "ئەی ڕۆژنامەنووس، نرخی غەڵوز ئەوەندە بەرز بووەتەوە، کارگەی شەکر دەدرێتە کەرتی تایبەت، تانسۆ چیلەر ئاژەڵداریی لەناو برد، ئەو قەرزانەی بۆ شاری ئێمە تەرخان دەکرێ، دەدرێ بە شوێنانی تر..."

**جێی داخە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە قارس یان لە تورکیا بەختەوەر بێ، پێویستە بچێتە ناو گەمەی سیاسەتەوە**

*** کەواتە ئێوەیان زیاتر بە ڕۆژنامەنووس دەزانی نەک ڕۆماننووس؟**

– ئەو ڕۆشنبیرانەی کە ئاگاداری پێشهاتەکانی ئەستەنبوڵ بوون، یاخۆ لاوانی کوردی شارەزای سیاسەت و خوێندەواری قارس دەیانزانی من کێم. بەڵام کەسانی بێکاری ناو ئەو چایخانانەی کە من ڕووم تێ دەکردن، منیان نەدەناسی. ژمارەی دانیشتووانی قارس نزیکەی ٩٠ هەزارە، بەڵام ٢٠٠ چایخانەی تێدایە...

*** ئەرێ ئەوە لە ڕۆمانەکەشدا پەیتا پەیتا ڕووبەڕووی دەبینەوە... بۆچی قاوەخانە نا، چایخانە؟**

– بەوانە ناڵێم قاوەخانە، چونکە لەبەر گرانیی، لە هیچ کامیاندا قاوە نافرۆشرێ. لە چایخانەکان بەگشتی منیان بە ڕۆژنامەنووس دەزانی. جاروبار کە لەگەڵ خەڵکەکەدا دیدارم ئەنجام دەدا، هەستم دەکرد پێویستە ئەو کارتی ڕۆژنامەگەرییە نیشان بدەم کە لە ڕۆژنامەی "سەباح" وەرم گرتبوو. جارێک کارتەکەم نیشانی منداڵێک دا. منداڵەکە گوتی: "ئاها، ئۆرهان پاموک! مامۆستاکەمان لە دەرزدا باسی ئێوە دەکات." بەوجۆرە دۆست و ناسیاوم پەیدا دەکرد.

*** ئایا لە "بەفر"دا تا چ ڕادەیەک ئۆرهان پاموک هەیە؟**

– لە (کا)ی قارەمانی سەرەکیمدا شتێک لە خۆم هەیە. چەند ڕەهەندێکی هاوڕێی شاعیر و خۆشەویستم شەوکار ئالتینەل-یشی تێدایە... بەڵام بۆ نموونە، شەوکار لە بەریتانیایە، هاوسەری هەیە و پێوەندیی بە سیاسەتەوە نییە، ئەمە لە کاتێکدا پاڵەوانەکەی من لە ئەڵمانیایە، کەسێکی سەڵتە و لە سیاسەتەوە گلاوە. پێم وابێ زیاتر خۆم لە قارەمانەکەمدا دەبینمەوە. هەرە زۆریش لە قارەمانە خەیاڵییەکەدا. ئەو تەنیایە و لە تورکیا دوور کەوتۆتەوە، یان دەستی بە دوور کەوتنەوە کردووە...

*** باشە ئەگەر مرۆڤ لە ئەستەنبوڵ دابنیشێ، بەواتای دوور کەوتنەوەیە لە تورکیا؟**

– لەم ڕووەوە جۆرێک لە خۆشاردنەوە لە پشت (کا)وە بەدی دەکرێ. ئەوە نییە نەتەوەپەرست و کەسانی سەر بە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و ئەو دەوروبەرانەی کە بە لایەنگیری کردن لە ئیسلامی سیاسی تاوانبارم دەکەن و ڕەخنەم لێ دەگرن، دەڵێن: "وەک بیانی وایە... زۆر تورک نییە... لە ئێمە ناچێ..."

*** چەپە ڕۆشنبیرەکانیش هەمان شت دەڵێن؟**

– بەڵێ. ئەو تایبەتمەندییەی من کەمێک بە لێ زیاد کردنەوە لە (کا)دا هەیە. (کا) دوازدە ساڵ بوو لە ئەڵمانیا دەژیا و هیچ پەرۆشی ژیانی ئەوێش نەبوو. بێگومان دێتەوە بیرتان،

جاران پیاو لە ڕوو دادەما و دەیگوت: "دە باشە، دەتوانی ناوی من وەک سەرنووسیاری ڕۆژنامەکە بنووسی." دواتر، پاش بڵاوبوونەوەی وتارێک، تووشی بەڵا دەبی، یان ئەوەتا دەبێ بچیتە گرتووخانەوە، یاخۆ پێویستە سەر هەڵگری. (کا) قارەمانێکی لەو جۆرەیە. دێتە ئەڵمانیا و دەمێنێتەوە. ئەگەرچی زۆر دڵی پێوەیە بۆ تورکیا بگەڕێتەوە، کەچی لەلایەکی ترەوە هێدی هێدی دەبێ بە ئەورووپایی.

**ئەڤینیش دەبێ بە بەشێک لە گەمەی سیاسەت، یان پاڵەوانەکەم سیاسەت وەک بەشێک لە گەمەی ئەڤین بەکار دەهێنێ**

*** ئەگەر پێویست بکات ئەم ڕۆمانە بپۆلێنین، ئایا "بەفر" ڕۆمانێکی سیاسییە؟**

– بە کورتی ڕۆمانێکی سیاسییە، بەڵام ئەوەی دەیەوێ بیخاتە ڕوو، تا کۆتایی هەر سیاسەت نییە. ڕەهەندێکی ڕۆمانی ئەڤینیشی تێدایە.

*** بەڵام وەک بڵێی ئەڤینی ناو ڕۆمانەکەش عەشقێکی سیاسییە؟**

– ئەڤینیش دەبێ بە بەشێک لە گەمەی سیاسەت، یان پاڵەوانەکەم سیاسەت وەک بەشێک لە گەمەی ئەڤین بەکار دەهێنێ. لە چاوی پاڵەوانەکەی مندا سیاسەت شتێکی گرینگ نییە. گرینگ لەکن وی، بەختەوەربوونە لە ژیاندا. چەند جێی داخە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە قارس یان لە تورکیا بەختەوەر بێ، پێویستە بچێتە ناو گەمەی سیاسەتەوە و لەو سۆنگەیەشەوە تێڕوانینی ئەو، تێڕوانینی کەسێک نییە کە بە پلەی یەکەم ئامانجی کاری سیاسی بێ. بۆیە بە داخێکی زۆرەوە دوای بەسەر بردنی چەند قۆناغێکی ژیان، ئەوسا هۆشی بە خۆیدا دێتەوە و حاڵی دەبێ کە بۆ ئەوەی بتوانێ لە ژیاندا بمێنێتەوە، پێویست بووە سیاسەت بکات. هەموو ئەم شتانە پاڵەوانەکەم کەمێک بەرەو خۆپەرستی بەکێش دەکات، بەڵام بڕوای بەمجۆرە شتانە نییە. لەم ڕوانگەیەوە دەکرا بێژم کتێبەکەم سیاسییە، بەڵام "بەفر" نیازی

**هەر جارێکیش کە قارسم بەجێ دەهێشت، دەیانگوت: "چی لە ڕۆمانەکەتدا دەگێڕیتەوە؟" منیش دەمگوت ئەوەی کە ئێوە بۆتان گێڕاومەتەوە**

هەواڵنامەی کتێب

پرۆپاگەندە کردن و دانەوەی دەرزی سیاسیی نییە. لەوانەشە "بەفر" نیشانمان بدات کە لە پشت ئەو سیاسەتە تاڵ و بارگاوی کراو بە توند و تیژی و بێ بەزەیی و بریندارەوە کە لە تورکیا پەیڕەو دەکرێ و شوێنەوار بەسەر ژیانمانەوە جێ دەهێڵێ و ڕۆحمان دەهەژێنێ و ڕەشبینمان دەکات و ئەوەی کردووە بە ئامانج کە هەر کەسێک لە ئێمە نەچێ، بە چاوی سووک سەیر بکرێ و ببوغزێنرێ و لەناو ببرێ، چ جۆرە لەقەفرتێیەکی ڕۆح، ئێش و ئازار، کەرەسەی مرۆڤ و ژیانی هەڵبەستراو و ماددی هەیە.

**ڕۆمانەکەم بە ترس و لەرزەوە نووسی. دەمگوت لەوانەیە لێم بڕەنجێنن**

*** کاتێک ئەم ڕۆمانەتان دەنووسی، ئایا بیرتان لەوە دەکردەوە کە لەوانەیە توندڕەوانی ئاینی، یان ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن لایست یان مسوڵمان، لە خۆتان بڕەنجێنن؟**

– ڕۆمانەکەم بە ترس و لەرزەوە نووسی. دەمگوت لەوانەیە لێم بڕەنجێنن. خەڵکی قارس پێیان گوتم باسی ڕاستییەکانی قارس بکە، تیشک بخەرە سەر بێکاری، بێ توانایی، کوتانەوەی یەکتر لە سۆنگەی ناکۆکی و بەگژداچوونی ئەتنیکی و ئاینی و سیاسیی ناپێویستەوە. هەر جارێکیش کە قارسم بەجێ دەهێشت، دەیانگوت: "چی لە ڕۆمانەکەتدا دەگێڕیتەوە؟" منیش دەمگوت ئەوەی کە ئێوە بۆتان گێڕاومەتەوە. جا ئەوان دەیانگوت: "ئائائا"، بۆ خاتری خوا باسی ئەو شتانە مەکە و سووکمان مەکە." من چیرۆکی تورکیام گێڕاوەتەوە. چونکە ئەوەی لە نووسەر داوا دەکرێ، ئەوەیە.

**چەندین ساڵە دەڵێن هەمیشە بەدوای مێژوودا ڕادەکەیت و بابەتەکانی سەردەم ناکەیت بە کەرەسەی نووسین و لەم ڕووەوە سووکایەتیم پێ کرا**

*** لە بابەتە مێژووییەکانەوە دەروازەیەکتان بەڕووی ئەمڕۆدا کردۆتەوە؟**

– چەندین ساڵە دەڵێن هەمیشە بەدوای مێژوودا ڕادەکەیت و بابەتەکانی سەردەم ناکەیت بە کەرەسەی نووسین و لەم ڕووەوە سووکایەتیم پێ کرا. دە ئەوەتا ئەمڕۆ



وام کردووە و بابەتێکی ئەم ڕۆژگارەم هەڵبژاردووە، بەڵام دڵنیام لەسەر ئەمەش لێم دەچن بە قیندا. لە کتێبەکەمدا ژمارەیەکی زۆر ڕاستیی ئەوتۆم خستۆتە ڕوو کە ئەگەر مرۆڤ لە تورکیا دەست بۆ هەر کامیان ببات، دەڵێ: "هاوار، دەستم سووتا." بەڵام من **لە نووسینی ئەوانەدا مەبەستم نەبووە پەلاماری کەس بدەم، یاخۆ سووکایەتی بە کەس بکەم، بەڵکو ئامانجم ئەوەیە باسی ناخی مرۆڤەکان بکەم** و ڕوونی بکەمەوە بۆچی وا بە ئاسانی دەست دەنێینە بیناقاقای یەکتر و تۆمەت دەدەینە پاڵ یەکدی و خۆبەخۆی خۆمان سزا دەدەین. تورکیا وڵاتێکە لێوانلێو لە تابۆ و قەدەغە. سەوداسەرانی تابۆ و قەدەغە، لێرە و لەوێدا شتێک لە کتێبەکەدا دەدۆزنەوە و پێوەی دەدەن. کاتێک سەرقاڵی نووسینی ئەم ڕۆمانە بووم، **دۆستە نزیکەکانم دەیانگوت: "جا تۆ هەرچییەک بنووسی، هەر پێوەت دەدەن..."**

**جێی داخە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە قارس یان لە تورکیا بەختەوەر بێ، پێویستە بچێتە ناو گەمەی سیاسەتەوە**

**سەرچاوەی دیمانەکە: گۆڤاری کولتوور و هونەری ڕۆژنامەی میللییەت، ٢٠٠٢/١/١٧**

Baker Schwani
Freier / freelance Journalist
Telefon: 00 49 221...
Mobil: 00 49 176 23 33 38 16
Email: bschwani68@yahoo. de
Köln - Deutschland

باس



ئەدیب نادر

# هێوری



**"ئەوەی کە ناتوانێت هیچ لە سێ هەزار ساڵ هەڵێنجێ**
**ئەوە لە دەستەوە بۆ دەم دەژێت.."**

گۆتە

ڕنگە نووسین دەربارەی میلان کۆندێرا کارێکی بێ کێشەبەندیی و سانا نەبێت، چونکە بەر لە هەموو شتێک دەمانخاتە بەردەم شێوە نووسینێکەوە کە بەمانا ترادیسیۆنییەکەی مامەڵە لەگەڵ داهێناندا ناکات و لە دونیاکەیدا دەق دەکاتە ئاوێتەیەکی سەیرو عاجباتی لە واقیع و خەیاڵ و خەونە سەرومڕەکانی مرۆڤ و بەش بەش کردنی دیارو ئاشکرای ئاسۆکانی ژیان و پەیوەندییە دنیاییەکانی. لە ئەزموونی ئەودا کردەی نووسین دەرچوونە یان بەزاندنی سەرجەم ڕێسا باوەکانە و لەپانتایی تێکستەکانیدا ئەوەی بەدی دەکرێت دەبێتە مایەی حەپەسان و وا لە وەرگر دەکات نەتوانێ بیئاخنێتە ئەو قاڵبەوە کە پێشوەخت پێی ڕاهاتووە. یەکێکی تریش لەو مەسەلە بایەخدارانەی کە خوێنەر بە ڕووبەری داهێنانەکانییەوە شەتەک دەدات ئەو پرسیارانەیە کە ئەو تەرحیان دەکات و تایبەتن بە خوێنەر، ئەو هاوبەشێتییە و ئەو ستایلە فرە جیاکار و دانسقەیەی کە بە گۆشەنیگای خۆی لە قاوغێکی ئیبداعیدا ئاشنای دەکات، ئەو پابەندییە سەرسامکەرە بەرجەستە دەکات کە تەنها شاکارەکان وەدی دەهێنن.

خوێندنەوەی کۆندێرا هەندێجار هەستی ئەوەدەرسکێنێت کە ئەم کەڵە نووسەرە پەیژەیەکی تازەی داهێناوە و شێوازێکی تەواو جیاوازی بۆ سەرکەوتن بەسەریدا دۆزیوەتەوە و ئەو شێوازە ئاساییە نییە کە ئێمەی خوێنەر بە جۆریکی میکانیکییانە ڕاهاتووین ئەنجامی بدەین، بۆ شرۆڤە کردنیشی وێناچێت دەربڕینێک شک بەرم کە لە گەشتەکاندا بە دونیای بێ تانوپۆی کۆندرێرا دا دەستگیرۆیی خوێنەر بکات، چونکە قەناعەتم تەنها بەوەیە کە ئەو ڕاڤەکارییە دەکەوێتە ئۆباڵی دەقەکان و هیچی تر.میلان کۆندێرا، کە لە ساڵی ١٩٢٩دا لە چیکۆسلۆڤاکیا لە دایکبووە و هەر لە ساڵی ١٩٧٥ یشەوە لە فەڕەنسادا سەقامگیرە، خاوەن شۆرەتێکی لە چاڵش بەدەر و بێسنوورە و چەندین ڕۆمانی بەناوبانگی هەیە، کە بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان پەرچڤە کراون، لەوانە ڕۆمانەکانی: گاڵتە، عەشقە پێکەنیناوییەکان، ژیان لە شوێنێکی تردایە، ئاهەنگی ماڵئاوایی، کتێبی پێکەنین و لە بیرچوونەوە، نەمریی، ڕۆشنایی لە تامڵبەدەری بوون، هێوری و.. لە شانۆنامەکانیشی: کلیلەکان، جاک و سەروەرەکەی و.. هەروها لە نووسینە نافیکشنەکانیشی (نا داستانییەکانی): کتێبی هونەری ڕۆمان و کتێبی پەیمانە شکاوەکانن .. کە بێگومان ناوبانگێکی جیهانی ئەوتۆیان بۆ دەستەبەر کردووە بەدەربێت لەوەی کە پێداویستی

بە پێناسەی زیاتر هەبێت.

ڕۆمانی "هێوریی" یەکیکە لەو دەقانەی کە کاراکتەرێکی قەشەنگ و لەیاد نەچووی هەیە لە نێو فیکشنەکانیدا و یەکەمین ڕۆمانێتی کە بە زوبانی فەرەنسی و پاش نزکەی پێنچ ساڵ لە نووسین ناوبرِ وەرگرتن بەرهەمی هێناوە و ڕۆمانێکی کۆنتروڤیرشەڵێتی (جیدالی) و دەشێت گەلێک خوێندنەوەی هەمەجۆرە وتوێژی جیدی هەڵبگرێت.

ئەم خوێندنەوەیەش هەوڵێکە بۆ تیشک خستنە سەر هەندێ برگەی ناو ڕۆمانەکە و سەرنج دان لە وردەکارییە سەیرەکان، بەمەبەستی زانینی ئەوەی چۆن چارەسەری ئەو چەردە سەبژێکتە بایەخدارە دەکات کە ئینتەرتواینێک (تێکئالان)ێک لە ناوەوەدا پێکدەهێنن. ئەگەرچیش ئەو لە ڕاستیدا دەیەوێت لە هێورییەوە بدوێت بەڵام هێوری بەرەو باکگراوندی ڕۆمانەکە پاڵدەنێت و خێرایی دەکاتە پاڵەوانی سەرەکی و دەیهێنێتە رووکار و پێشەوە، هەروەکو لە دەقەکەیشدا بەم شێوەیە تۆخ دەبێتەوە: (کاتێک کەشتەکان بە خێرایی ڕوودەدەن، هیچ کەسێک ناتوانێت لە بارەی هیچ شتێکەوە دڵنیا بێت..) تەنانەت (لە بارەی خۆشییەوە) دڵنیا نابێت وئەمەیش بە شێنەیی دەمانگێرێتەوە بۆ ئەو هاوکێشەیەی کە بەم شێوەیە دەقەکە بەرهەمی دەهێنێت: "پلەی خێرایی ڕاستەخۆ لەگەڵ زەبروتینی بیرچوونەوەدا هاورێژەیە.." خۆ دانە دەست ئەم خێراییەش کە دواتر بە (شەیتانی خێرایی) ناوزەدی دەکات لە تایەکەی تری هاوکێشەکەدا کاراکتەر بە بیرچوونەوە دەبەخشێ و بەمەیش بیرکردنەوە کەسێتی خۆی وندەکات و لاواز و کاڵدەبێتەوە و بە یەکجاریش گری ئەو یادەوەرییە دەکوژێنێتەوە کە مێژوو تیایدا ئەرشیف کراوە.

لە سەرەتاوە رووناکی ناکەوێتە سەر تاقە ڕووداوێک، بەڵکو بە چەند لایەکدا پەلدەهاوێت و پەلاماری هەندێ شتی تریش دەدات، کە چاوەڕوان نەکراوانە و بێ ئەجێندایەکی پێشینە لە ژیان و دەوروبەری کاراکتەرەکاندا لە پرۆسەی ڕوودانن.

کۆندێرا تانوپۆی ئەم ڕۆمانەی لە چەند بەسەرهات و دوو چیرۆکی پەرەلێل ڕۆیشتوودا بوونیاد ناوە و بە تێرامانێکی ڕواڵەتییانە لێکدابڕان و مەوداداریی نیشان دەدەن و، کەچی بە کرۆک و ناواخن وابەستەییەکی کۆنکریتانە لە بەینیاندا هەیە و هەر لە خاڵی دەستپێکیشەوە یە خۆشڕەویی ڕێگای ڕسکاندنی ڕووداوێکی تۆکمە و یەکگرتوو دەگرنە بەر و وردە بەسەرهاتەکانیش دەبنە پاڵپشتکەری بەرکەماڵێکی جوان و ئەو چێژ و لەزەتە بە وەرگر دەدەن، کە هەموو دەقێکی داهێنەر و سەرکەوتوو بە پلەی یەکەم وەزیفە و خواست و ئاواتێتی.

کۆندێرا ئەو کاراکتەرە بەرجەستانەی کە ڕووداوە سەرەکییەکان دەرسکێنن، بە جووڵانەوەیەکی فانتازییانە بەو ڕابردووە دێرینەوە پابەند دەکات کە بووەتە بناغەی دەستکەوتە مرۆییەکانی ژیانی ئەمڕۆی ڕۆژاوا و دواسا وەکو سیحربازێک هەنووکە دەکاتە شارە مێروولەیەک و تۆڕی شتەکانی تیادا دەبەستێتەوە و ئەوانیشی تیا قووت دەکاتەوە وەک بڵێی لە خەوێکی هێجگار خۆش بەخەبەریان بهێنێتەوە.

گشت ئەو سەبژێکتانەی، کە ئەم تێکستە دەیانگرێتە خۆی بریتین لەو ڕەهەندە دینامیکییانەی پانتایی ئێستامان دەڕووشێنن، مەنگییەکانی دەشڵەقێنن، ستاتیکەکانی دەبزوێنن و بانگەشە بۆ پرۆتێستۆ و ناڕەزایی دەربڕین دەکەن دەربارەی ئەو ژینگەیەی کە تیایداین و داوای هەوڵدانمان لێدەکەن، بۆ ئەوەی وەکو ئیندیڤیدواڵ ئاستی ڕۆحیی و ژیانیی خۆمان بەرز بکەینەوە و تەرح و خوێندنەوە بۆ ئەو (تابۆ) یانە بکەین، کە هەتا ئێستایش وابەستەی مرۆڤن و ڕەنگە تا دواڕۆژێکی دووریش هەر وابەستەی بمێننەوە. جگە لەمانەش دوان لە ڕەهەندە ستاتیکەکانیش لە میانەی دەربڕینی بزووتنەوە مێژووییەکان و سەرکۆنە کردنی ئێستا و بەراوورد کردنی لەگەڵ ئەوسا (ڕابردوو) دا، دەگاتە ئەو سەرەنجامەی کە مرۆڤی خاوەن کەلەپوورێکی مێژوویی سەربەزکەر، بۆچی ئاوها پاسیڤانە بەرامبەر قەتیسمانی شتەکان دۆشداماوە؟ بۆچی وای لێهاتووە بێ هەڵوێستانە لە ڕووداوەکانی دونیا ڕادەمێنێ؟ بۆچی هێندە تەوەزەلی بەرۆکی گرتووە؟ ئەگەر تەنها چرکەساتێک لەشتەکان تێبفکرێت ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە هەموو ئەوەی کردوێتی (بەتایبەتی دوای بزووتنەوە و شۆڕشە مەزنەکان) گۆڕینی شەقڵەکان بووە و هیچی تر.. هەر شەقڵەکان ئاوا کراونەتەوە، کەچی ڕۆح.. جەخار! خەراباتە و مرۆڤ هیچ کۆششێکی بۆ ئاوەدان کردنەوەی کردووە.

بۆ گەلێک هاووڵاتی ئەوروپایی شتێکی ڕمۆک نییە، کە لەپڕێکا بێزاریی و یەکنەوایی و ڕۆتینییەتی ژیان دەیکەن بە خاوەنی بڕیارێکی ئەوتۆ، کە خۆی دەستبەجێ فڕێبداتە نێو ئۆتۆمبێلەکەی و بەنیازی گەشتێک کە کاتییانە لەو کەشوبایی کە دووری بخاتەوە دەکەوێتەڕێ، بڕیارێکی ئاوایش دەبێتە دەستپێکی ڕۆمانی (هێوریی) و گێڕەرەوە کە نووسەر خۆیەتی (هەروەکو لە بۆتەی دەقەکەیشدا ئاماژە بەوە دەدرێت و دەردەکەوێت) و ڤێرای هاوسەری دەکەونەڕێ و بەرەو ئاواییەکانی دەوروپشتی پاریس داژۆن، بەو هیوایەی بەهرەمەندبن دەگرێ پڕ بێت لە هێوریی و لەسەرخۆیی و ئاسوودە، هەر بە ڕێگاوە ئاماژە کردن بە خەتەرناکیی جادەکان وەکو مەسەلەیەکی جیدی دێتە گۆڕێ و ڕووبەڕووی ئەو تراژیدیایەمان دەکاتەوە کە ستاتیستیکی ساڵانەی ئەو کەسانەی بە ڕووداوی هاتوچۆ لە فەڕەنسادا دەمرن دەخەنە بەرچاو

و لەوێوە هاودژیی لەگەڵ تایتڵی (ناونیشان) ڕۆمانەکە بەرجەستە دەبێت و شیرازەی دەقەکەمان بۆ دەچنێت و تا کۆتایی بەردەوام دێتە ناو دیمەنەکانەوە– وەکو ئەوەی خەون یاخود خەیاڵ یان دەرچوون لەو واقیعە قێزەوونە و چرکەساتە یەکنەواو بێکۆتاییەکانی دووری خستبنەوەو ئەو نیگەرانییە بەردەوامەش وەکو ڕاستییەک بەرهەم دەهێنێتەوە کە بە هۆی ئەو ئاژۆتنە بێباک و بە کەیف و خۆشیی گەمارۆدراوەوە سەرەنجامگیرن. جێ مەبەست شاتۆیەکە پاش تێپەڕینی زەمەنێکی درێژ بەسەر ئەتیکێتە کۆنەکاندا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و بوونەتە ئوتێل، (واتە هەر هەمان شتن و تەنها ناوەکانیان گۆڕاوە!) گێڕەرەوەیش ئەو مێژووەی تێدا زیندوو دەکاتەوە کە ئەو ڕووداو و جموجوولەی چیرۆکی یەکەم دەگرێتە خۆی و و ئێستای لەگەڵدا دەبەستێتەوە، کە گۆڕەپانی چیرۆکی دووەمە و درێژەی ژیانێکە لە دوای کۆمەڵێک وەرچەرخانی گەورەی مێژوویی دەستی پێکردووە و بەردەوامیی هەیە. کۆندێرا لەو قەبارە بچووکەی ڕۆمانەکەدا دەیەوێت ئەوەمان پێرابگەیەنێت کە زۆر گۆڕانکاری بەسەر خووڕەوشت و مۆراڵماندا نەهاتووە و تەنها ڕەهەندە ماتێریاڵییەکانی ژیانمان وەرچەرخانی گەورەی بەسەردا هاتووە، ئەگینا وەکو مرۆڤ هێشتا دوور و تەریب نین لەگەڵ ئەو پێشوەچوونەی کە مادده بۆ خۆی بەرزەفتی کردووە. ئا لێرەوەیە کە زەمەن خۆی بەرجەستە دەکات و ڕەهەندەکانی شایانی شەرعییەت وەرگرتن دەبن.

جێگای ڕووداوەکان تەنها یەک جێگایە و گێڕەرەوەی حیکایەتەکەیش تێڕوانینێکی باڵندانەی هەیە(نەک بەسەر شوێن دا، بەڵکو بەسەر ڕووبەری ئەو زەمەنەی کە بەر لە شۆڕشی فەڕەنسا دەست پێدەکات و هەتا کۆتایی سەدەی بیستەم درێژە دەکێشێت).

تێمەی گشتی دەقەکە خۆشەویستی پێکی دەهێنێت و ڕابردوویەک لە هەنووکەدا سوباتی خۆی جێدەهێڵێت کە بە زەمەنێکی پتر لە دوو سەد ساڵ مەودا وەردەگرێت، بەڵام بە شێوەیەک خۆی دەخوڵقێنێتەوە، کە لە ناواخندا تێهەڵکێش بن و لە مابەینی موتەعالی و بوودەڵەییدا جێگۆڕکێ بکەن. لێرەشدا هاوکات هەروەکو لە دەقەکانی کۆندێرا چاوەڕوانکراوە، دیار خستنێکی بەشکۆ و ئەنالیزەیەکی سامناکی بوونگەرایی خۆی دەنوێنێ و مرۆڤ بریتییە لە چەردەیەک هەست و خواستی ڕەوا و هەوڵدانێکی سەرشەقانە بۆ بەدیهێنانیان، بەڵام ئایا هەرگیز دێنەدی؟

بە شێوەیەکی گشتی لە زۆر شوێندا ئەم ڕۆمانە پۆشاکی ژۆرناڵەکانی گەشتکەرێک لەبەر دەکات و لە زۆر شوێنی تریشدا هاوجۆریی لەگەڵ (وتار) دا پەیدا دەکات و لە پاڵ بیرۆکەی

بنچینەیی دەقەکەدا کە هێورییە – خێرایی و لە پاڵ بە ئاگابوون و حەزەریشدا – لاف لێدان و خۆ دەرخستن – پێکەوە گرێ دەدرێن و ئەم ئێلیمەنتانەیش چەشنی چەند کلیلێکی زۆر گرنگ خۆیان بۆ تێگەیشتن لە ژیانی ئێستا و ژیان بە گشتی لە دونیا هاوچەرخەکەماندا پێشکەش دەکەن و باس لە خەڵکانێکەوە دەکەن و کە ئەستەمە لە ناویاندا پاڵەوانی سەرەکی هەڵبژێررێت، چونکە هەموویان لە پەراوێزێکەوە سەریان هەڵداوە لە نێو جوغزی ئەم ژیانەیشدا پاڵەوانی ڕاستەقینەن و ناکرێت (ئیختیزال) بکرێن و بخرێنە پەراوێزی یەکترەوە یاخود بخرێنە پەراوێزی پاڵەوانێکەوە کە ڕۆشناییەکی زۆر یاوەرێتی و لێی بەهرەمەندە.

زۆرجار کۆنسێنترەی "ترکیز" خوێنەر شەباقەی تێدەکەوێت و بەسەرگشت چەمکە گرنگەکانی ژیاندا پەراگەندەو دابەش دەبێت: خۆشەویستی، لەخشتەبردن، سێکس، مۆراڵ، ئایین، توندوتیژی، چاکسازی، تابۆ، چێژ و لەزەت، دۆستایەتی، ڕابردوو و ئێستا، گاڵتە، ڕۆژئاوا و نارۆژئاوا، ئەفریقا، دیموکراسی، هێدۆنیزم، بەرەڵایی، تۆتالیتاری، گەمارۆ، خیانەت، درۆ، بێباوەڕیی.. ڕاستگۆیی.. تێهەڵکێش کردنی دوێنێ و ئەمڕۆ و تەنانەت دەتوانین بڵێین سبەینێش... کە بەڕاستی دوای ئەو هەموو پەرتبوونەیش، خوێنەر دەتوانێت ستایشی خۆی بەرامبەر بەو جیهانبینییە دەربڕێت کە لە قوڵاییەوە سەرچاوەی گرتووە و لەم دووتوێیەدا گوزارشتی لێکراوە.

بێگومان با جارێکی تریش بگەڕێینەوە سەرەتا و بڵێین گێڕەرەوە بەمەبەستەوە خوێنەر پەلکێشی نێو بیروباوەڕە بەنەگەتیف تەرجەمەکراوەکەی ئەپیکۆر ئەمڕۆی ئەوروپا دەکات و لە چەمکی ڕۆحیی و خواستە باڵاکان دایدەبڕێت و بەلەزەت و چێژ بینییەوە عەوداڵی دەکات، ئاماژەکردنی سەرپێییش بە «مارکیزدی ساد» و ئاهەنگەکانی "ئۆرجی–عەیش و نۆش و هاوجێبوونی بەکۆمەڵ" و گرتنی سەرەداوی هەندێک ئەزموونی لابەلای نێو ڕۆمانەکە شایەدحاڵی ئەوەن کە کۆندێرا گوزارشتێکی ڕاستگۆ و واقیعییانەی دوا دەیەی سەدەی بیستەمی ڕۆژاوا دەکات و ئەو مانایەش بە وشەی خۆشەویستی دەبەخشێت کە لە هەنووکەی ئەوروپادا باوەو دەرەنجامی ئەو بێ بەند و باری و عەیش و نۆش و تەرکیز کردنە سەر سۆدۆمییەیە (لەوات) کە یۆتۆپیای ئەپیکۆرییەکان کەوتۆتە ژێر مەرحەمەتی و بەپەتایەکی وتووێژ هەڵگر و خەتەرناکی وەکو ئەیدزەوە هەڕەشەیەکی جیددیانەی بەنێوەندە مرۆییەکە بەخشیوە کە بێ شک دۆزینەوەی چارەسەری گرانبەهایە و کاتێکی زۆرو ئیرادە و خواستێکی پەیگیر و خۆتەرخانکردنێکی تەواو دڵسۆزانەی پێدەوێت.

جگە لەمانەیش هەموو، کێشە و گرفتە مۆدێرنەکانی تریش دەخاتە ژێر مایکرۆسکۆبی تێڕامان کە هەندێکیان وەکو ڕیکلام بۆ ئامانجی سیاسی تەسکبین بەکار دەبرێن و هەندێکیشیان هەوڵدەدرێت بە چەند هەزار گونیە برنج و دانەوێڵەیەک چارەسەر بکرێن!! کە لە حەقیقەتدا فاکتەرەکانیان زۆر لەوە قووڵترن کە بەو سادەییە-دەشێ بڵێین دەست ئەنقەستە- سەودایان لەگەڵدا بکرێت و بیر لە چارەسەرێکی ڕادیکاڵییانەی عەقڵانیی بەدەر لە بەرژەوەندییە یەکلایەنییەکان نەکرێتەوە. بێگومان ناڕاستەوخۆیش پەنجەنوما بۆ دەرەنجامی ئەو سیاسەتە تاکبەرژەوەندخوازانە دەکات کە ڕۆژاوا هەر لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمەوە بەرامبەر بە ناڕۆژاواییەکان پراکتیزەیان دەکات و هەندێ گاوگەردون و خێرەومەندییش مەحاڵە بنبڕی ئەو کێشانە بکات کە زۆربەی کات دەستکردن و یەخەی ئەو جیهانانە دەگرن کە زەمانێکە ئاستیان بۆ پلە سێ داگیراوە و چەقیان پێبەستراوە.

ئینجا کێشەی چیکسلۆڤاکیای پاش ساڵی ١٩٦٨ و داگیر کردنی لەلایەن سۆڤییەتی جارانەوە لەبیر ناچێت و دەیخاتە نێو بۆتەی چیرۆکێکی تری لاوەکی (کە بێگومان پایەی لەنێو دەقەکەدا لە چیرۆکە سەرەکییەکان کەمتر نییە و بەپێچەوانەوە ئاوڕدانەوەیەکی زۆر گرنگە لەو ئیپۆکە شپرزەیە) کاریگەرەوە کە تەرحی کۆژانەکانی یەک خێزان دەکات و ڕەهەندێکی پان و بەرینتری دەداتێ و دەیکاتە نومایندەی کۆمەڵگایەک، کە ئەویش خێزانەکەی چێخۆرپیسکییە (زانا چیکییەکە) کە لەو سەروبەندەدا چی بەسەر دێت و چۆن دوای بیست ساڵ لە کۆنفرانسی ئێنتۆمۆلۆجیستەکاندا "زانا مەگەزناسەکان" بەشێوەیەکی زرنگانە مێژوویەک لە ڕێگای بەرچاوخستنی ئەو کاراکتەرەوە بەرجەستە دەکات و هەوڵ دەدات ئەو موعاناتە نەمر ڕابگرێت.. چونکە هەر تەنها بەو نەمرییەی موعانات دەتوانێت لە بیرچوونەوەی خۆی ببەزێنێت. چارەسەریش بۆ ئەم گرفتە بێ شک بە پلەی یەک مانەوەیەتی لە زاکیرەی نەوەکان و بەراوورد کردن و تێکۆشانە، بۆ دوورکەوتنەوە لەو دیسپۆتیزمانەی تەنها دواکەوتن و ئەو موعاناتانە بەرهەم دەهێنن، کە مێژووی مرۆڤایەتییان لێوانلێو کردووە.

کاتێکیش کە نۆرە دێتە سەر ئەو، لەبری ئەوەی لێکۆڵینەوە پێنج لاپەڕەییەکەی گیرفانی دەربکات و بیخوێنێتەوە، کە بریتییە لە دەرەنجامی دۆزینەوەی جۆرە مەگەزێک و بەرز ڕاگرتنی بەشدارییەکەی خۆی لە بواری ئەم زانستەدا، وەلێ جۆرە هەستێکی غەوارە دایدەگرێت و وەکو زانایەک خۆی لەبیر دەچێتەوە و وەکو مرۆڤێک ئازار و کلۆڵییەکانی ئەزموونەکەی خۆی دەگێڕێتەوە. کتوپڕ سەرنجەکانی نێو هۆڵەکە سەرجەم بەسەر ئەو چرکەساتە مێژوویەدا هەڵدەنیشن، بەڵام دواتر کە تەوقە و دەستخۆشی لێدەکرێت و دەیەوێ بابەتی قسەکانی

درێژەیان هەبێت، ڕۆژاواییەکان پاشەکشەی لێدەکەن و چەندین جار لەوە ئومێد بڕی دەکەن، کە ڕستەیەکی پێشینەی ناتەواوی خۆی تەواو بکات، بێگومان ئەمەیش لە سۆنگەی ئەوەوەیە، کە ڕۆژاوا خاوەنی ئەو تەعالی و کەبریائەیە، کە تەنانەت بەرامبەر بە توێژێکی ئینتیلیجنسیای نارۆژئاوایی ئامادەیی ئەوەی نییە کە گوێگربێت، بەڵکو هەمیشە ویستوویەتی و دەیەوێت قسەکەری سەرەکی بێت و تەنها گوێ لە خۆی بگیرێت نەک بە پێچەوانەوە.

دواتریش تیشکێکی بەراووردکارانە دەخاتە سەر مۆڕاڵی هەردوولا، ئەویش کاتێ کە ئەو ئافرەتە سپی پۆشە(ئیماکیوولاتا) کە بە نییەتی خۆکوژی دەچێتە نێو حەوزەکە و دڵدار و هاوجێیەکەشی (وێنەگرەکە) کەوتۆتە سەر ئەژنۆ و هاوار و هەڵڵا دەکات و دەگریەت، زانا چیکییەکە، تەنیا کەسێکە، بە شانازییەوە، خۆی دەهاوێتە ناو ئاوەکەوە و بیر لە ڕزگار کردنی دەکاتەوە. سەرباری ئەو هەوڵە ئاکارییەیش لەگەڵ وێنەگرەکەدا دەستەویەخە دەبێتەوە (بە بێ ئەوەی نیازی ئەوەی هەبێت شەڕ دامەزرێنێ). وا دیارە لە میانەی ئەم دیمەنەوە، کۆندێرا، دەیەوێت ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێت، کە ڕۆژاواییەکان (ڕێز لەو بڕیارە دەگرن، کە تاک بۆ دواهێنان بە ژیانی خۆی دەیدات)، بەڵام بەهاکانی ئەوانی تر ڕێزگرتنە لە خودی ژیان، لەبەر بینین و تاقیکردنەوەی ژیانێکی ئاڵۆزو پڕئازار و چەرمەسەری و سەرەڕای ناخۆشییەکانیشیان، ستایشی زیندەگی دەکەن و ناهێڵن هەرەس بهێنێت. ئەمە بەراووردێکی ناوازەیە، بۆ جیاکار کردنی ئەو ئاوتسایدەرانە (بێگانە)ی کە چوونەتە دنیاکەی ئەوان و کەللەشەقانە هەوڵی ئەوە دەدەن، خۆیان لە دنیای پەراوێز دەرباز بکەن و بچنە دنیای ڕاستەقینەی ڕۆڵ بینین و کاریگەر بوون (کە تەقریبەن هەموو ئاماژەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە تەقەللایەکی پەرەلێڵە لەگەڵ مەحاڵدا).

دوای ئەمەیش ئایا ئاماژە دان بە دوو چاکسازی گەورەی سەدەکانی ناوەڕاستی وەکو جۆن هەس و مارتین لۆسەر، ڕاستەوخۆ ئیشارەیە بۆ فیداکارییەکانی دنیای کریستیانییەت و ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەستی هێناوە، یان شتێکی تەواو جودایە؟ ئایا بێئاگایی لە مێژوو و دراماکانی ئەوە دەگەیەنێت کە قەدر و پێزانین لە دیدی نەوەکانی ئەمڕۆدا مانای نییە و ئەو دەستکەوتانە نابینن یان بە شێوەیەک تەماشایان دەکەن وەکو ئەوەی هەر لە ئەزەلەوە لەبەردەستدا بووبن و پێداویستی بە خۆبەختکردن و قوربانیدان لەئارادا نەبووبێ؟

ئایا ئەمە بێمانایی ڕابردووە بۆ ئەوان و پەیوەست نەبوونە بە ئایندە و بەرپرسیارێتی ویژدانیی و ژیاریی بەرامبەر بە نەوەکانیدا هاتووە؟ ئایا ئەمە دەربڕینی بێ هەوباییەکی موتڵەقە بەرابەر بە نەوەیەکی پاسیڤی مێژووی مۆدێرنی ئەوروپا؟ یان نەوەی ئەمڕۆ (نەوەی دوای

مۆدێرنە و گلۆبەلایزەیشن) دەخاتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوە؟

دواتر لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا درک بەوە دەکەین کە چیدی دوو چیرۆکە سەرەکییەکە پەرەلێل نین، چونکە ئەوکاتەی کە (پیاوە جلوبەرگ باستانییەکە)، واتە شێڤالێرەکە، دێتە ناو دیمەنی لاپەڕەیەکی مێژوویی کاڵ و لەگەڵ ڤینسینت دا بە خێرایی پێکدەگەن و فاکتی پێکگەیاندنی چارەنووسی حیکایەتەکان بەرجەستە دەکەن. لێرە کارامانە دابڕانی بەسەرهاتەکان و زەمەنە دوور و درێژە دوو سەدەییەکەیش هەڵدەوەشێتەوە و بە جووڵانەوەیەکی هۆشمەندانە ڕستەی (هەموو شتەکان درێژەیان هەیە) مان دێتە بەرگوێ. ئەوسا دەرک بەوە دەکەین، کە لێکدابڕان پەیڤێکی کاڵە و ڕابردوو و ئێستا و دوارۆژیش پەیوەندییەکی دیالەکتیکی پتەویان پێکەوە هەیە و هەرگیز دابڕاو نین و لێرەیش بەدواوە ئەو شتانە دووپات دەبنەوە، کە بەر لە دوو سەدە ئەنجامامان داون، بەڵام بیریان لێناکەینەوە، چونکە دوای (شەیتانی خێرایی) کەوتووین و بیرکردنەوەیش واتە جیددی بوون، کە (ڤێرا) جەختی لەسەر دەکاتەوە و بە ڕزگارکەر و سەنگی مەحەکی لە قەڵەم دەدات، بۆ دۆزینەوەی بەهای نوێ و گۆڕینی ئەو کلتوورە ستاتیکەی کە بە درێژایی سەدەکان وەکو مۆتەکە مرۆڤی لەوە دابڕیوە، کە بە پایە و ئاستێکی ئینسانیی بەرزتر بگات. لە سۆنگەی ئەوەیشدا کە مرۆڤ عاشقی ماتێریاڵ بووە، موجەڕەدە لە هەستە ئادەمییەکان و تەنانەت بۆتە هۆی ئەوەی خۆیشی لەبیر بکات. ڕەنگە هەر ئەمەیش وای کردبێ کە کۆندێرا لە چەند شوێنێکی تێکستەکەدا کاراکتەری ژیانی ڕۆژاوا لە فۆرمێکی ئەوتۆدا بەرجەستە بکات، کە تابیرکردن بێت لەوەی (بیر لەم ساتە بکەرەوە و بەس، سبەینێ نییە، جەماوەر(یاخود کۆمەڵگا) نییە، هەرکەسە و بە ئاراستەیەک دا ملدەنێت، کەس بە کەس نییە) و ڕووناکی بخاتە سەر ئیندیڤیدوالیزمێک کە بوعدی بەرپرسیارێتی لێ ونە و هەموو شتەکانیشی لە بەختەوەریی تاکەوە سەرچاوە دەگرن.

لێرەدا پێویستە بە خێرایی ئاماژە بۆ ڕووداوە لابەلاکانی تریش بکرێت، کە خۆیان لەم بەسەرهاتە پێداگرانەدا دەبیننەوە: "لێکچەری سێکس و ئۆرگازمی ژنە ئەمریکییەکە، پرسی سەماکارەکان و جۆدۆی مۆراڵی کە مەبەستی جێ و پایە وەرگرتنە لە ڕێگای توانا و داهێنانەوە، ماژەرای ئەیدز و کێبەرکێی نێوان بێرک و دوبێرکس، مەرگی مناڵە ڕەش و ڕووتەکانی سۆماڵ، دکتۆر ئێچ و ئافرەتە پێشێلکراویی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەیدا، پۆنتیڤین و دەنکەکەی و کیژە تایپێستەکە، کیسنگەر و ڕۆژنامەوانەکە، ڕاگیریی و هەڵبژاردنی وشە هاوبەشەکانی میان چەپەکان و جەخت کردن لەسەر تێرمی ڕووتیی، چیرۆکی ئۆرجییەکە، مێشکی بە لیبیدۆ لەوتاوی ڤینسینت و تێشکانی لە کاتی ئەدا کردندا، دواندنی ئەندامەکەی

ڤینسینت، پەیوەندی ئیماکیوولاتا لەگەڵ بێرک دا، هەڵخەڵەتاندنی شێڤالێرەکە و ڕەواندنەوەی گومانی مێردەکەی مەدام دی تی لە مارکیزە عاشقەکەی، باس کردنی چامەکەی ئەپۆلینەیر، ئاماژە کردن بە هەلومەرجی بەشەریی لە نێو وتوێژەکانی ڤینسینت و پیاوە قاتلەبەرە کەشخەکە، ڕووداوەکەی مابەینی ئیماکیوولاتا و وێنەگرەکە ـ ڕێپێوانی چەپە ئەڵمانەکان،....."، کە بینای ڕۆمانەکە بەهێزتر دەکەن و هەڵوێست و سێنتەمێنتاڵێتی ڕۆژگاری نوێمان بۆ بەرجەستە دەکەن و لە نێوانی فیکشن و خەیاڵ و واقیعدا دەمانگوێزنەوە و گرنگترین ماژەراکانی ژیانمان بۆ ڕنووس دەکەن، کە ئەویش (خۆشەویستی)یە و هەموو شتەکانی تریش هەر لەوەوە سەرچاوە دەگرن و پێکەوە بەند دەبن. ئەگەر بشمانەوێت بە گوزارەیەکی کاریگەرانە و پڕ دیقەت ئێکسپرێسی کەسێتی ئەم ڕۆمانە بکەین، ئەوا دەکرێ بڵێین ڕۆمانێکی لاقرتێئامێز و ساتیریکەڵە و ئەو پرسیارەمان ئاڕاستە دەکات کە ئاخۆ ئەو هەماهەنگی و ڕیتمە لەسەرخۆ و هێوور و مەسئوولانەیەی جارانمان کوانێ و بۆچی گۆڕا و لەپڕا خێرایی و پەلە کردن جێیان گرتەوە؟ کە ئەمە گومان هەڵنەگرە بەرەو هیچ ئامانجێکی لەوە باشترمان نابات و لەو چێژ و لەزەتە ڕاستەقینەیە بێبەریمان دەکات کە پێویستە لە ژیانەوە هەڵیگوێزین.

دواجار دەمێنێتەوە ئەوەبڵێم کە فۆرم و وشەکانی ئەم ڕۆمانە لە خودی ژیان زیندووترن و بەرپرسیارن لەوەی کە تەرحی دەکەن و کاریگەرییەکی ئەفسووناویی گەورەیان لە دووتوێی خۆیاندا حەشار داوە و بە بوارێکی جیاکار و دانسقەی ئافراندن ئاشنامان دەکەن، کە حەوجەی بە خوێندنەوەی جودا و کەشف و دۆزینەوەی تازە هەیە و ڕەنگیشە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە هەوڵێک بێت بۆ خوڵقاندنەوەی تێکستی نووسەرێکی جیدی لە ڕەحمی زوبانەکەماندا کە ئەویش بێ شک کارێکی بارگاوییە بە کێشە بەندییەکی ناهەموار و پێویستی بە ئاگاییەکی زۆر هەیە بۆ هێشتنەوەی شێوازی ڕەسەن و هەستە شیعر ئامێزەکەی و هەروەها بە زیندوویی پاراستنی ڕۆحییەتەکەی هەتا دواجار لە ئەدەبەکەی ئێمەیشدا ببێتە بەشێکی جیانەبووەوە و کاریگەر لە گەیاندنی کەلەپووری مۆدێرنەی میللەتانی تر و متووربەکردنیان لەگەڵ کەلەپووری کەم بەرهەمی لەم جۆرەی ئەمڕۆمان.

لەندەن ٢٥/١٠/٢٠٠٧

زەری نیعمەتپوور

# بۆ خەوی پەپوولەکانی میچۆ مادۆ

## لە پەراوێزی ناسنامەی ڕۆژهەڵاتدا

و: شنۆ فاتیح

هەواڵنامەی کتێب



لە خۆم دەپرسم شاژنەکان لەم کارە سەیرانە دەکەن؟ نا، قەت بڕواناکەم. چەن خۆشە مرۆڤ هەموو ڕۆژێ کە لە خەو هەڵدەستێ و بۆ جارێکیتر زیندوو دەبێتەوە، ببیستێ یا ببینێ یا بخوێنێتەوە، لە جێگایەک، لە قوژبنێکی ئەم جیهانە، ڕووداوێک ڕووی داوە، ڕووداوێکی زۆر ساکار نە لەو ڕووداوە زۆر سەیر و سەرسوڕهێنەرانە. نەک خولقاندنی حەماسەیەکی شکۆدار، نە ئەوەی کە لەگەڵ

قارەمانێکدا ئاشنابێت. ڕووداوێکی هێندە ساکار، هێندە بچووک کە کەس نایبینێ. وەک لە دایکبوونی شیعرێکی دڵڕفێن، وەک "خەو" لە مێشکی "مێچۆ مادۆ"دا. وەک لە دایکبوونی کتێبی "خەوی پەپوولەکان" لە ئەو پەڕی ڕۆژهەڵاتی دووردا یان نە، لە هەموو ئەمانە جوانتر، کاتێک بێ کە شاژنێک لە پشت مێزی پاشایەتی هەڵدەستێت و لە پشت مێزێکی بچووکدا دادەنیشێ و کتێبی شیعری "خەوی پەپوولەکان" لە بەردەمی دادەنێ و دەیخوێنێتەوە.

چەن دڵڕفێنە کاتێ کە پێڵوەکانت لەسەر مەرگ دادەخەیت و دەروازەی نیگاکانت بەرەو ژیان دەکەیتەوە، ببینێ کە شاژنێک لە ڕۆژهەڵاتی دووردا، کتێبێکی شیعریی منداڵانی وەرگێڕاوەتەوە. شتێک هەر ئەو سەرەتای بەیانییە ختووکەم دەدات. لەبەر خۆمەوە قاقا پێدەکەنم. هێشتا کتێبەکەم نەخوێندۆتەوە. دواین قومی چاییەکەم دەخۆمەوە تا شەکرەکانی دڵم بتوێتەوە. ناوی کتێب بەشوێن خوێدا ڕامدەکێشێ، "خەونی پەپوولەکان" دوای ئەوە ناو "ئەحمەد پووری"، کە لە هەر کوێ ناوی دەبینم دەکەومە بیری "هەوا لە من بگرە بەڵام پێکەنینت نا"، سەرنجم بەشوێن خوێدا ڕادەکێشێ. هێشتا دەنگی پێکەنینەکەم لە چوارچێوەی ژوورەکەمدا نەزرینگاوەتەوە. دەزانم دەبێ، دەبێ کتێبێکی زۆر باش بێ. هێشتا بەوە بڕوا ناکەم کە ئەم کتێبە بۆ منداڵان نووسرابێ. پێشەکییەکەی دەخوێنمەوە، دەگەمە ئەم شوێنە ئیتر:

ئیمپراتۆریس میچکۆ شاژنی ژاپۆن کە وەرگێڕێکی بەتوانایە و بەبڕوای زۆر کەس تواناترین وەرگێڕی شیعرە لە ژاپۆن، ئەم شیعرانەی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی ژاپۆنی.

لام وایە هێشتا خەو دەبینم. وەک دێرێکی ساکار چاو لێ دەکەم. نا مەگەر شتی وا دەبێ؟ بەڕاستی شاژنەکانیش لە کارانە دەکەن؟ ئەوانەی کە دەزانن و ئەوانەی کە دەناسن دەڵێن دەسەڵات جێگایەک بۆ شیعر و پاشان بۆ هەستەکانی مرۆڤ ناهێڵێتەوە.

دەڵێن دەسەڵات لەسەر قازانج و بەرژەوەندی و سوود و زەرەر دەخولێتەوە. دەڵێن لەوێدا تەنانەت جێگایەک بۆ کردەوەی مرۆڤانە نییە. لەبەر خۆمەوە پێدەکەنم، شاژنی ژاپۆن کتێبی شیعر وەردەگێڕێتەوە! چەن جوانە هەموو ڕۆژێک کە مرۆڤ لەگەڵ مەرگدا ماڵئاوایی دەکا و چاوی بەرەو ڕووی ژیان دەپشکوێ. ڕووداوێک ببینێ یا ببیستێ، وەک ئەم شاژنە لەگەڵ کتێبە بچووکەکەیدا، ئەو کات هەست بەوە دەکات بێگومان ژیان شیاوی ئەوەیە کە چاوی بەرەو ڕووی ئاوەڵاکات و چەن دڵڕفێنە هەموو ڕۆژێک دوای ئەم ماڵئاواییە عاشقانەیە لەگەڵ مەرگدا، بێت و لەلای ژیاندا دابنیشێ و ببیستێ شاژنەکانیش لەم کارانە دەکەن. نازانم

هەواڵنامەی کتێب

بۆچی ئەم ڕووداوە ساکارانە، بۆ من لە ژیاندا لە هەر ڕووداو و حەماسەیەک شکۆدارترن. لە هەموو ئەو جوانیانە هەڵدێم کە سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆ ڕادەکێشن و بینەر شەیدای سیحرەکانیان دەبێ، پەنا دەبەمە بەر ئەو جوانییە بچووکانەی کە لە ژێر سێبەری گەورەکاندا ون دەبن و بەرچاو نایەن.

بەڕاستی سەرسوڕهێنەرە، چۆن سەرسوڕهێنەر نییە! لە وڵاتی مندا زۆرینەی هونەرمەندان و ڕووناکبیران لە کارکردن بۆ منداڵان خۆ دەبوێرن. جگە لە چەن وێنەی دەگمەن- چونکە نەیانتوانیوە بچنە وڵاتی گەورەکانەوە، دەبن بەپەنابەر لە وڵاتی ئەدەبیاتی منداڵاندا، شاژنێک دێ شیعری منداڵان وەردەگێڕێتەوە. نووسەرەکانی ئێمە نووسین بۆ منداڵان بەکەم دەزانن دەیانەوێ بەتازەکارێک بڵێن "بێزەوق" لە ناکاو بەشێواز دەبن بۆ وێنە دەڵێن وا چاکترە تۆ بڕۆیت و بۆ منداڵان بنووسیت! من لەم دێڕە بێزارم کە ئەدەبیاتی منداڵان بە چاوی کەم سەیر دەکرێ و ئەم دێڕەم لە چەن نووسەری بەناوبانگ بیستووە و بەبیستنی قەڵسم و ناچارم لە هەموو شوێنێکدا وەک شتێکی خراپ باسی بکەم. ئەو کات شاژنێک تاجی ئیمپتراتۆرییەکەی لە لای خۆی دادەنێت و دادەنیشێ و کتێبە بچووکە شاعیرانەکەی "میچۆ مادۆ"، هەڵدەگرێت و بیری دەچێتەوە کە شاژنێکە و شاژن تەنیا دەبێ لەسەر کورسی ئیمپراتۆری دانیشێ و پاشایەتی بکا و فەخر بفرۆشێ و دەستوور بدا. تەنانەت ئەگەر زۆر شاژنێکی باش بوایە، زۆر شاژنێکی هونەر دۆست و هونەر پەروەر بوایە، خۆی کە نا، دەستووری بەڕووناکبیرانی دەرباز دەکا و دەیگوت کە ئەم کتێبە وەرگێڕنەوە.

جگە لەمانەش ئێوە کامە شاژن دەناسن کە کتێب بخوێنێتەوە؟ ئەویش کتێبی شیعر. کتێبی شیعری منداڵان. کتێبی شیعری منداڵانێ کە خەوی پەپوولەکان بێ. لە هەموو ئەوانەش کە شاژن نین بپرسن، تەنانەت لە کتێب خوێنەکانیش بپرسن، دەکرێ شیعر و دەسەڵات پێکەوە بژین؟ لە بنەڕەتدا شیعر چ پێوەندییەکی لەگەڵ ژیاندا هەیە؟ ئەویش لە دنیایەک کە زانست و تێکنۆلۆژی و پووڵ هەموو شتێ دەبڕێتەوە. ئەگەر ئەفلاتوونیش بی دەستوور ئەدەی هەموو شاعیرانی جیهان بخەنە نێو زەریاوە.

کاتێ کتێبەکە ئاوەڵا دەکەی ناوی دنیایەک گیانلەبەری گەورە و بچووک دەبینی، لە بێچووە فیلەوە بگرە تا مێرووڵە، پەلەوەرە جوانەکان وەکو قوو. نا، وا دیارە کەڵەکێویش لەم نزیکانەدایە و وشتر بەڵەک بەو ملە بەرزەیەوە لە لای ڕاوەستاوە. چۆن شتی وا دەبێ؟ پووش بە قوونەش لە لای وشتر بەڵەک دانیشتووە. لە نێو ئەمانەشدا گوێچکە ماسییەکان و

شەپۆلە تورەکان خۆیان ئاوێتە کردووە. کەسێ نییە لێیان بپرسێ ئێوە گوزارەکاکی زەریا لە نێو هەموو گیانلەبەرە سەیرەدا چ دەکەن؟

لاپەڕەیەک هەڵ ئەدەمەوە، لەوێدا نووسراوە "میچۆ مادۆ" ئەندازیاری بیناسازی بووە لە تایوان. دەڵێم مرۆڤەکان چەندە سەیرن. ئەندازیاری بیناسازی لە کوێ و شیعری منداڵان لە کوێ. ئەندازیاری بیناسازی دەبێ بیری لای بیناکانی و بردنە سەری ئەوان و لێکدانەوەی وردی بیرکاری بێت و تەنیا عەقڵی کار بکات. ڕەنگە زۆر خۆشی لە بیناکانی نەیەت و نەبن بەهۆی دامرکاندنی هەستی هونەرمەندانەی یا خۆشی لێ دێ، بەڵام ئێستا دێتەوە بیری پێویستی بەماڵێک هەیە و بیناسازێکی شارەزای هەستەکان کە بزانێ چۆن بیناکە دروست دەکات، چۆن دایدەڕێژێ و بەردە فانتێزییەکان لەسەر دەک دادەنێ تا بینایەکی شاعیرانە و زۆرجوان بەناوی "خەوی پەپوولەکان" دروست بکا بینایەک بەو ژوورانە و کە کامیان ناوێکی تایبەتی هەیە... لە وڵاتی ئیمپراتۆرەکاندا ژنە ئیمپراتۆرێک دێ و " خەوی پەپوولەکان" لە بەردەم خۆی دادەنێ و لە بەرامبەری مێرووڵەیەکدا تەماشای خۆی دەکات و دەڵێ:

مێرووڵەکان کە دەبینم/ زۆر کات هەست دەکەم/ دەبێ لەم گیانلەبەرە بچووکانە/ داوای لێبوردن بکەم/ ژیان بۆ هەموو کەس یەکسانە/ چ بچووک، چ گەورە/ تەنیا گەورە و بچووکی جەستەیە/ پێکەوە جیاوازی هەیە/جەستەی من/ چەن ساویلکانە گەورەترە.!

بێگومان ئێمپراتۆر ئەم وشانە لەبەر خۆیەوە دووپات دەکاتەوە "جەستەی من، چەن ساویلکانە گەورەتر لەوە".

ڕاستی شاژنێک لە واتای ئەم دێرانە تێ دەگا و دەزانێ کە چەندە قووڵن و چۆن لە ڕاستییەکانی دەورووبەر دەدوێن؟ بەڕاستی شاژنی دەسەڵاتدار چۆن دەتوانێ بچێتە نێو دنیای پاک و بێگەردی پەپوولەکانەوە؟ پەپوولەکان ئیزنی چوون نێو دنیای ئەوانی پێ دەدەن و دەرکەی بۆ ئاوەڵا دەکەن؟ وشتر بەڵەکی شیعر ملە بەرزەکەی سوور دەدا و بەشانازییەوە دەڵێ: "کامە شاژنە دێتە دنیای ئێمەوە؟!"

کاتێ کە لە لای هەموو ئەمانەوە تێ دەپەڕیت و لەگەڵیاندا ئاشنا دەبی میچۆ مادۆ بانگت دەکا. دەڵێ: "ئەم هەموو شەرمەی ناوێ. بیستوومە دەڵێن ئێرانییەکان شەرمێونن، بەڵام نەبەم ڕادەی ئێوە! ئێستا دەتەوێ بەم جۆرە لەبەر دەرگادا ڕاوەستی و تەماشام بکەی تا گرێکم تیا نەمێنێ؟ تکات لێ دەکەم فەرموو وەرە ژوورەوە، تکات لێ دەکەم فەرموو! دەستم

دەگریێ و دەڵێ بەسە چیتر باسی هەموو شتێکت کرد بیناسازی من، شاژن، ئەحمەد پووری، ئێستا وەرە تا بتبەم بۆ شوێنێ کە نایناسی و نەتدیوە. دەڵێم من فیل دەناسم، مێرووله و پەپوولەکانم خۆشدەوێ. بەپێکەنینەوە دەڵێ نایناسی، دەزانم نایناسیت، لاپەڕە هەڵدەرەوە تا بزانی چ دەڵێم:

ئاو ڕاکشاوە/ لەسەر گازی پشت/ درەخت ڕاوەستاوە/لەسەرپێ/ کێو دانیشتووە و ڕاکشاوە/ لەسەر پێیشە/ ئەم بێ دەنگییە/ ماڵی ئێمەیە/ماڵی ئێمە گیانلەبەرانی جۆراوجۆر.

دەڵێن چەن ساکار "ئاو ڕاکشاوە لەسەر گازی پشت" بەم ساکاری کورتییە. دەڵێم چەن ساکار کێشاوەتەوە نەخشەی ماڵی گیانلەبەر جۆراوجۆرەکان بێ ئەوەی تا ئێستا کەسێکی تر لەم نەخشانە کەڵکی وەرگرتبێ. دەڵێم من تا ئێستا کەسێکی تر لەم نەخشانە کەڵکی وەرگرتبێ. دەڵێم من تا ئێستا نەمدەزانی ئاودەستەکانی خستووەتە ژێر سەری و ڕاکشاوە. دەڵێ: وایە ئیدی، من مادۆم! دەڵێم دەزانی لە وڵاتی مندا بەو شیعرانە دەڵێن شیعری منداڵان کە تەنیا ئاهەنگیان هەیە و لە کێش و قافیە و ڕەدیف و نیزامی عورووزی و... وێنەی نوێ و سەرسوورهێنەر، شیعریەتی درەخشان و خەونی ڕەوان وەک قسەکانی تۆ بێبەرین؟ تەنیا ئاهەنگ... قامکی هەڵدێنێتەوە و دەڵێ: "وست! ئارام قسە بکە! خەوی پەپوولەکان دەزڕێنی، تەنیا بەنیگا... باشە! زۆر باشە، گفتت پێ نادەم، بەڵام هەوڵ ئەدەم. دەڵێم تۆ بڕۆ، با من و خەوی پەپوولەکان تەنیا بین. با من بم و وشتر بەڵەک بێچووە فیل و مێرووله، با تۆ نەبی، با من هەر جۆری پێم خۆش بێ لە نێو شیعرەکانتا پیاسە بکەم. پێم خۆشبێ لە لای ئاو ڕادەکشێم و سەرم دەخەمە سەر شانەکانی.

با بێ تۆ، بۆ حەسانەوەم لەم ماندووبوونە لەسەر کێو دانیشم، کە دانیشتووە بەمجۆرە و ئارام. بڕۆ، لە کتێبەکەت بڕۆ دەرەوە، لە هۆنراوەکانت بچۆ دەرەوە. من ناتوانم کاتێ تۆ هەی لەگەڵ شیعرەکانتابم، من دەمەوێ کە تۆنیت لەگەڵ شیعرەکانتابم، نە ئەو شوێنەی کە تۆ ئەتەوێ. لەسەر خۆ پێدەکەنێ، لێم دوور دەکەوێتەوە دەنگی لە گوێمدا دەزرینگێتەوە. منیش هەر ئەمەم دەویست، هەر ئەمە.

میچۆ مادۆ ڕۆیشت بۆ شوێنێک کە چیتر من ئەو نابینم. ئێستا من گەیشتوومەتە شوێنێک کە "کۆچەرەکان لە سەربان" و هێلکە شەیتانەکان لەسەر دیوار ماڵئاوایی لە نامەبەر دەکەن و چاوەڕوانن ڕۆژنامەیەکیان لە شوێنێک ، بۆ بهێنێ و چیتر بەپەلە لە

لایانەوە ڕەت نەبێ. بۆ چرکەیەک بوەستێ و دەست بکاتە نێو جانتاکەی و بڵێت ئەمڕۆ (نامەیەک، بەستەیەک)تانم لە شوێنێکەوە بۆ هێناون:

پاشان هاوار بکا/فەرموون ئەوەش هی ئێوە/ نامەیەک/ لە چەشنی گوڵێک/ لە چەشنی پاقلەیەک دەزانم،

"لە شوێنێک"... ڕاست نییە. ئەوە ڕاستییەکە، کە نامەبەرێک نییە تا لە جانتاکەیدا بۆ هێلکە شەیتان و کۆچەرەکان نامە و بەستە بهێنێ. هەر بەم مەبەستەیە شیعر دێت، تا دنیایەک دروست بکات کە لە دنیای ڕاستەقینە، ڕاستەقینەترە. مەگەر ئەم کتێبە خۆی ڕاستییەک نییە کاتێک ئاوەڵای دەکەیت و دەیخوێنییەوە؟ ئەوە نییە زۆر لە ساتەکانی ژیانی تۆ پڕ دەکاتەوە و لەگەڵ خۆیدا دەتبا بۆ "ئەو شوێنەی" کە وجوودی نییە"! هەر وەک ئێستا کە لە پشت ئەم کورسییە دانیشتووی، کورسی هەیە، تۆ هەیت، چا دەخوێتەوە، کتێبش هەیە، ئەم شیعرەش هەیە و دەبێ لە جێگایەکەوە... بۆ ئەم شوێنەی من هاتبێت تا لەگەڵ خۆیدا بمبات بۆ " ئەو شوێنەی"...

کە دیەوێ یا دەمەوێت:

هەروەها کە بەئارامی لە بەرخۆمەوە دەیخوێنمەوە دەگەمە وشتر بەڵەک بەو ملە بەرزەیەوە لە ناکاو:

وشتر بەڵەک تەماشای خوارەوەی کرد/من سەرەوە/چەخماخەیەک/ نیگاکانمان بەیەک دەگەن/شتێ لە نێوانماندا دەدرەوشێتەوە.

شتێک لە نێوان ئێمەدا ڕووی دا، کە هەمووان بەچاوی سەیرەوە تەماشای ئێمەیان کرد. وشتر بەڵەک لەو سەرەوە، من لە خوارەوە،چ شتێ توانی لە نێوان ئێمەدا ڕوویدات؟ ئەو ژیان و دنیای خۆی هەیە، من دنیای خۆم. ئەو نازانێ لە دنیای مندا چ خەبەرە، من نازانم لە دنیای ئەو چ ڕوودەدات. چ شتێ دەبێ لە نێوان ئێمەدا ڕووی دابێ کەبووە هۆی سەرسووڕمانی هەمووان؟ کاتێ ئەو لەمنی ڕوانی، کاتێ من سەرم بەرزکردەوە، شتێ ڕژایە نێو دڵی منەوە، شتێ نیشتە سەر دڵی ئەو، هەر ئەو کات من دەستم کرد بەخوێندنەوەی شیعری وشتر بەڵەک و وتم: "خۆیەتی! ئەمە هەر ئەو شتەیە کە دەبێ لە شیعری منداڵاندا ببێ و نییە، هەر ئەو نیگا پڕ مانایەی کە دەبێ بڕژێتە پەڕاوێزی شیعری منداڵانەوە و نارژێت و جێگای چۆڵ دەمێنێتەوە و تەنیا میلۆدەیەکی توند یا لە سەرخۆ دەمێنێتەوە، بەبێ هیچ هەستێ لەو ئاشنایە دوورە، بەبێ هیچ زانیارییەک سەبارەت بەو نیگایەی کە بەنیگای



هەواڵنامەی کتێب

"مانا پەسەند" ناوی لێ دەبەین. هەمان ڕوانین کە زاناکان دەیانگوت لە هەموو شوێنێکدا هەیە، لە هیچ شوێنێکدا نییە دەیانگوت لە هەموو شتێکدا هەیە، بێ ئەوەی کە ئەو شتە بێ، ئێستا لە وشتر بەڵەکیشدا هەیە، لە مێرووولەشدا هەیە، لەگەڵ بێچووە فیلیشدا هەیە، لەگەڵ پووشبەقوونەشدا هەروەها، بەڵام لە وشتر بەڵەکدا نییە لە مێرووولەشدا نییە لە فیل و پووشبەقوونەشدا نییە. هەمان ڕوانین کە تەماشای هەر شتێ بکات واتایەک دەدۆزێتەوە کە تا ئێستا هیچ کەس نەیدۆزیوەتەوە. کاتێ ئەو ڕوانینە هەبێ، تەماشای چێویش کات، تەماشای بەردیش بکات، نهێنییەک دەبینێ کە کەسانێکی تر توانای دیتنیان نییە و نەیاندیوە.

لە حەسرەتا لێوی خۆم دەگەزم. لەبەر خۆمەوە دەڵێم چەن جێگای خاڵییە ئەم ڕوانینە مانا پەسەند و عارفانەی ڕۆژهەڵات، ئەمڕۆکە شیعری منداڵان پڕاوپڕە لە هەستی بێ وێنەی ڕۆژهەڵات، ئەم شیعرانەی" میچۆ مادۆ". بەئێرەییەوە لەبەر خۆمەوە دەڵێم کە چەن ساکار ئەم هەستەی داڕشتووە بەبێ ئەوەی لێی دووابێ. بەبێ ئەوەی باسێکی لێ کردبێ. ڕژاندوویەتە دڵی وشتر بەڵەکەوە لە ڕوانینیا، لە وتووێژ لەگەڵ پووشبەقووندا.

دێمەوە! دووبارە دێمەوە، بەخۆمدا ڕۆدەچم. قورس. بەبێ وەڵام بە هەموو ئەو پرسیارانە، ڕەها لە گشت ئەو بۆشاییەدا. تا هێدی هێدی بەحەسرەتەوە دەگەمە خودی پەپوولەکان.

پەپوولەکان کاتێ دەنوون/ باڵەکانیان پێکەوە دەلکێنن/ هێند بچووکن پەپوولەکان/کە جێگە لە کەس تەنگ ناکەن/بەڵام، دیسانیش دەبینی چەن بێفیزانە/ خۆیان/ لە ناوەڕاست دەق دەکەن./

پەپوولەکان هەڵ ئەدەمەوە. زۆرینەی کتێبەکان و شیعری منداڵانی ئەم چەرخە، کە بەزۆری لە دەوروبەری "حسنی نگویە دستە گل"، بێ ئاگا لەخۆبوون شیعر دەڵێن و هەست دەبزوێنن و... لە ناکاو هەمبانەیەک پەپوولەی مردوو ساردت بەسەردا دەڕێژن، وەک پەتای هێرشی کوللە بۆ سەر کێڵگە سەوزەکان. بەڵام پەپوولەکانی میچۆ مادۆ... لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەو شوێنەت ببەن کە دەتەوێ.

سەیرکە کاتێ شیعر خۆی بە فێرکردن و بارهێنانەوە نەبەستێتەوە چ دەڵێ لەگەڵ خۆیدا تۆ بۆ کوێ دەبات. شیعرێ کە کاری ئەدەب فێرکردن نەبێ جوانییەکان بدۆزێتەوە کە لەم جیهانە و بوونەوەرکانی ئەم دنیایەدا وەک نهێنییەک خەوتوون، ئەو کات سەیرکە چ ڕوودەدا. بەوردی بیخوێنەوە، بزانە چۆن ناسنامەی ڕۆژهەڵاتی پێوە دیارە، لە ڕۆژهەڵاتی دوورەوە دێ، وەک "ناشیعری" "هری پاتر" کە ناسنامەی ڕۆژئاوای پێیەو لەوێوە دەبێتە

میوانمان.

کاتێ شیعری میچۆ مادۆ دەخوێنیتەوە لە پەراوێزیدا هەست بە ناسنامەی ڕۆژهەڵات دەکەی. ناسنامەیەک کە ساکار بوون و قووڵی و نێوەرۆک وەها پێکەوە دێنێ کە لێک جیا نابنەوە. ئەو تۆ دەبا بۆ جیهانی مانا، متافیزیک و عیرفانی سروشت و هەستی بێ وێنەت پێ دەناسێنێ. بێ ئەوەی بۆ ڕابوردوو بتخاتە نێو گێژاوی دواکەوتووییەوە. شیعرەکانی لەم جیهانەدا بەشوێن مانادا، دەگەڕێن و دەیدۆزنەوە و دەیهێننە سەر کاغەز. بۆ گەیشتن بەمانای بەرز، نکۆڵی لە مادە ناکا. داهاتوو، حاڵ لە بیر ناکا، لە هەمان کاتدا ناتباتەوە بۆ ڕابوردوو، هەر لەم چرکانە و هێمایانەدا دەبینێ. ساکار جوان و بێفیزانە دەیڵێ: " وەکو پەپوولەکانی بێ دەمار، خۆیان دەق دەکەن تا جێگەی لە کەس نەگرن.

ئێستا گەیشتوومەتە خەو، "خەوم ئاڵوزەکاوە". پێڵوەکانم پێکەوە نالکێن. بەخۆم دەڵێم وس بە! چیتر قسە مەکە! خەوی میچۆ مادۆ هەر وەک هومانیەیەکی ڕازاوە لەمژ سەراسەری ژوورەکەی پڕ کردووە. بانگم دەکات، وەڵامی نادەمەوە، دەڵێ: " من خەوم، نامەوێ تەماشام بکەن. چاوەکانم دەنووقێنم. دەڵێم: بڕۆ... بڕۆ... تا بەیانی کە خۆر هەڵدێ تەماشای خەوی پەپوولەکان بکەم. نامەوێ بنووم. خەوم زڕاوە. دەڵێ:

کە شەو دادێ/ دوو دەلاقەی سەر ڕووخسارم/ هێدی هێدی/ پەڕ دەکرکرەکانیان دائەدەنەوە

دەڵێم چەن جوانە. پەردەکرکرەکانیان دادەدەنەوە. بەدرێژای ئەم چەن ساڵە پێکەوە دەلکان و چاوەکانمیان دادەپۆشی، بەڵام نهێنی دەلاقە بوونیانم نەدەزانی. ختیلکم دێ لەوەی کە چاوەکانم دەلاقەن و پێڵوەکانم پەردەکرکرە، لە سەرخۆ پێدەکەنم.

خەو دەڵێ: ئێستا چیتر خەوت نازڕێ. بەخەو دەڵێم: "بەڕاستی چۆن توانیویەتی ئەم هەموو جوانییەی تۆ بدۆزێتەوە و بیرێژێتە ناو دوو وشەی ساکاری " دەلاقە و پەردەکرکرە"؟ دەڵێ: وایە چیتر، ئەگەر شاعیربی دەتوانی، شاعیر بی ئەو شتانە دەبینی کە کەسی تر نایبینێ. کە شاعیر نەبی... خەو دەڵێ: هێشتا منت بە تەواوی نەدیوە، ئەمە هێشتا سەرەتابوو، تەماشاکە.

دوو دەلاقەی بچووک/ هەموو گیانلەبەرەکانیش کە/ لە ئاسمان /لە زەریا/ لەسەر زەوی دەژین/ هێدی هێدی/ پەردەکرکرەکانیان دادەکێشن/ نەوەک خەوێک... تەنیا خەوێک/ ئاوێتەی خەوەکانی تر بێ.



سەباح ڕەنجدەر

# دوو شیعری هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران

هەواڵنامەی کتێب

ئەی شاعیری یاخی با لای تۆ بن چونکە
تێگەیشتم لە ئێمە زیاتر شیعری جوان
و ڕاستەقینەت خۆشتر دەوێت



هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران

## سروشتێکی وشک

١

لەگۆشەی زیندانێکەوە
کوردستان باوەشێ گڕە و
ژیان زستانێکی ساردە
ئەی هاوڕێکەم
باوەش بەو گڕەدا بکە و ژیانت ئاگر تێ بەردە

٢

لە شەوێکدا وەک دەروونی نەهەنگ بەسام
من دەزانم لەم شەوەدا چیت پێ دەکەن
من دەزانم لەو شەوەدا
دوای پەست بوونیان لە ژەهری ڕق و تووڕەبوون
چۆن هارانە
شووشەی بەتاڵی ژەهراوی

لە چاوەکانتدا دەشکێنن

ئاگری جگەرەی دەستیان لەسەر سینگت دەکوژێننەوە

٣

لە شەوێکدا وەک دەروونی نەهەنگ بەسام

تۆ بێ دەنگی و دانت بەخۆتدا گرتووە

ئارام بووەتە ڕووبارێک و خوێن بۆ لەش و دڵت دێنێ

دانپیانانت تاوانێکە

لای پێغەمبەر هاوتا بۆ خودا پەیدا دەکات

لەم شەوەدا

بڕوات بووەتە گەرداوێکی دەریای تووڕە

کەشتیی خەونی گەورەکانیان تێکدەشکێنێ

٤

ئێستا دیوار

سووچی تاریک

وێنەی گەشی ڕووی هێرۆیە

بۆنی نسێ و میز و دووکەڵ

بۆنی کەزییەکانی ئەوە

ئێستا چپە و دەنگی نەرمی مۆسیقایی

تۆپەڵ

تۆپەڵ

وشەی جوێنە

تۆپەڵ

تۆپەڵ

وشەی خوێنە

لە ڕووت دەسوون

لە ناخی دڵەکەت دەدەن

جوێن



هەواڵنامەی کتێب

له دەمی خۆیان پیستر
جوێن
له کردەوەکانیان زۆر بەدتر

٥

له شەوێکدا وەک دەروونی نەهەنگ بەسام
من دەزانم چاوەکانت
دوو مۆمن و له زیندانەکەت دەسووتێن
زیندان بووەتە چراخان و
شانۆی سەمای مەرگی کوردێ
پێشکەش دەکات
بەڵام گیانە
تۆ لەوانە گەورەتری
تۆ نەمری
تۆ باوەشێ کڵپه و بڵێسەی ئاگری

حوزەیران و تشرینی یەکەمی ١٩٨٠ سلێمانی

## ئەسیە ڕەش



١

ئەو ژوورەی که ئەمی تیابوو
وەک گۆڕ تەنگ بوو
گەوەڕ ئاسا
تاریک
بۆگەن
نیمچە زۆنگاوێکی مەنگ بوو
ئەوانی دی له گۆڕێکی گەورەتردا
شەودا دەهات
جەژن بوایه

هەواڵنامەی کتێب

لافاو بوایە
هەموو شەوێ
کۆمەڵ
کۆمەڵ
گۆڕەوشاری مەرگ دەدران

٢

ئێستا لێرە
غوربەت بایەکی بەهێزە
ڕەشماڵی کارەساتەکان لە بێخەوە دەردەهێنێ
ئەو ژوورەی کە ئەمی تیایە
پیاوێکی گەورە و سمێڵ زل
دانیشتووە
دڵپڕ حەسرەت
بەکوڵ دەگری
دەگری بۆ نان
بۆ ئازادی
بۆ باوەشی گەرمی ئافرەت



هەواڵنامەی کتێب

٣

ئەو ژوورەی کە ئەمی تیابوو
گۆڕێک بوو لە بیاباندا گۆڕێکی کۆن
گەلێ جاریش تەمی برسێتی وای دەکرد
بەرچاوانی تاریک ببێ
لەبەر هەناسەی زریاندا پشوو بدات
نانی خۆشتربوێت لە خۆر

٤

شەوێکیان نووست
خەونی بینی

ئەسپێکی ڕەش
چوار پەلی سپی
وەک هەورێک تێر
بەئاسمانی وان و ورمێ و زرێبار و سیروانەوە
دابوویە غار
بەرەو چیا سەرکەشەکان

٥

بێدار بووەوە
لە دەلاقەی ژوورەکەیەوە کە ڕوانی
خۆر لە ئاسماندا دەسووتا
ئەسپەڕەش لەو پێدەشتەدا
چەپۆکانی دەکرد بەتاو
ئەسپەڕەش دیارە چاوەڕێی
شۆڕە سوارێکی بەجەرگە
بەسەرپشتی هەڵیگرێ
بەغار بفڕن بەرەو هەتاو

هەواڵنامەی کتێب

تشرینی دووەمی ١٩٨٣ هەولێر

## تێبینی یادێک

لە هەشتاکاندا لە یەک لە دانیشتنەکانی یانەی مامۆستایانی هەولێر لە نێوان: (کامەران موکری، هیدایەت عەبدوڵلا حەیران، من) گفتوگۆ دەربارەی شیعر گەرم و زۆر لە دڵەوە بوو. هەردووکیان باری سەرنجیان تا ڕادەیەک لەگەڵ مندا ناکۆک و ئاڕاستەیان جیاواز بوو. بەوەی کەمن بەشێوازی تەمومژاوی و ئاڵۆز دەنووسم و ئەو جۆرە شیعرەش بەشیعری بێگەرد دەزانم و کۆششی لە پێناودا دەخەمەگەڕ، گرانایی گفتوگۆیەکەش لەسەر ئەم ئاست و خاڵەدا ڕادەگرم کە هێما و شێواز لە شیعردا گرینگە، نەک بیر و مانا و دەربڕینی سۆزی بەجۆش لە مەودای جیا جیای سیاسید، هەروەها جووڵەی وشە تێکەڵ بەیەکتری دەبن و مۆسیقا پێکدەهێنن، نەک، مۆسیقا لە کێش و سەرواو برگەوە ببیندرێت. (کامەران موکری) بەرهەمی (جەمال شارباژێڕی) زۆر پەسند دەکرد و بەلایەوە گرینگ بوو. بەوەی کە

نوێکردنەوەی لە شیعری نەوەی دوای ئەوانەوە کردووە و بووەتە جێگای شانازی و متمانەی نەوەی ئەوان. ئەو جۆرە نوێکردنەوەیەی قبووڵ بوو کە کۆمەڵێک ڕەگەز و توخمی هاوبەش و هەستپێکراو لە نێوان هەردوو نەوەدا کاری پێ بکرێت و دابڕانی تەواو دروست نەبێت. واتە هەموو نەوەیەک دەستەمۆ و گوێڕایەڵی نەوەی پێشەخۆی بێت و لەسەر هێڵی ئەوانەوە بنیادی هونەرکاری و شیعرییەتی خۆی بنێت. قبووڵ کردنی ئەم بۆچوونەش بەلای شاعیری نوێبەخشەوە مەحاڵە. هەر شاعیرێکیش بەجۆرێک لە جۆرەکان دەستەمۆ و گوێڕایەڵی نەوەی پێشەخۆی بێت بەدڵنیاییەوە شاعیرێکی دەست و پێ سپی و هونەرکوێرە.

شاعیری نوێبەخش پێویستە هەمیشە سەرکێشییەکی لەبار و هاوسەنگ بەسەرنەوەی پێشە خۆیەوە بکات و هونەری لێ زیادبوونی خۆی پێشکێش بکات. (هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران)یش بۆچوونی خۆی دەبردەوە سەر هەمان بۆچوونی (کامەران موکری) و پشتگیری لێ دەکرد. ئەم دوو شیعرەی خۆیشی خوێندەوە. پاشان دای بەمن و گوتی: (ئەی شاعیری یاخی با لای تۆ بن چونکە تێگەیشتم لە ئێمە زیاتر شیعری جوان و ڕاستەقینەت خۆشتر دەوێت). لە سەرەتای ئەمساڵ کۆشیعری (دووریت هەورێکە لە باریندایە)ی بۆ ناردم، بەدەست و خەتی خۆی گەورەیی نواندبوو، نووسیبووی : (پێشکەشە بە: برای شاعیرم سەباح ڕەنجدەری نوێخواز لەگەڵ ڕێزمدا ٢٠/١/٢٠٠٨ سلێمانی).

بەتاسەوە کۆ شیعرەکەم خوێندەوە. ئەم دوو شیعرەی کە لای من پارێزرابوون لە کتێبەکەیدا نەبوون. منیش وەک ئەمەک و وەفا بڵاوی دەکەمەوە بۆ ئەوەی ئەگەر سەرجەم شیعرەکانی کۆکرایەوە، بەڵکو ئەم دوو شیعرەشی تێ بکەوێت. لە کاتێکیشدا نازانم ئەو دوو شیعرەی لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا بڵاوکردووەتەوە، یان نا.

ئەمڕۆ چل ڕۆژ و شەو بەسەر کۆچی ناوادەت هەڵاتن و ئاوابوون. وزە و بەرهەمی خۆیان بەخشیوکار و چالاکی و فەرمانی خۆیان بەجێهێنا. یادت بەخێر و سڵاو و درووود لە برادەر و ئەمەکی برادەرایەتی ئەی برادەری بیست و ئەوەندە ساڵەم. دەرچوونی ئێجگار زووت لە ماڵی شیعردا سفتوسۆی خستە دڵم و کزەی لە جەرگمەوە هەستاند. لەوەش بەئاگام هەمووومان شیرمژی سەرچاوەی شیعر و مردنین. ئەرێ مردن پیتەکانت لە چیدا داڕێژراون. شایەتمانی ئەشقت هێناوە، یان نا. شیعر جۆرێک سووڕانەوەیە بەدەوروبەری لە دایکبوون، لە دایک ببەوە ئەی برادەر مۆمێک لەسەر کتێبخانە خامۆشەکەت دادەنێین و دنیا دەبینین. چاو لەسەر مۆمەکە لامەدە، هەوری دوورییەکان هەموویان دەبارن.

٢٠٠٨/٧/١٦ هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

وتووێژ

مەحموود موشەرف ئازاد تهرانی



# وتووێژێکی لەگەڵ فروغ فرخزاد

ئێستا تەمەنم بووەتە ٣٠ ساڵ و سی ساڵی بۆ ژن تەمەنی کەماڵە.
بەهەرحاڵ جۆرێک لە کەماڵ، بەڵام نێوەرۆکی شعری من نەبووەتە سی ساڵ، بەڵکو جەحێڵترە

لەم گفتوگۆیەدا کە نێزیک بە (٤٠) و شتێک ساڵ لەمەوبەر ئەنجام دراوە، ژنە شاعیری فارس زمان (فروغ فرخزاد) قسە لە ئەزموون و شیعریەتی خۆی دەکات و تیشک دەخاتە سەر ئەو گرێ و گۆڵانەی کە لە شیـــعری فـــارســـیدا هەیە، دواجـــار ئەو کاریگەریانەش ناشارێتەوە کە لە نیما و شاملووە لەسەری ئەبینرێت و ئەو دیدێکی جیاوازی هەیە و لە



و: شۆڕش غەفووری

## من هەمیشە زیاتر باوەڕم بە دواهەمین شعرم هەیە تا شیعرەکانی پێشتر

*** با لە (نیما)وە دەست پێبکەین، بە بڕوای من یەکەمین و باشترین پرسیار بۆ ئێمە، هەمووکات ئەوەیە کە چۆنچۆنی لەگەڵ (نیما)دا کۆنتاکتمان هەبێت؟**

-: من زۆر درەنگ (نیما)م ناسی و ڕەنگە بە واتایەکی دیکە زۆر لە کاتی خۆیدا ناسیم، واتە دوای گشت ئەزموون و قەلەقییەکان و تێپەڕاندنی قۆناغێک لە سەرلێشێواوی و لە هەمان کاتیشدا گەڕان. لەگەڵ شاعیرەکانی دوای نیما زۆر زووتر ئاشنا بووم، بۆ نموونە لەگەڵ (شاملوو) و (ئەخوان) و نازانم ... لە چواردە ساڵی (مەهدی حەمیدی) و لە بیست ساڵی (نادرپوور) و (سایە) و (مشیری) شاعیرە ئیدەئالەکانی من بوون. هەر لەم سەردەمە بوو کە (لاهوتی) و (گلچین گیلانی)یشم دۆزییەوە و ئەم دۆزینەوەیە، سەرنجیان بۆ لای جیاوازییەک ڕاکێشام، ڕوو لە مەسەلە و پرسێکی نوێ کە دواتر (شاملوو) لە زەینمدا فۆرمولەی کردن و زۆر دواتریش (نیما) کە بڕوا و مەیلی بەلانیکەمەوە بی ئەملاو ئەولای منی لەمەڕ شیعر (پێک هێنا) و جۆرێک لە یەقین و ڕەهای پی بەخشی. (نیما) بۆ من سەرەتایەک بوو، دەزانن (نیما) شاعیرێک بوو کە بۆ یەکەمینجار لە نێو شیعرەکانیدا فەزایەکی فکریم بینی، جۆرێک لە کەماڵی ئینسانیم بینی، هەروەکو (حافظ). منی خوێنەر هەستم دەکرد لەگەڵ مرۆڤێکدا ڕووبەڕووم، نەک مشتی هەست و ئیحساسی کرچ و کاڵ و سادە و قسە هەلەق و بەلەقی ڕۆژانە. ئەو هۆکارەی کە پرسەکانی چارەسەر و تاوتوی دەکردن، دید و تەنانەت هەستی باڵاتری ئەو بوو لە فۆرمە ئاساییەکان و پێویستییە پچووکەکانیش. سادەییەکەی سەری سوڕماندبووم، بە تایبەت کاتێک لە پشت ئەم سادەییەوە لە پڕێکدا لەگەڵ گشت ئاڵۆزی و پرسیارە تاریکەکانی ژیان ڕووبەڕووبوومەوە، هەروەک ئەستێرەیەک کە بە ئاسمانەوە سەرنجی مرۆڤێک ڕابکێشێت. لە سادەیی ئەودا، سادەیی خۆم دۆزییەوە. با واز لەوە بهێنین، بەڵام زۆرترین کاریگەری کە (نیما) لە مندا جێی هێڵابێت، لە ڕاستای زمان و فۆرمە شیعرییەکانییەوە بوو. من ناتوانم بڵێم چۆن و لە چ بوارێکدا کەوتوومەتە ژێر کاریگەری نیماوە، یا نچۆن نەکوتوومەتە ژێر کاریگەرییەوە. وردبوونەوە لەم ڕووە، کاری خەڵکانی دیکەیە، بەڵام دەتوانم بێژم کە بەدڵنیاییەوە لە ڕووی فۆرمە شیعری و زمانەوانییەکانەوە، لە دەستکەوتەکانی ئەوەوەیە کە من ئێستا سوود وەردەگرم، بەڵام لە ڕەهەندێکی دیکەوە، واتە هەبوونی فەزایەکی هزری تایبەت و لە ڕاستیدا ئەو شتەی کە گیانی شیعرە، دەتوانم دانی پێدا بنێم کە لەوەوە فێر بووم کە چۆن تەماشا بکەم. واتە ئەو پانتایی تێڕوانینێکی بۆ من وێنا کرد. دەمەوێت ئەم پانتاییەم هەبێت، نیما ئاستێکی بە من بەخشی کە ئاستێکی ئینسانی بوو، من دەمەوێت بگەمە ئەم

ئاستە. ڕەگ و ڕیشە، تەنها یەک شتە و ئەو شتەی کە لێوەی سەوز و دەڕۆیت جیاوازە، هەروەک مرۆڤەکان جیاوازن. من لەبەر تایبەتمەندییە ڕۆحی و ئەخلاقییەکانی خۆم و بۆ نموونە تایبەتمەندی ژنبوونم، بە شێوەیەکی سروشتی مەسەلەکان بە جۆرێکی دیکە دەبینم. دەمەوێت تێڕوانینی ئەوم واتە نیمام هەبێت، بەڵام لە پەنجەرەی خۆمەوە دانیشم و وەهاش بیر دەکەمەوە کە جیاوازی هەر لێرەدا دروست دەبێت. من هیچ کات لاساییکەرەوە نەبووم، بەهەرحاڵ (نیما) بۆ من قۆناغێک بوو لە ژیانی شیعری، ئەگەر شیعری من گۆڕاوە، گۆڕان کە نا...، واتە شتێک بووە کە لەو شوێنەوە نوێ دەبێتەوە، دەست پێ دەکرێ. بێگومان هەر لەم قۆناغە و لەم ئاشنایەتییەوەیە، نیما چاوەکانی منی کردەوە و گوتی ببینە، بەڵام من خۆم فێری بینین بووم، بەڵام بەر لە (نیما)، ئەوە (شاملوو) بوو، شاملوو زۆر گرینگ بوو...

*** وا بیر دەکەمەوە کە شامیلو بۆ نەسلی ئێمە، نەسلی شاعیرانی دوایی و شیعردۆست کە دە ساڵ دواتر سەری بەرز کردەوە و قسەیەکی کرد، ئەڵقەی نێوان (نیما) و نەسلی نوێ بوو. ئەگەر بمانەوێت لە ڕووی ڕەخنەوە شوێنێک بۆ (شاملوو) بدۆزینەوە ـ لەوەوە کە لەم پەیوەستبوون و بوونی پەیوەندییە بەهایەک لەئارادایە، یان نا، قسەیەک ناکەین. یەکەمجار شاملوومان دەخوێندەوە، دوایی نیما. ڕەنگە شیعری (شاملوو) جۆرە گشتییەتێک یا بۆ نموونە (نزیکی)ییەکی هەبوو و هەڵبەت ئەمەش نیشانەی کەماڵی شاملوو نییە لەچاو نیمادا. من وەها بیر دەکەمەوە کە کاریگەری ئێوە لە شیعری نیما، ناڕاستەوخۆ و بێ سەرنجدان بێت. من یەکێک لە کاریگەرییەکانی ئێوە لە نیماوە، لەوەوە دەزانم کە دوای قۆناغێک، شیعری ئێمە لە جۆرێک قەبێحی و خراپی ئەدیبانەوە بەرەو دەروونێکی ڕووخاو پەلکێش کرا. ئێوە وشەی توند و ڕەقتان بەکاردەبرد، وشەگەلێک کە نیماش بەکاری دەبرد (کە زمانی ڕۆژگاری ئەو بوو) و هەندێکجاریش زۆر سەرکەوتوو بوو، شیعرە باشەکانی نیماش، بەڵگەی ئێمەیە. ئێوەش لە شیعرە باشەکانی خۆتاندا کە ڕەنگە (مەولەوی)یانەش بن، ئاگادارن لەم کاریگەرییە؟**

–: من نا، واتە تا ئاستێک کە پەیوەندی بە توانای دروستکردنەوەی خۆم هەیە، نا. من کە گەیشتوومەتە ئێرە ـ کە شوێنێکیش نییە ـ وەها بیر دەکەمەوە کە ئەزموونەکانی ژیانی خۆم هۆکاری سەرەکی بوون. ئەمەش بەراستی بەوپەڕی دڵەوە دەیڵێم، هیچکات نەبووە کە من ئارەزووی ئەوە بکەم شیعرێک وەک شیعرێکی نیما بنووسم، کەواتە خۆم چیم؟

نا نیما کامڵ بوو و من ستایشی کامڵییەکەشی دەکەم، ستایشی ئەو مرۆڤە دەکەم کە لە شیعری ئەودا هەبوو. من دەمەوێت ئەو مرۆڤە لە دنیای خۆشمدا دروست بکەم. ***من لەو***

*کەسانە نیم کە دەبینم سەری کەسێک بەر بەرد دەکەوێت و دەشکێت، ئیتر نابێت منیش بچم بە لای بەرددا* ... نا، تا سەری خۆم نەشکێت لە واتای بەرد تێناگەم. دەمەوێت بڵێم کە تەنانەت دوای خوێندنەوەی نیما، شیعری خراپم زۆر گوتووە. بۆیەشە پێویستم بە گەشەکردن بوو لە خۆمدا و ئەم گەشەیەش کاتی دەویست و دەشیهەوێت. بە حەبی ڤیتامین یەکسەر باڵا ناکەیت، باڵاکردن ڕووکاریانەیە، خۆ ئێسکەکان لەخۆیانەوە گەورە و پتەو نابن، بەهەرحاڵ کاتێ کە شیعرم دەهۆنییەوە، هەر بەم جۆرە غەریزەیەک لەمندا لێوڕێژ بوو. ڕۆژێک لە سەناو، لە نێو خواردنگە، لە پشت مەکینەی جلدوورین، بە کورتی بەردەوام دەمگوت، زۆر تووڕە بووم و بەردەوام دیوان لەسەر دیوان دەمخوێندنەوە وباڵم دەگرت، دەفڕیم، بەهەرحاڵ کەمێک توانایی ئەوەشم تێدابوو. بە ناچاری دەبوایە جۆرێک وەپاشم خستبا. نازانم ئەمانە شیعربوون یا نا. تەنها ئەوە دەزانم کە ئەوکات زۆر (من) هەبوون، دڵڕفێنانە بوون و دەزانم کە زۆریش ئاسان بوون. من هێشتا دروست نەببووم، زمان و فۆرم و دنیای فکری خۆم نەدۆزیبووەوە. لە نێو ژینگەیەکی بچووک و تەسکدا بووم کە ناوی دەنێین ژیانی بنەماڵەیی یا خانەوادەیی، بەڵام دوایی یەکسەر خاڵی بوومەوە لەو قسانە. ژینگەکەم گۆڕی، واتە بە ناچاری و بە سروشتی گۆڕا. لە ڕاستیدا (دیوار) و (عصیان) بە نائومێدانە، دەست وپێ کوتانە لەنێو دوو قۆناغی ژیاندا. دواهەمین هەناسەکانی بەر لە جۆرێک ڕزگاربوونە. مرۆڤ دەگاتە قۆناغی تێهەزرین، لە جحێڵایەتیدا ئیحساسەکان ڕیشەی سست و لاوازیان هەیە، تەنها ڕکێشکردنیان بەهێزە، ئەگەر دواتر بە هۆی ئاوەزەوە ڕێبەری نەکرێن و یا دەرەنجامی تێهەزرین نەبن، وشک دەبن و تەواو دەبن. من سەیری دنیای دەوروبەرو ئامرازو کەسەکانی دەوروبەر و هێڵی سەرەکی ئەو دنیایەم کرد، کەشفم کرد و کاتێک ویستم قسەی لەگەڵ بکەم، سەیرم کرد کە پێویستم بە وشە هەیە، وشەی نوێ کە تایبەت بن بەو دنیایە. ئەگەر ترسیبام دەمردم، بەڵام نەترسام، وشەکانم هێنانە گۆڕێ. بە من چی ئەگەر هێشتاکە ئەو وشانە نەببوونە وشەی شاعیرانە، خۆ گیانیان هەبوو. دەیکەینە شاعیرانە. کاتێک وشەکان چوونە نێو شیعرەوە، لە ئەنجامدا پێویستیان بە گۆڕان و دەستکاری لە کێشەکانیاندا هەیە. ئەگەر ئەم پێویستییە سروشتییانە نەهاتبانە پێشەوە، کاریگەری نیما نەیدەتوانی کارێک بکات. ئەو ڕینوێنیکەری من بوو، بەڵام من سازێنەری خۆم بووم، من هەموو دەم پاڵپشتی ئەزموونەکانم بوومە، دەبوایە سەرەتا ئەوە کەشف بکەم کە چۆن نیما گەیشتە ئەو زمان و فۆرمە. هیچ سوودێکی نەبوو، ئەوکاتە دەبوومە لاساییکەرەوەیەکی بی ویژدانانە، دەبوایە

ئەو ڕێگایە ببڕم، واتە ژیانم کردبایە.

کاتێک کە دەڵێم (دەبوایە)، ئەم دەبوایە شرۆڤەکەر و واتابەخشی جۆرێک لە سەرسەختی و توانایی غەریزی و سروشتی نێو منە. جگە لە نیما زۆرێک منیان جادوو کرد، بۆ نموونە (شاملو). ئەو لە ڕووی مەیل و خواستە شیعری و ئیحساساییەکانەوە، نزیکترین شاعیرە لە من. کاتێک کە (شعری زندگی است ـ شیعرێک ژیانە)م خوێندەوە، سەرنجمدا کە بوار و توانایی زمانی فارسی زۆر زۆرە. ئەم تایبەتمەندییەم لەزمانی فارسیدا کەشف کرد کە دەتوانرێت بە سادەیی قسە بکرێت. تەنانەت سادەتر لە (شیعرێک ژیانە)، واتە هەر بەو سادەییەی کە خەریکی قسەکردنم لەگەڵ جەنابتدا، بەڵام دۆزینەوە بە تەنها بەس نییە.

زۆر باشە، ئەوە کەشفم کرد و دۆزیمەوە، ئەی دوایی چی؟ تەنانەت لاساییکردنەوە ئەزموونی گەرەکە. دەبوایە بە ڕێڕەوێکی سروشتی و لە دەروونی خۆمەوە و لە بەرانبەر خواستی پێویستییە هەستی و هزرییەکانی خۆمەوە بەرەو لای ئەم زمانە چووبام و ئەم زمانە خۆبەخۆ لەمندا دروست بوایە. لە ئەوانی دیکەدا دروست ببوو. ئێستا کەمێک بەم شێوەیەی لێهاتووە، مەگەر وا نییە؟ من وای دەبینم کە لەو بوارەدا بە ئامانجەوە چوومەتە پێشێ. زۆر کاغەزم ڕەش کردنەوە، ئێستاکە کارم گەیشتووەتە شوێنێک کە کاغەزی بۆر دەکرم، چونکە هەرزانترێکە.

* باش بوو کە قسە گەیشتە شیعری دیالۆگ و شیعری گفتوگۆ. ئەگەری ئەوە هەیە کە ئێوە کاریگەریتان لە کاری شاملووە لەسەر بێت، بەڵام خودی شاملووش ئەم کاریگەرییەی وەرگرتووە و گواستوویەتییەوە، بە تایبەت ئەم خاڵە کە نیما بەدەر لە کاری سەربەخۆ و سەرکەوتووی خۆی، بۆ نموونە (ماخ لولا)، لە گشت بوارەکانی دیکەشدا

**زمانی فارسی میلۆدی خۆی هەیە و هەر ئەم میلۆدییەشە کە کێشی شیعری فارسی بەرهەم دێنێت و بەڕێوەی دەبات.**

**بەختەوەرییەکانی من ئەوەیە کە نە زۆر ڕۆیشتوومەتە نێو ئەدەبیاتی کلاسیکی وڵاتی خۆمان و نە زۆریش ڕاکێشراومەتە نێو ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی**

هەوڵی داوە و ڕێگایەکی کردۆتەوە، دواجار هەر شاعیرێک بە شیعرێکی سروشتی شێوەی بەیانکردنی تایبەتی خۆی هەڵبژارد کە ئەگەریش وەها نەبێت و بەو شێوەیە نەکات، لە لاساییکەرەوەیەک زێتر نییە. لە شوێنێکدا دەبینین کە شاملوو لە نیما جیابووەوە، من وا بیر دەکەمەوە لە شیعری "مطعنامە" کە مانیفێستی شاعیرەکەشە، ئەگەرچی گوتەی شیعری نیما لە شیعریدا هەیە.

با بگەڕێینەوە بۆ قسەکانمان. بە بڕوای من، هەوەڵین سەرنجی دلۆڤانی و ساغڵەم لە شیعری دیالۆگدا کە بوارێکی بەهێز و دەوڵەمەندە لە زمانی ئێمەدا لە لایەن ئێوەوەیە، لە کۆندا دەیانویست بە مشتومڕ و گوتم و گوتی ڕێگایەک بدۆزنەوە کە دووبارە عەیب و هۆکارە زمانییە نادیالۆگییەکانی تێدابوو، تا پەروین ئیعتصامی کە زۆرێک پشتیان بە دیالۆگەکانی دەبەست، بەڵام توانای هەستی و شیعری پەروین هەمووکات لەم جۆرە شیعرەدا نەبوو، بەڵکو لە شیعرە هۆکاری منداڵانە و ئارەزوودارەکانیدا بوو کە جاری وا تەواو زمانێکی سروشتی هەبوو. لە ڕووی تەکنیکەوە دەمەوێت بڵێم کە یەکەمین هەوڵ لە شیعری گفتوگۆیی، شیعری زمانی ڕۆژگاری ئێمە، شیعری ئێوە بووە، هەڵبەت شێوەی بەیانکردنی دیکە لە گفتوگۆ هەیە. ئەم جۆرە ڕاڤەیەی ئێوە بۆ نموونە لە (شیعرێک کە ژیانە) سەرکەوتووترە. ئەم هەوڵە گەیشتووەتە شوێنێک کە مەسەلەیەکی نوی لە کێشی شیعری ئەمڕۆ گەڵاڵە کردووە، چونکە خودی زمان، موسیقی هەیە. بە شێوەیەکی سروشتی سەرەڕای ئەوە، پراکتیکی ئەم موسیقییە لەگەڵ موسیقی شیعری کە بۆ نموونە لە زمانی فارسی بریتییە لە ڕێکخستنی تایبەت لە خراپەگۆییە درێژ و کورتەکان، هەوڵێکە دروست و ئێوە لەم بوارانەدا چەندین کارتان کردووە. دەمەوێت بپرسم کە ئێوە چ پێشینەیەکی کلاسیکیتان لەم بوارەدا بینیوە؟

-: نا کلاسیک نا، ڕەنگە هەبێت، بەڵام من نایناسم.

*** کاتێک کە لەم بواردەدا دەستتان پێکرد، ڕووتان لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا نەبوو؟**

-: نا، من سەرنجی نێوەرۆکیانم دەدا، سروشتییە، بەڵام کێش نا، چونکە جیاوازە. *زمانی فارسی میلۆدی خۆی هەیە و هەر ئەم میلۆدییەشە کە کێشی شیعری فارسی بەرهەم دێنێت و بەڕێوەی دەبات.*

*** دوای هەموو ئەو هەوڵ و ڕێگایانەی کە پیایاندا ڕۆیشتوویت، گەیشتوویەتە چ شوێن و بوارێک؟**

-: دەزانن کە من مرۆڤێکی سادەم، بە تایبەت کاتێک کە دەمەوێت قسە بکەم زەرووریەتی ئەم مەسەلەیە زیاتر هەست پێدەکەم. *هیچ کاتێک کێشەکانی عەرووزم نەخوێندووە*، بەڵکو لەو شیعرانەی کە دەمنووسین دەدۆزییەوە، کەواتە بۆ من حوکم و فەرمانی نەبوون، ڕێگاگەلێک بوون کە کەسانی دیکە پێیدا ڕۆیشتوون. یەکی لە *بەختەوەرییەکانی من ئەوەیە* کە نە زۆر *ڕۆیشتوومەتە نێو ئەدەبیاتی کلاسیکی وڵاتی خۆمان و نە زۆریش ڕاکێشراومەتە* نێو *ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی*. من بە دوای شتێکەوەم لە دەروونی خۆمدا و لە دنیای دەوروبەری خۆمەوەم. لەسەردەمێکی دیارکراودا، لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی و هزری و ئاواز ومیلۆدییەوە، ئەم ژیانە تایبەتمەندی خۆی هەیە. نهێنی کارەکە لەوەدایە کە درک بەم تایبەتمەندییانە بکەین و بمانەوێت ئەم تایبەتمەندییانە بخەینە نێو شیعرەوە. بۆ من وشەکان زۆر گرنگن، هەر وشەیەک ڕوحێکی تایبەتی خۆیان هەیە، بە هەمان شێوەش کەرەستەکانی من هەروەک گوتم زۆر لە ڕابردووی شیعری وشەکانی و کەرەستەکان نییە. بەمن چی کە تاوەکو ئێستا هیچ شاعیرێکی فارسی زمان بۆ نموونە وشەی تەقینەوەی لە شیعرەکەیدا بەکارنەهێناوە. من لە بەیانییەوە تا ئێوارە کە سەیری دەوروبەر دەکەم، دەبینم کە شتێک خەریکە دەتەقێتەوە. کاتێکیش کە دەمەوێت شیعر بڵێم، ئیتر خۆ ناتوانم خیانەت بەخۆم بکەم. ئەگەر ڕوانین، ڕوانینی ئەورۆیی بێت، زمانیش وشەکانی خۆی دەدۆزێتەوە و ڕێککەوتن و هاوئاهەنگی لەم وشانەدا کاتێک زمان پێکهات و بووە یەک دەست و ڕێکخراو، کێشی خۆی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و دەستاودەست دەکات لە نێو کێشەکانی دیکەدا. من ڕستەکە بە سادەترین شێوە کە لە مێشکمدا دروست دەبێت، دەخەمە سەر کاغەز و وەکو پەتێک کە بەنێو ئەم وشانەدا تێپەڕیوە، بی ئەوەیکە ببینرێت تەنها دەیانپارێزێت و ناهێڵێت بکەون. ئەگەر وشەی تەقینەوە لە کێشەکەدا ناگونجێت و بۆ نموونە دەبێتە هۆی دروستبوونی جەڵتە، زۆر باشە. ئەم جەڵتەیە وەکو گرێیەکە لە نێو ئەم پەتەدا و دەکرێت بە گرێی دیکە ئەسڵی گرێیەکە بخەینە نێو کێشی شیعرەکەوە و لە کۆی گرێیەکانی میلۆدییەک و هاووێناییەک درووست بکرێت مەگەر یما ئەم کارەی نەکردووە؟ بە *بڕوای من ئیتر ئێستا سەردەمی بە قوربانیکردنی واتا لە بەر ڕێز و ئیحترامی کیش تێپەڕیوە*. دەبێت کێش هەبێت، من بڕوام بەمە هەیە لە شیعری فارسیدا کۆمەڵێک کێش هەن کە توندی و پیاکێشانی کەمتریان هەیەو لە ئاوازی گفتوگۆوە نێزیکترن. دەتوانرێت ئیشیان لەسەر بکرێت و بەرفراوانتر بکرێن، دەبێت بەرێوەبەری کێش بێت، بە پێچەوانەی ڕابردووەوە، زمانی هەستێ، زمانی غەریزیی وشەکان و میلۆدێ. ناتوانم لەم بارەوە پرسەکان فۆرمۆلە و

شرۆڤە بکەم، چونکە مەسەلەی کێش مەسەلەیەکی ماتماتیکی و لۆژیکی نییە، هەرچەندە دەشڵێن هەیە - هەمیشە دەبێت گوێکانم قەبووڵی ئەوە بکەن کە کاتێک کە دەپرسم لە پانتایی زمان و کێش گەیشتوومەتە چ بوارگەلێک، تەنها دەتوانم بڵێم بە دلۆڤانی و سادەیی ناتوانرێت ئەم کێشەیە بە فۆرمە هەندەسییەکان بهێنە بەرچاو. دەبێت ڕاستەقینەترین و جێگای لەمسترین وشەکان هەڵبژێرین، تەنانەت ئەگەریش شاعیرانە نەبن دەبێت چوارچێوە و قاڵبەکە بخەینە نێو ئەم وشانەوە، نەوەک بە پێچەوانەوە. دەبێت زیادییەکانی کێش لابەرین و فڕێیان بدەین. ئەگەریش خراپ بوو نابێت، ئەگەر هەستی ئێوە وشەکانتان ڕوونیەتی خۆیان هەبێت، یەکسەر ئەم خراپی پەیماننامەییە تێدێنێتەوە، هەر لەم خراپیانەوەیە کە دەشێت شتگەلی نوێ بەرهەم بهێنرێت.

کاتێک کە گوێ، توانایی وەرگرتنی سنووردار نەبێت، ئەم میلۆدییە نوێیانە دەدۆزینەوە، ئەم هەموو قسەیەم کرد، هێشتاکەش کلیلەکە نەدۆزراوەتەوە. کێشەکە لێرەدایە کە ئەم دوو مەسەلە واتە (زمان) و (کێش) لە یەکتری جیا نین. لەگەڵ یەکتری دێن و کلیلەکەیان لەگەڵ خۆیاندایە. من دەتوانم چەندین نموونە بۆ ئێوە بهێنمەوە لەو کارانەی کە لەم بوارەدا کراون، واتە لە ناسراوەکان دەهێنمەوە. بۆ نموونە سەیری شیعری (ای وای مادرم - ئەی وای دایکم)ی شەهریار بکەن، کاتێک شاعیرێکی غەزەلبێژی وەک شەهریار لەگەڵ مەسەلەیەکدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە ئیتر ناتوانێت لە بەرانبەریدا نادلۆڤان بێت بە شێوەیەک دەبێت کە ناکرێت ئەو چاوەڕوانییەمان لە شەهریار هەبێت. ئەم شیعرە دەرئەنجامی چرکەساتی سەرنجێکی دڵڕەقانە و ڕاحەتە بۆ ڕاستییەکانی ژیانی ئەوڕۆیی، بە فۆرمی تایبەتی ئەوڕۆیی خۆیەوە. من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە تەواوی پێویستی و ئامرازەکان لە ئەنجامی ئەم سەرنجەوە خۆبوخۆ بەرهەڤ دەبن.

*** مەسەلەکە ئەمەیە کاتێک قسە لە تەکنیکی شیعری ئێوە دەکەین ئەگەر کەسێک لە دەرەوەی خۆت (شیعری گوتن) بڵێت، ڕەنگە بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی ئەلفاز و وشەکان، پرسیار لە ئاگایی ئەو بکات کە بە گومانی من پرسیار پەرتی یا پەرتبوونی پرسیارە و وەڵامەکەشی پەرتە. ئەم خاڵە (ئلیەت) ڕوونی کردۆتەوە کە شاعیر پێشتر تاقیکردنەوەکانی دەکات و ئاشنای وشەکان دەبێت و چێژێکی سروشتی وەدەست دێنێت و جۆرێک لە (گوتن) دەبێتە پاشای زمانێ. شاعیر هەمیشە تا ئەو شوێنەی کە دەبێتە شاعیر - بۆ نموونە فروغ فرخزاد یا کەسێکی دیکە یا هەرکەسێک کە ئێوە پێی ڕازیبن، ئیتر گەرەکیەتی شیعر بڵێت نەک ئەوەیکە هەوڵی شیعرگوتن بدات، پەرت و لابەلا دەڕوات، یاری**

**ناتۆرالیستییانە و سوریالیستییانە دەردێنێت ـ پێویستە هەوڵی جدی دابێت بۆ پەرەپێدانی زەین، دۆزینەوەی ئەلفازەکان و درووستکردنی ڕێکخستن و ڕستەکان و گۆڕانە زەینییە تایبەتییەکان. تا ئێرە بە گومانی من شاعیر نییە، منداڵێکە و خەت خەتێن. لێرەوە بە شێوەیەکی گشتی تەرح دێتە گۆڕێ. دابەشکردن و جیاکردنەوەی لە ڕەخنەدا، گشت مەسەلەکان ڕوون ناکاتەوە: شاملوو چەندین هەوڵی دا. نزیکەی چەندینساڵ، بیست و چوار، بیست و پێنج دەفتەری شیعری هێنا (میلۆدییە لەبیرکراوەکان) کە لە بەراورد بە شیعری نیما لەوکاتەدا تەنانەت ساڵانەکانی پێشتریش، زۆر منداڵانە بوون، کەواتە ئەم غەریزەبوونە قەبووڵ دەکەین. من هەمان ئەو نموونەی کە ئێوە لە شەهریار واتە (ئەی وای دایکم)تان هێنایەوە لە ڕووی فۆرمەوە لێی ورد دەبمەوە، شەهریار لە شیعرەکانی زمانی دایکی خۆی زۆر سادەتر و بە تواناتر شیعر دەڵێت. پارچەکانی (حەیدەر بابا، یە سەلام) شیعرێک کە لە زمانی تورکیدا بێ نموونەیە. بە بڕوای ئەهلی زمان و ڕەنگە (ئەفسانە) تێدا بێ کاریگەر نەبێت و بە بڕوای تورکزمانەکان تەنانەت زمانێکی دەوڵەمەندتری لەو هەبێت، لەبەر ئەوەیکە دوای ئەفسانە و دوای ئەزموونەکانی نیمایە، بەڵام ئێوە هەر لە (ئەی وای دایکم) تەنها سادەیی دەبینن. فۆرم لەم شیعرەدا بوونی نییە. فۆرمی هۆشیارانە خۆخەریککردن لە فۆرمدا بەهێزبوونی خودی شیعرەکە، پێکهاتە و کەمپۆزسیۆنی شیعرێ، ڕەنگە سادەیی قسەکان مرۆڤ سەرسام بکات، بەڵام بۆ کەسانی شارەزا، ئەم لاوازییانە بەرچاون. ئەم مەسەلەیەی کەمپۆزسیۆنە ـ لە شیعری ئێوەدا حەل بووە، واتە لەفز، کەلام، کێش و هزر بۆ ئەو ئاراستەیەی کە شاعیر ویستوویەتی یا دەیهەوێت، هیدایەت کراوە: هەمان ئەو هۆشیاری و چاودێریەی (ئلیەت) وتوویەتی پێشەکییە نەک دواتر ـ مەبەستی کۆتاییم ئەوەیە کە ئەم (هەڵبژاردن)ە هەمیشە لە شیعردا هەیە و دەشبێت هەبێت ـ هەڵبژاردن کاری هونەرمەندە، بەڵام دواجار لە کاتی گوتندا نائیردادییە؟**

-: لەم جۆرە شیعرە لەو بڕوایەدا نیم کە شیعرێکی ناسەرکەوتوو بێت، هەڵبەت کاملّ و تەواو نییە، ڕەنگە هۆکارەکەی ئاڵوودەبوونی زۆر توند بێت بەو چوارچێوە و قاڵبە زۆر هەژمارکراوانەی ڕابردوو، بەڵام لە غەزەلدا، لە چرکەساتێک گەیشتە ئێرە. کارێکە کە وەک گوتمان ئەم کارە تەنها دڵڕەحمی و دلۆڤانی دەتوانێ ئەنجامی بدات، بەڵام لەمەڕ شیعری خۆمەوە ئەگەر ئێوە وەهابیر بکەنەوە مەسەلەی فۆرم لە شیعری مندا بووە و یا جۆرە ڕێکخستن و هاوئاهەنگییەک لە ئەندامەکانی شیعری مندا پێکهاتووە، هەر بەو شێوەیەی کەوتتان بیر دەکەمەوە دەرەنجامی جۆرێک لە گەیشتن بێت بە ئاستی هەڵبژاردن ـ

هەڵبـژاردن بە شـێوەیەکی گـشتی نەک لە چرکـەساتی ئەفـران ـ دەبێت لە پۆلی یەکـەمـەوە دەست پێـبکەین تابگەینـە پۆلی دوازدە و دیپلۆم وەرگـرین. من نازانم لە کامـە پۆلدام، بەڵام دەزانم کـە ئیتر ئێـستاکـە هـەمووشـتێ خۆبەخۆ بەرهـەم دێت و ئەم خـۆبەخۆ درووسـتبـوونە دەرەنجامی گـەیشـتنە (خـود)ە. نـەهۆ زەوق و فـیکر و هـەسـت و وەرگـرتنەکـانن کـە نـەهێنیـانە، بەڵام لێبڕاوانە، ئاراستـە و ڕێنوێنیم دەکـەن. شیـعریش هـەروەک مرۆڤ دەبێت سـەرەتا باڵغ بێت، دوایی هـەر کـارێک کە دەیهـەوێت بیکات با بیکات. دوای ئەم قۆناغەیە کـە ئیتـر شیـعر مـافی ئەوەی هـەیە بگۆترێت، بەڵام دەبێت هـەر چۆنێک بـووە ئەم قۆنـاغـە ببـڕێت. هـەمـوومـان تێـمـان پەڕانـدووە دیارە وەهـا بیـر دەکـەینەوە تێـمـان پەڕاندووە، ڕەنگـیشــە لە خـۆڕا بڕوا بە خۆمـان دەکـەین، بە هـەرحاڵ دەبێت بگـەینە کـەماڵێک لە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانـەشدا.

*** ئەوە درووسـتە کـە مرۆڤ هـەوڵ دەدات تا بگاتە کەماڵێـک و کاتێکیش گـەیشـتـە کەماڵێـک یا باشـترە بڵـەین کە بیری لـە کـەمـاڵێک کردەوە هـەمـوو ئەم پرسـیـارانە لای خـاڵی دەبنەوە. دواجار مـەسـەلەی کـەماڵئەندێشی لە کاری شیعریدا (کە لەمپەر و نارازیکەرە) زۆر دژوارە و شـیـاوی لێـوردبـوونەوە و هـەڵسـەنگـاندن: ئەوەیکە دەیـوانی (تولدی دیگر ـ لەدایکبـوونێکی دیکە) بەرهـەم دێنێت کـە شیـعرێکی بەهـادارە، لەچاو ئەو کارانەی کە کراوە و لە ڕوویەکـەوە درێژەدەری ئـەو کــارانـەیـەکــە نیــمــا کــردوویەتی و جــێگای ســوپاسن. هـەر لەبـەر ئەم کـەماڵئەندێشیـەیە کە چاوەڕوانی ئاگاییم لە ئێوەوە هـەیە و دەپرسم خـۆتان لەم چرکـەساتەی زەمـەنـدا و لـەم قـۆنـاغـە شیـعـریەی کـە تێـیکـەوتوون و بەو هـەمـوو هـەوڵەی کـە داوتانە و ئەو ئاگـاییەی کـە لەمەڕ عـەیب و هونەری کـاری خـۆتان هـەیە، لـە دڵەوە ڕەخنەیەک لە کارەکـەتان بگـرن و لـەم دەفــتــەرە کــە پێــشــانـتــان داوە، لە چ شــوێـنێکی ڕازین و لـە کــوێیــدا بـواری پێشکەوتنتان هـەیە؟**

–: ئەمـە پرسـیـارێکی سـەرنجـڕاکـێشـە. دەزانن *عـەیبی کـاری من لەوەدایە کـە هێـشـتـاش هەموو ئەو شتانەی کە دەخـوازم بیانڵێم، ناتوانم بانێڵێم*. من تەمبـەڵم، هـەموودەم لە لایەنە نەرێنییـەکـانی وجوودم ڕادەکـەم و خـۆم دەسـپێـرمـە ڕەهـەنـدە نەریتییـەکـانی ـ بۆ نموونە ئەوە کە لەبری ڕەخنەی ئەدەبێ، خـەریکی ڕەخنەی ئەخلاقیم ـ لێگەڕێ...

بەهـەرحـاڵ ئەم حـاڵەتـانە ناتوانن بێ کـاریگـەر بن لە شـیـعرێـکی مـرۆڤـدا. کـاتێک سـەیری کـتێبی (تولـدی دیگر) دەکـەم، داخـدارم. بەرهـەمی چـوار سـاڵ ژیان زۆر کـەمـە. من تـەرازووم نەگرتـوەتە دەست و شـیعـرەکانم بکـێشم، بەڵام چاوەڕوانی زیاترم لە خـۆم هـەبوو و هـەمیـشـە هـەشمـە. شـەوان کە دەمـهـەوێت بخـەوم، لە خـۆم دەپرسم ئەوڕۆ چیت کردووە؟ دەمـهـەوێت بڵێم

عەیبی کاری من لێرەدایە کە دەیتوانی زۆر باشتر بێت و زۆر خێراتر گەشە بکات، بەڵام منی گەمژە لەبری ئەوەیکە یارمەتیم دابێت، بە تەمبەڵی و بەم لاو بەولاداچوون، بە شانە بەرزکردنەوە و نائومێدییە فەیلەسووفانە گاڵتەجارانییەکان و ئەو دڵسەردیانەی کە بەرهەمی بیرتەسکی و چاوەڕوانی گەمژانەن لە ژیان، پێشم پێ گرتووە. ئەمەش کە نابێتە ڕەخنە، وەرن بچینە نێو وردەکارییەکانەوە و لە ڕاستیدا جۆرە ڕەخنەیەکی فەننی ئەنجام بدەین، هەرچەندە کە کاری من نییە ئەو مەسەلانەی کە لە کۆیدا سەرکەوتووم. نازانم ناشمەهەوێت بزانم، چونکە دەبێت تێپەڕم و شێعریش بەردەوامە و ناتوانێت لە چوارچێوەیەکی جواندا بمێنێتەوە. هزری سەرکەوتن، مرۆڤ فریو دەدات. مەغروور و دەیوەستێنێت. من دەمهەوێت ژیان بکەم و شتی نوێ فێر بم، بەڵام مەسەلەی دووەم، واتە لە کوێ خۆم بە سەرکەوتوو دانایەنم. با نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە. لە کتێبی (تولدی دیگر) چەند شیعرێک هەیە کە نەدەبوایە چاپیان بکەم. من لەمەڕ کاری خۆمەوە دادوەرێکی زاڵمم. تەنها هەندێک شیعر هەن کە نازانم بۆچی ئەوەندەم خۆش دەوێن، ڕەنگە لەبەر هۆی پەیوەندی تایبەتییەوە بێت. بۆنموونە شیعری (سفر ـ سەفەر) کە دەبوایە بیدڕێنم و فڕێی بدەم یا دەسپێکی شیعری (ان روزها ـ ئەو ڕۆژانە) کە چەند پارچەی هەوەڵی زۆر لاوازن و بەبڕوام ڕەوتێکی سروشتیان نییە و لەگەڵ پارچەکانی دواییدا ڕێک ناکەون و شیعری (افتاب میشود ـ دەبێتە هەتاو) بە تەواوی پەرت و بڵاوە، تەنها مۆسیقی هەیە و ئیحساساتییە، هەروەک کچێکی چواردە ساڵە یا (غەزەل). من کاتێک (١٣ یا ١٤) ساڵە بووم، زۆرم غەزەل دەنووسین و هیچکات چاپیانم نەدەکرد. تەنها سەیری غەزەلم دەکرد، سەرەڕای ئەوەیکە حەزم لە حاڵەتی گشتی دەهات، بەخۆم دەڵێم:

"باشە خانم، بە کۆمپلێکتی غەزەلگوێی تۆشی گرتەوە".

وەها پێدەچێت کە بوێری و توانایی کتێبەکە یەکدەستە، بەلانیکەمەوە لە ڕیشەیدا ـ هەندێکجار کە دەرەنجامەکەیم لێک داوەتەوە و یا شرۆڤەم کردووە، خۆشم لە خۆم نەهاتووە. بۆ نموونە شیعری (در اب سبزهای پایز ـ لە ئاوە سەوزەکانی هاوین)دا چوار دێری کۆتایی زیادییە. لەو کارانەیە کە (نادرپوور) دەیانکات و من دەخاتە هەڵپەکردنەوە. دواهەمین بەشی شیعری (عەلی بچووکۆلانە) لاوازە. هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە ئەم شیعرە بە ناتەواوی مایەوە و دواتر ویستم تەواوی بکەم ئیتر نەچوومەوە نێو ئەو چرکەسات و حاڵەتەوە، بۆیەشە کەمێک شیعرەکە ناتەواوە. هەروەها شیعری (ای مرز پر گوهر ـ ئەی سنووری پڕ گەوهەر) کە تووشی ئەم چارەنووسە هات و ئەوەبوو کە زۆر لە دوو بەشی

کۆتایی ڕازی نیم. کاتێک کەسێک ناوی خۆی ناوناوە شاعیر و دەیهەوێت ڕەخنە لە کارەکانی خۆی بگرێت. سروشتییەن لەوە باشتر نابێت. دەزانن من زیاتر سەرنجی نیوەرۆک دەدەم...

ئێستا تەمەنم بووەتە (٣٠) ساڵ و سی ساڵی بۆ ژن تەمەنی کەماڵە. بەهەرحاڵ جۆرێک لە کەماڵ، بەڵام نێوەرۆکی شیعری من نەبووەتە سی ساڵ، بەڵکو جەحێڵترە. ئەمەش گەورەترین عەیبە لە کتێبەکەی مندا. دەبێت بە هۆشیاری و شعوورەوە بژین. من تێکەڵ و پێکەڵ بووم. پەروەردەی هزریم لە ڕووی بنەمایەکی درووستەوە نەبوو. بەو شێوەیە بە تێکەڵاوی خوێندمەوە و پارچە پارچە ژیانم کردووە و دەرەنجامەکەشی ئەمەیە کە درەنگ وەئاگا هاتووم. ئەگەر بشێت ناوی ئەم پیتانە بنێن بێداری و وەئاگاهاتن - من هەمیشە زیاتر باوەڕم بە دواهەمین شعرم هەیە تا شیعرەکانی پێشتر. زەمەنی ئەم بڕوایەش زۆر کورتە. دواتر لێی زەدە و وەڕەس دەبم و هەموو شتێک بە بڕوام سادە ومنداڵانەیە. من لە کتێبی (تولدی دیگر) چەندین هەیڤە جیابوومەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا وەها بیر دەکەمەوە کە دەکرێت لە دواهەمین بەشی شیعری (تولدی دیگر)ەوە دەست پی بکرێت. - جۆرە دەستپێکێکی هزری - پرسی زەمان خۆی حەل دەبێت و زمانیش کێش لەگەڵ خۆی دەهێنێت. پرسی سەرەکی فیکر و ناواخنە. من هەست دەکەم کە ئەتوانم لە (پەریەکی غەمگین کە لە ئەقیانووسێکدا دەژیت و دڵی لە نەییەکی دارین دەژەنێت و دەمرێت و دووبارە لەدایک دەبێتەوە) دەسپێکێ دروست بکەم...

*** هەوڵ دەدەم کە بۆ ئاواز و حاڵی هەندێک لە شیعرەکانی ئێوە، وشەیەک بدۆزمەوە. ئەگەر مرۆڤێک بیهەوێت ناسین و ڕەخنەیەک ئەنجام بدات و ببێتە پردی پەیوەندی نێوان شاعیر و خەڵکانی دیکە، کە کارێکی ئازاردەرە. - بۆ نموونە ژیاننامە و ڕاڤەیەکی (دانپیانانی con fissional) بۆ هەندێک لە شیعرەکانی ئێوە کە حاڵ و هەوایەکی وەهایان هەیە، لەم بوارەدا نیما تەواو سەرکەوتووە. لەوەوە کە شیعری ئەو، شیعری سرووشت - شیعری ناخوودییە و شیعری «من»؟**

-: بەدڵنیاییەوە.

*** کەواتە دووتەوەری «سادەی»، «سەحرانشینێ» و «ڕاشکاوی»یە. یەکیان سادەییەکی زۆر کرچوکاڵ و ئەویتریشیان سادەیی پڕ ئەزموون و دنیادیتوو. دوای هەموو ئەوانیش بەجێهێشتنەکان؟**

-: من بڕوام بەم دووهەمینیان هەیە.

*** ئەم سادەیە ـ سەرەتاییە ـ لە کاری ئێوەدا هەیە.... واز لە (دوو بەیتییەکان) بهێنن، ناویان؟**

-: عاشقانەکان و زۆنگ...

*** ئێوە کە (دوو بەیتێ)تان هەڵبژاردووە، فۆرمی تایبەتی دوو بەیتی (راحەتتیرن شێوازی (گوتن)ی ئەم جۆرە پرسانەیە؟**

-: نا، ڕەنگە هاورەوتترین چوارچێوە بێت. ڕاحەت و ئاسان نییە. لەبارترین قاڵبە بۆ گوتنی هەندێک بابەت. سەبارەت بە دوو بەیتییەکان خراپ نییە کەمێک قسە بکەم. دەزانن من لە دوو بەیتی عاشقانەدا دەمویست سنوورێک لە عشق بەیان بکەم کە ئەوڕۆکە ئیتر ئەو سنوورە نییە. گەیشتنە جۆرێک باڵابوون لە خۆشەویستی و گەیشتبوومێ وئەم حاڵەتەی (ئەوڕۆیی) نەبوو. ئەوڕۆکە خەڵکی عەشق بە تێکتاکی دەمژمێرەکانیان دەپێوین. لەنێو دەفتەرەکانیاندا تۆماری دەکەن تا بەقەول جێگای ڕێز بێت. یاسای بۆ دەنووسنەوە و بەهای بۆ دادەنێن و بەوەفاداری و خیانەت سنوورداری دەکەن، بەڵام ئەو هەستەی کە لە مندا بوو، جیاوازە لەم قسانە. ئەو هەستە، منی دروستکرد و کامڵی کردم. دەزانم کە ئەو هەستە لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی ئەوڕۆدا، هەستێکی ناباو بوو و هەیە. هەندێکجار مرۆڤ ناچار دەبێت کە بۆ ڕاڤەکردنی هەندێ لە هەستە نائاسایی و ناباوەکانێ، پەنا بەرێتە بەر هەندێک کاتی نائاسایێ و ناباو. کێشی دوو بەیتی بۆ من، شتێکە هەمیشە جیا و هەموودەم بەخوڕ. ڕەنگە ئەم سیفەتە، قسەکانی مەولەوی بەم کێشەی بەخشیبێت کە لەگەڵ باشیەتی هەستی من هاوڕەوتە و بۆیەش هەستی من بەم شێوەیە ڕاڤەکرا.

بە خوداێ، ئەم کێشەیە سیفەتێکی باشی هەیە. باشی بە نائاسایی دەمێنێتەوە، بەڵام کۆن نابێت و نامرێت. ئیتر دوو بەیتی (زەلکاو) شرۆڤە ناکەم. هۆکارەکەی جۆرێک خواستی هەستێکی سەداسەدی نەبوو، خۆی دروست دەبێت، ڕەنگە نەیدەتوانی بەجۆرێکی دیکە دروست ببێت. ئەم شیعرە فۆڕمی خۆی هەیە. یەکسانییەتی زەلکاوی هەیە. لەنگی و خواری زەلکاوی هەیە. قسەیەکی کۆنە و ئازارێکی ماندووکەرە، تووڕە نییە و پەیوەست نییە بە دەنگەدەنگی پاس و کارخانەکانەوە. نازانم ... تەنها ئەوە دەزانم کە زەلکاوە.

*** لەوەدا کە ئەم شیعرانە زۆر دلۆڤانانەن، قسەی تیا نییە. سەیرکەن ئێوە کە لە شیعرەکاندا زۆر ڕەحەت و ئاسان قسە دەکەن و (گرێ) کلاسیکییەکانیش لەنێو شیعرەکاندا نییە. وەکو سووککەرەکان. وەک کێشی بێ گرێوگۆڵ و خێرا و پێکهاتە و وشە زیادەکان کە لەگەڵ سیفەتی ڕاڤەگەری ناشیعری ـ کە هەندێک کەسیش لە شیعرە بێ کێشەکانیان، لەخۆڕا ئەم وشانە بەکاردەهێنن بۆ ئەوەیکە عەیبەی ناڕێکی بەشێوەیەک جوبران و تێ بێننەوە ـ ئێوە ئەم کارەکەتان کردووە و ئەمەش شانسێکە. با بگەڕێینەوە بۆ (تولدی دیگر). لەم دەفتەرەدا چەند شیعرێک هەیە کە بە گومانی من لەچاو شیعرەکانی دیکەتان لە شیعرە سەرکەوتووەکان نین، بۆ نموونە (دەبێتە هەتاو)؟**

-: ڕاستە، من خۆشم گوتم کە سەرکەوتوو نییە. دەبوایە بیدرکێنم، بەڵام لەعنەت لە باوکی ئەم خواستە تایبەتییە. لە ڕاستیدا ئەم شیعرە لە سروشتی خۆیدا درێژەی شیعرەکانی (اسیر ـ بەند) و (دیوار)ە. تەنها گوتم جۆرێک لە میلۆدی تێدایە و جۆرێک ڕێککەوتنی لە وشەکان هەیە کە من خۆشم لێی دێت.

*** واتە هەمان لێبڕاوی کێشێ، کە خۆتان ڕەدی دەکەنەوە؟**

-: ڕێک بەو شێوەیەیە، بەڵام ئێوە سەرنجی ئەم پرسە نادەن کە من دەمویست ڕێڕەوی کارەکەم بە لانیکەمەوە پێشانی خۆم دابێت. ئەم شیعرانە بەرهەمی چوار ساڵ ژیانن. (خراپتر)ین و دواتر هێواش هێواش (خراپ) دەبن و دواتریش هێواش هێواش (کەمێک باش) و (هیوادارکەر).

*** و ڕەنگیشە بە پێچەوانەشەوە. خراپییەکانی بە باشییەکانی ببەخشێت؟**

-: بە بڕوای من ئەوەندە بەسە کە لە دەفتەری شیعری یا لە دیوانێکدا هەشت تا دە شیعری باش هەبێت ـ باشەکان!. واتە کە بمێنێت و دواتر ببێتە جێی خواست و بەخۆشحاڵییەوە (تولدی دیگر)، دەفتەر و دیوانێکی وەهایە، دەفتەرێک کە شیعرە نەمرەکانی زیاترە لەم ڕێژەیە.

سەرچاوە:

وتووێژی م. ئازاد لەگەڵ فەروغ فەرخزاد. ئارەش، ژمارە ٨، هاوینی ساڵی ١٣٤٣

شیعر



گۆڵباخ بەهرامی- دیواندەرە

# ئەم هەوارە بەجێ دێڵم

هەواڵنامەی کتێب



ئەوینی من
ڕەنگی زستانی پێوە بوو
بۆیە زوو مرد!
قژکاڵەکەی شۆخی تەمەن!
تۆ ڕەنگی کام وەرزی ئەشقت لێوە دیاربوو؟؟
چەند لە پاییزی پشت پەنجەرەکەمان ئەچیت
بەدەم باوە سەما ئەکەیت
ئەڕژێیتە سەر ڕۆحی خاک و
لەگەڵ بلوغی زەوینا سەرهەڵئەدەی!
گوزەر ئەکەم لە هەرچی تۆی لێوە دیار بێ و
وەکوو دارێکی دەسکەنەی بێ ناونیشان
لە شەرما ئەڕوتێمەوە،
گوزەر ئەکەم لە ڕایەخی چنراوی
نێو شیعرەکانم و
لە تەنکاوی حەزێکی شێت دەرباز ئەبم

تەنیا تەنەکەی یادێک و
ڕووت و پەتی بەم نیوەشەوی نەفرینە
ئەم هەوارە بەجێ دێڵم
...
کافر ئەبم
لە هەرچی وشەی شیرینە!



## لێم گەڕێ

خەیاڵەم پڕە لە پار، ئەم
ئەم مەراقەش سەوز نییە وەکوو
پەنجەرە!
لێم گەڕێ با لە ئەژنۆتا بشکێمەوە!
گەزووی حەرف و
خولیای نەبرانەوەی مردن
لە ژێر تەرمی دارتەلەکان ڕاکشمەوە!
.. سێ چرکەی تر
هەر سێ چرکە
زەرد ئەبێ و تەواوبوونم لە گوڵدانێکا
تەماشامان ئەڕژێتە سەر
لەتێ کۆڵانی بێهودە و
منالانە لەنێو هەرای گەمەیەکی
گەورە دەبێ و
... تۆ نەتزانی
پەڕەسێلکەی بەڵێن بەدەم
سەر دارتەلی کۆڵانەکە
لە گۆ ئەچێ.
...
و ئەم کاتژمێرەش تێپەڕی

هەواڵنامەی کتێب

تۆ لە سەر بالیفی ئەم خەوە ڕانەبووی!
تۆ
نەتزانی.... و
لە تەنگاوتەنگی دێرێکی نەنووسراودا
بە باهۆزێکی گەڕیدەت ڕاسپاردم!
نەتزانی کەسێک پاش ئەوەی بڕوخێت و
لەگەڵ وریشەی لەتبوونی بەڵێنێکدا
سەفەر بکات و
لە ئاوێنەکە دابەزی
بۆ چرکەیەک
هاتەوە لات

## لە دووایین چرکەکانی بوونت دا

هەواڵنامەی کتێب

با" گلەیی لە تۆ ئەکرد"
کە کراسەکەم لۆچ بوو!
ئێستا گڤەگڤی گلەیی یەک و
با "یەک بە ڕوومەتم دا ئەچێتەوە".
نەفرینم مەکە!
من لە فنجانێ قاوەدا لێوم سڕی و مردم
کە ڕەنگی تۆی قاوەیی خوڵقاند،
هەرچی تۆم هەڵمژی گەرمم نابێتەوە!
کچێک پێشتر وتبووی تۆ وەرزەکانی گرت شکاندووە!
ئەترسم ئەمجارە بڕۆیت
سەوز نەبیت و باڵا نەکەی!
ئاخر جارێ کە ڕۆیشتی
کانی بە چوار بەتڵی وڵاتێکا ڕۆحی تەنی و ئاوەکانی تف کردەوە!
ئەترسم ئەمجارە بڕۆیت
لە بێدەنگی لەتێ نانی سوودا شین بیتەوە،

ئاخر جارێ کە ڕۆیشتی
هەرچی نانی بەزەیی بوو تەنورەکانیان بەجێ هێشت بووژانەوە!
کاتژمێر لە پەنجەکانما ئەڕوێتەوە..
کە ئەتژمێرم و
تۆ لە کاتێکا شەهید ئەبی
کە پەنجەکانم نووستبون.
ئاخ– ئەم خەونە چ گەمەیەکی بەتاڵ بوو
کە تۆی لە شارێکدا سڕییەوە.
کە شەقامێک ماچت ئەکا و چنارێک ئەتشارێتەوە،
منیش لە ئەرخەوانی باخێکی پەمەییدا
لە سێوێکا بۆنت ئەکەم کە بۆنی خاکی گرتبێ،
ئەی لە وردە خەندەی پەپوولە شیرین تر!!
نەفرینم مەکە و مەڕۆ!
من دەمێکە لێرەدا نامۆ بووم و
لەنێو حەرفەکانی ئێوارەیەکی شارەکەما پەپکە دەخۆم!
هەنگاو ئەنێم پێڵاوەکەم پێم ئەکەنێ!
من دەمێکە مردووم
گۆرەکەم هەڵمئەداتەوە و خاک ڕامناگرێ!!
تۆ بڵێی دەسپێکی ئەم زەمەنە چی بێ
لە دووایین چرکەکانی بوونت دا؟
کە بەرانبەر بە شارێک ڕائەوەستێ و
حاشا لە بوونی هەموومان ئەکات!
خانوویەک ک ئەمباتە ژوورەوە لە– تۆ– ئەچێ
پەنجەرەیەک دامئەخا کە بە چاوی– تۆ– ئەکرێتەوە!
ئەمجارە بێ ئەوەی چاوەڕێی هاتنەوەت بم
چرای ژوورەکەم کوژاندەوە و
ئالآیەکم هەڵکرد



هەواڵنامەی کتێب

شیعر



چنوور نامیق حەسەن

# بەدەم خەیاڵی عەسرەوە.. کۆمکەرەوە

هەواڵنامەی کتێب



کۆڵانێک لە روحما وێڵە
داوای بەخشین لە عەسرە خومارەکانی ئەکەم
کە هەناسەم دەخواتەوە
سێبەرم لێ ئەچۆڕێنێ
روخسارم وەکو گەڵا ئەکەوێ

ئەوەرم وجریوەکانی دەم سوبحێ ئەچنمەوە
پیاوێک لە تەم دووم ئەکەوێ
دەستی لە هەڵوەرینم پڕ ئەکا و
پێ راناگا کۆمکاتەوە

عەسرێکی ڕووت لە باوەشمدا میوانە،
ژوورێکم تێدا داڵدەیە
لە تورەییی خەندەیەکما نغرۆ ئەبێ

زیندانێکم تیا ئەپەیڤێ

حەسرەتی پیاوانی عەرشم تیا رۆ ئەکا

سەرابێکم تێدا ونە
پڕە لە پیاوە نەسرەوتووەکانی
شاری عەشق

باخێکم تێدا پایزە
لەزەینی باخەوانەکانیدا
گەڵا ئەگرم
بە تەماشا ئەوەرم و
پەیتا پەیتا

سەوز ئەبمەوە
ئەمە چی کارەساتێکە
پیاوێک سێبەرم بۆ ئەکا، بەخۆی
لە هەرەسەکانی عەشقەوە هەڵاتووە

پایزێکم تیا جێماوە
سێبەرم تیا ئەڕێژێت و
شەوانم ژێر ئەکاتەوە
بەهەشتێکە پڕ
لە وەفای پێاڵە نیوە پڕەکانی ژیان

عەشقێکم تێدا داڵدەیە
پڕ هەنگوینی خەیاڵی هەنگە زەردەکان
پڕە لە خەونی بەتاڵی جەلادەکان
پڕە لە زەمبیلەی خاڵیی
دەستی ژنە نەفامەکان
پڕە لە خەونی میوەیی، لێوم

هەواڵنامەی کتێب

بۆ تامکردنی خەتاکان

زیندانێکم تیا دێتە گۆ
پڕە لە پرشی شەرمی ڕووم

وەک خەیاڵم، لە دەنکە هەنارەکاندا
ڕۆشن ئەبێ
بە هاتنی وەرزی ڕۆین خامۆش ئەبێ

کۆڵانەکەم، پڕە لە جەلادی ڕوح سوک و
خەمی مەییوی ئەوساکە
لە خوماربوونی چاوانم نغرۆ ئەبێ

زیندانێکم پێ ئاشنایە
کە سوک دەگریم، لە زەمینم قاقا لێ ئەدا
کە مەست ئەبم
پڕم ئەکا لە سوحبەتی شەوەکان و
لێوی مەراق
باخچەیەکە
پڕ نازنازی خەواڵووە
کەمل ئەنێم بەلارەوە
بەخەبەر دێن
پڕە لە مەیلی شوڕەبی

کاتێ سەرم دائەخەم و
خەم ئەکرۆژم
پڕە لە تریفەی پرچم

پڕە لە ڕۆیینی هۆشم

له تامی گەزۆی خەمێکم
لە مزریی شەکرە سێوەکان

پڕە لە ئاسمانی چاوم
بۆ فڕینی کۆتری سەر منارەکەی

کۆڵانێکم تێدا وێڵە

تەنها لە کاتی ڕۆین و
بەفری ناکاو... خەوم بەبیر دێنێتەوە



کە با دەنوێ گەمە بەنازی رووم ئەکا
جێ هەنگاوی باخچەکانی باوکم
لەخۆ ئەگرێ
خەمە گەزۆییەکانی ئەوساکەم
بەبیر دێنێتەوە

کۆڵانەکەم
لەو سەری فەلسەفەی منارەیەکی یاخیدا
ڕاکشاوە و تەنها من و بۆڵەبۆڵی
زەمەن لەخۆ ئەگرێ
من و زیندانەکەی ناوم، من و
تریفەی چاوانم
من و پایزە وێڵەکان....

ئای زەمەنم
عەسری دووری کۆڵانەکەم
تەنیا لای من بارگە ئەخا
خۆی میوانی زەردەپەڕە و

هەواڵنامەی کتێب

پڕ بەخەیاڵ
بادی (سەبا)م لەبۆ دێنێ

زیندانێکە
بێزار لە وردە خەونی ڕژاوی گەورە پیاوان

پڕە لە دەنگی ڕزیوی فەتوای ژنە کوژراوەکان

پڕە لە وەرزی بەسەرچوو و

بۆنی میوە ڕزیوەکان
پڕە لە ڕۆشنایی ڕژاوی چاوانم

پڕە لەپرشی جێمان و
لە وردە خەندەی نەگییو

زیندانێک لە ناخما وێڵە

پڕە لە قیژە و هاواری مێژوو
پڕە لە خوماربوونی چاوم و

ڕازە بەتاڵەکانی لێوانم

کە بەوێدا تێئەپەڕم
بۆنی بارانی مێژینە

ئاوڕدانەوەیەکی جاران
کێشم ئەکا

لەم بارانە هاوینەیە
عەسرێک بە ڕووما هەڵئەچێ

هەواڵنامەی کتێب

تەنها گەڵاکانی جەستەم جێ ئەمێنێ

لەم مەستبوونە هەتاییە

پیاوێک وشەوێکی بێدار

لەخۆ ئەگرم

چ کۆمیدیایەکی سەیرە

شەوێک تاریکیم پیا ئەدا
خۆی بێدارە

پیاوێک سێبەرم بۆ دێنێ
خۆی لە هەرەسی عەشقەوە
هەڵاتووە و
پێ ڕاناگا کۆمکاتەوە !




هەواڵنامەی کتێب

شیعر



ناڵە حەسەن

# شەوێک لە ناوەڕاستی مانگی جۆزەردان

شەوێکی تاریک
وەک تاریکییە قەترانییەکانی
نێو وەهمە دۆزەخیەکانی خودا
شەوێکی درێژ
وەک زەریاکان و
ڕێگا هاتونەهاتەکانی مەنفا
شەوێکی یاخی
وەک یاخیبوونە خۆکوژییەکانی ڕەشەبا
شەوێکی بێباک
وەک بێباکییە ئەسمەرییەکانی سێبەر
شەوێک لەو شەوە بریندارانەی
کە مانگ بۆ چرکەیەک چاوەکانی ناچێتە خەو
ئەستێرەکان بۆ تەنها جارێک چاوەکانیان ناتروکێنن
هەور لە زیکر کردن دانامرکێتەوە



برووسکە بەیەک هەناسە سروودەکانی دەچڕێ
شەوێکی بێئاگا
لە مردنی تیشک و لە سەرخۆشبوونی کات و لە ونبوونی سەوزایی و
لە خێلبوونی چاوەکانی مێشوولە و لە ڕەشهەڵگەڕانی سەدەفە سپییەکانی شیعر
شەوێک لەو شەوانەی
عەشق دەبێتە هاوکێشەیەکی بێمانا و
ژیان دەبێتە نیگارێکی ئەبستراکتی ڕەش و سپی و
وەرزەکان دەبنە پیرەدارێکی بێ گەڵا و
ڕوناکی دەبێتە پەڕەمووچەیەک بەدەم باوە
گۆرانییە عەبەسییەکانمان بۆ دەڵێتەوە .
شەوێک لەو شەوانەی
مانگەشەو چیتر یادەوەرییەکانی خۆی نانووسێتەوە و
لە نێو بێشکەی مەرگ ڕادەکشێ
شەوێک لەو شەوانەی
ئاگر پێم دەڵێ: دوورکەوە لێم چیتر تۆ لە جنسی من نیت
بەفر پێم دەڵێ: چیتر بە نیگاکانی تۆ مەست نابم
شەقام پێم دەڵێ: پیاسەکانی تۆ لە سەرابە نامۆییەکانی
سەرسینگم دەچن.
شەوێک لەو شەوانەی
خەون و وڕێنە سپییەکانی دایکم لە تەنیشت ماڵەکانی مەرگ
ڕەشماڵەکانیان هەڵدەدەن
لەم شەوەدا
چیتر باران و گیا لەگەڵ یەکتری جووتنابن
چیتر نەوڕەسەکان نامە پڕ نهێنییەکانی عاشقان ناگەیەنن
چیتر دەلاقەی ژوورەکانمان پڕ ناکەین لە کتێب و شمشاڵ
شەوێک لەو شەوانەی

مرۆڤەکان دەبن
بە نافورە کەسک و سوورەکانی گوناه و
نیوەی جەستەی من دەبێ بە جەستەی باڵدار و
نیوەکەی تریشم دەبێ بە جەستەی
کچۆڵە کۆچەرییە ڕەنگ خەنەییەکان
ئاسمان نیوەی دەبێ بە هەورەتریشقە و
نیوەکەی تری دەبێ بە تۆز و غوبار
زەریاکان نیوەیان دەبن بە هەڵم و
نیوەکەی تریان دەبێتە پوش و پەڵاش
شەوێک لەو شەوانەی
من بە زمانی ئاگر دەدوێم و
باش بە زمانی ئەهریمەنەکان
لم بە زمانی مەرگ دەدوێ و
گەردەلوولیش بە زمانی فریشتەکان
کەمانچە بە زمانی خۆڵەمێش دەدوێ و
عەشقیش بە زمانی تاریکی
شەوێک لەو شەوانەی
باخچەکانی هەتاو ڕەنگەکانیان لە نێو
کۆڵانەکانی بیابان یەخسیر دەبن
درەختەکانی ئاوەدانی لە نێو کێلگەکانی پەلکەزێڕینە
گەڵاکانیان سەرخۆش دەبن
کڵۆبەفرەکان بە ڕووتی لەسەر شۆستەی شەقامەکان
دەمێننەوە
ژنە شۆخەکانی نێو کۆشکە ڕازاوەکانی بەهەشتیش
لەژێر کەپری دارچرووەکانی نائومێدی
خۆیان حەشاردەدەن



شەوێک لەو شەوە بێدارانەی .
بێدار بێدار
وەک ڕۆحی من و هەناسەکانی مانگ
وەک چاوەکانی ڕووبار و جەستەی شەقام
ئەو شەوە هەموومان
سمۆرەیەکی بێداربووین
لە نێو دارستانێکی بێداردا
هەموومان
وەک کچێنییە بێگەردەکەی حەوا پڕبووین لە گومان و
وەک کوڕێنیە کارێزماییەکەی ئادەمیش پڕبووین لە تاوان
لەم شەوەدا .. ساویلکانە
فریشتەکانی سەرشانی خۆمانمان کوشت
بخوورەکانی نێو خەیاڵ و خەونە سپییەکانی خۆمانمان
کوژاندەوە
مەرەزە وشکهەڵاتووەکانی تەمەنمان بەخوێن تەڕ کردەوە
شەوێک لەو شەوانەی
هەموو چیرۆکەکان و ڕۆمانەکان و داستان و
ئەفسانە و بەسەرهاتەکان
بە دابڕان و مردن کۆتاییان دەهات و
هەموو ئافاتەکان و کۆچ و جەنگ و هەرەس و وێرانبوونەکان
یەک بەدوای یەک دووبارە دەبوونەوە و
هەموو گۆڕستانەکان و گۆڕە بە کۆمەڵەکان و دۆڵ و خەرەند و چاڵەکانیش
ڕووبەرەکانیان بەرینتر و بەرینتر دەبوونەوە
ئای کە مێژوویەکی خوێناوی و کیشوەریکی بورکانی و قەدەرێکی نابینا و
خۆرهەڵاتییەکی بریندار بوو ئەم شەوە... !

جۆزەردانی ٢٠٠٨

کەوانامەی کتێب

شیعر

# ترپەی پێی یادگارییەکان

سورخی

هەواڵنامەی کتێب

وەکو کۆترێکی سپی بەچکە
کە نەخشی ڕەشی سەر باڵی
لە شێوەی دڵ دەچوو
لەبەر حەز و ڕاڕایی و خەتاباری من
پشیلەیەک پڕی دایە و بردی
دوا وێنەی لە ناو چاوە قاوەییەکانمدا بە جێهێشت
لە تاو گریان و نامورادیم
گوڵەکانیماڵەکەم بێناز و دڵشکاو ملیان لاربوونەوە
پێڵاوەکانیشم لە سووچێکدا
وەک غەریبێک بەفرێدراوی مابوونەوە
تابلۆی سینگی دیوارەکەش
لاسەنگ و کەچ بوو
سەرینیشم ویستی لە شەقەی باڵ بدات
خۆیم لە ناو ئازارەکان لێ بشارێتەوە

لەو دیوی ڕۆژەوە
لە درزی دیوارێکی باڵاوە
لە جریکەی چۆلەکەیەک کە بەدەمی مارێکەوە بوو
بەخەبەر هاتمەوە
ڕۆژگار بە چەقۆیکی دوو دەم
کلک و گوێم ببڕێت
لە ڕۆژێکی وا دا
سەدان ڕیشۆڵە لەبەردەم مزگەوتێکدا
ملیان لێ دەکرێتەوە و خوێنیان دەڕژێتە سەر زەوی جوان
گۆمێکی بچووکی ڕۆخانە بەسە
بۆ نقومبوون و خنکانم
یان
لە تولە مارێکی ساوای ناو بێستاندا بترسم
وێنەی کۆتری سپی سەرباڵ ڕەش
لە ناو چاوە قاوەییەکانمدا
تا هەتایە بمێنێتەوە و هەڵنەفڕێت
حەز و ڕاڕایی و خەتاباری منیش
لە مووی سمێڵێ پشیلەیەکدا بئاڵێ

حوزەیرانی ۰۸ ۲۰ ستۆکهۆڵم

هەواڵنامەی کتێب

شیعر

# مردن .. هەر نایات

عومەر سەیدە

هەواڵنامەی ژیتب

من دوعام بۆ تەمەن درێژیی گوڵەکان دەکرد
گوڵەکان بەر لە پایز خۆیان دەکوشت
ئەو کاتەی مردن دەگاتە نزیک ماڵمان
کەسێک نییە ئەدرەسی منی بداتێ ..
گوێم لە بانگ و سەڵای مزگەوتەکانە ئێستا
پێدەچی دوایین سەدا بێت بێتە بەر گوێم ..
باوەشێک مردنم دەوێ
باخچەکانی ژیان خەزانیانە لای من ..
بە دەستی خاڵییەوە مەیەرەوە بۆ لام هاورێ
ماڵەکەم پڕ بووە لە بۆنی گریان ..
مردن دێتە بەرچاوم و ون دەبێت
دەژیم بۆ مردن و مردن ئاوڕێکیشم لێ ناداتەوە ..
هەموو کونجێکی ژیان گەڕام و مردنم دەست ناکەوێ
لەگەڵ هەموو حەسرەتەکان ئاوێتە بووم

مردن هەر نەهات .. هەر نایات
خەون بەو دارەمەیتەوە دەبینم
کە دوایین فارگۆنی بوونمە ..
قەڵەمەکەی دەستم شکاوە هیچم پێ نانووسرێت
تەنها خەجاڵەتی جەللادەکان تۆمار دەکەم ..
گۆرانی مناڵە بێنازەکان دەکەمە سروودی بەرزی مردن
من گۆرانییەکانم خاڵی کردەوە لە ئاواز و
نۆتەی گریانم دەژەنی ..
گریان هیچ نەبوو جگە لە کۆدی مردن ..
من دەمویست شمشاڵی شوانەکانیش بکەمە تفەنگ و
لەگەڵ سەدای گوللەیەکدا بگەڕێمەوە بۆ عەدەم ..
دەمویست ئێواران لای ئێوە نەبم
لە شەقامەکانی خوێن نەبم
لە وڵاتی مردن یاداشتەکانم نەنووسمەوە ..
کەچی عودەکان دەبوونە بۆمب و
لەنێو دڵی ئاهەنگەکاندا دەتەقینەوە ..
چاوم دەبڕییە دەرگای حەوشە و
چاوەڕوانی هاتنی مردن بووم ..
(ئارام) نامەیەکی بۆ ناردم و
نووسیبووی:
"(لە حەسرەتی نەهاتنی مردندا بمرە)
ژیان دەتکوژێت و ئەو مردنە هەر نایات ..
مردن دێت و تۆ لێرە نیت ..
شوێن پێیەکانت لەسەر سنگی حەوشەکەت بسڕەوە
ئێمە خەون بە گۆڕستانێکەوە دەبینین تۆ لەوێ نیت
دوایین وەسیەتت تەواو بکە ..

مردن وا بەدیار ئێوارەیەکی فیردەوسییەوە
خەونەکانی شارت دەژمێرێت" ..
شار هیچ نییە جگە لە وێستگەکانی عەبەس
هیچ نییە جگە لە گەیشتن بە نائومێدی
پیاسەکانمان لە نێو ئەو شەقامانەدا ون دەکەین
کە دوێنێ بەخوێنی هاوڕێکانمان چاویان سوور دەکرد ..
ژیان هەناسەی تەنگ بووە
کەچی ئەمانەتی رۆح تەسلیم ناکاتەوە ..
نایاتە لای ماڵی ئێمە و
چاوشارکێیەکانی من ببینێ لەگەڵ مردندا ..
ژیان لە مردن دەترسێت و
مردن لە من
منیش لە ژیان ..
دەترسم زوو نەمرم و زوو نەگەمە ویساڵی مردن ..
هەموو رۆژێک نەفرەت لە ژیان دەکەم ..
هەموو ئێوارەیەک بە مەحزوونی و نائومێدییەوە
دەگەڕێمەوە نێو ماڵە خامۆشەکەم ..
ئەوەندەم ئاسوودەییە کە لە خەوندایە ..
من سەراپا نوقمی فەشەلم ..
نیوەم هی خۆمە و
تەمەنم هەمووی خەتایە ..
پڕم لە خەتا جوانەکانی دونیا
ئەمێستا بۆ مردنێک دەگەڕێم لە بێ خەتایی ..
من کە ناتوانم خۆم بم
چۆن چنگ لە مردن گیر بکەم ..
من ئاوێزانی ژیانێکم لە گریان

لە نەوەی نەفرینکراوەکانم ..
هیچ نیم جگە لە شاعیرێک
کە تەنها رقم لە شیعرەکانمە ..
کە منداڵ بووم عیشقم هێندەی ئاسمان گەورە بوو
کە منداڵ بووم دەمزانی بگریم ..
ئەمێستا نە دەزانم بگریم
نە دەزانم پێبکەنم ..
گەورەبوون فێری کردم خۆم بدۆڕێنم ..
فێری کردم ئیدی من و ژیان هەمیشە دوور بین لە یەک
فێری کردم گۆرانییەکانی ژیان
لە زاکیرەی مەستی و هۆشیاریمدا بسڕمەوە و
لەوسەری یەئسەوە بەدەستی خاڵییەوە
شتێک بڵێم لە سروود بچێت ..
سروودەکان هەموویان بۆ دۆڕان وتراون ..
لە هەر کوێ سروود هەبوو
دۆڕان هەیە ..
تەمەنێکە و نابڕێتەوە چاوەڕوانی مردن .. هەر نایات
هەر زەنگێک دەبیستم
وا دەزانم مردن دەگات
یان هەواڵەکانی مردن دەگات ..
مردن نایات
کەچی هەموو رۆژێک
رۆژنامەکان پڕ دەبنەوە بە هەواڵەکانی مردن

ئابی ٢٠٠٧

هەواڵنامەی کتێب

شیعر

# ئەوان دەزانن

گۆران حەساری

هەواڵنامەی کتێب



پێم بڵێ ئەی خودای من تۆ لە کوێی؟
لە نێو عومری کێدا شەراب ئەخوێتەوە؟
بووی بە ئاڵای نیشتیمانی کێ؟
لە نێو جوگرافیای کێدا ئەشەکێیتەوە
پەڵەی ڕەنگت لە کێ داوە؟
بە ڕەنگی کێوە خەریکی؟
ماچی کێ، ئاینی کێ،
وا مەستی کردووی؟
ئەی خودایە:
ها ئەوە دووری ئێمە بۆ تۆ
تۆ نزیکی خۆت ببەخشە بە ئێمە
لێ گەڕێ با خەیاڵی ئێمە
بگاتە باخی تۆ
با سێوێ لە بەهەشتی تۆ بکەینەوە

ئەستێرەیێ لە نهێنی تۆ بۆ ئێمە بێ
لە ئەستێرەکان بپرسە
ئەی خودای من
ئەوان دەزانن
بە نێو چاوەڕوانی عیشقی ئێمەدا
چ ساڵانێکی پڕ تۆفان هاتن و ڕۆیشتن
ئەوان ئەزانن پێکەنینی هەنار
چۆن بروسکەی ئەگرتە
بە ڕۆژوو بوونی ئێمە
بۆ بینینی تۆ



ئەو پرتەقاڵانەی بەقەد دارەوە ئەگەیشتنە مزر بوون
بە چ ڕەنگێ ئەیانەویست
چەکمان بکەن لە تۆ؟
ئەوان ئەزانن
بۆ سێوەکان
خۆیان لەو لقانە بەردەدایەوە
کە دەستی ئێمە پێیان دەگەیشت،
بەڵام دەستمان بۆ نەئەبردن!



ئەوان سووتانی پەپوولانیان خوێندۆتەوە
لە حیکمەتی فڕینی ئەو پەپوولانە تێ ئەگەن
بۆ بە دەوری چراوە هەبوون، بۆ بە دەوری چراوە مردن

هەواڵنامەی کتێب

چیرۆک



حەمەسەعید زەنگنە

# حییزە فرە جەماوەرەکەی گوڵەباخ



– جا تۆ ڕاسپاردەکەیت بەجێ هێنا؟

– ئینجا وا قسانت بۆ دەکەم، ئەو بەیانییە! سوبحانەڵڵا لە خەو مام، شەوەکەی تەلەفۆنم بۆ کرا، دوو بازرگانی برادەرم لە ئێرانرا هاتبوون، ئەوانیش گوڵەباخیان دەناسی و دۆستایەتی و سەروسەختیان دەگەڵی هەبوو. لەوەوبەر هەرچەند بهاتبان، دەبوو سەرێکی گوڵەباخ بدەن و، دە نزیکەوە حاڵ و ئەحواڵ و سۆراخی وەپرسن. شەوێ دا ماڵخەوتنێکی درەنگ، لە ئوتێل لە کن ئەوان مامەوە، لێل ئەوان پێکڤە کۆڕی حەکایەتمان جۆش دا، باس هەر باسی گوڵەباخ بوو، ئەوەندە پێکەنیوین، ئەڵبەت بەدرێژایی ئەو ساڵە ئەز بۆخۆم بەرتەقای ئەو شەوەم چێژ و تەناهی ئۆخژن نەدیتبێت!

مستەفا خۆی حیلکاوی بوو، هێندەش حیلکابووەوە، کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دا، چرۆچاوی گش تێکچووبوون، جارناجارێک ڕووی دەوی تێدەکردین و دەیگوت: خوا وەخێری وەگێڕی ئەمشۆ فرە خەنیمان؟

حەمە حوسێنیش زۆر گوڵئەحمەدی خۆشدەویست، گوتی:

بۆ یەکەمین جار کە گوڵەباخم ناسی! تازە وێڕای برازاکانی لە کۆڕەوەکەدا، ڕەویان کردبوو، هاتبوون بۆ ئەودیو، لە ماڵی کوڕی نانەخۆرەبوون، ئەو پیاوێکی قۆشمە و لەبەر دڵان فێنک بوو، گوڵەباخ بەو چەند ڕۆژە کەمە، شارەزای ئاکار و ڕەفتار و قسە پڕ سوعبەتەکانی بوو بوو. تەڤایێک وەلیفەتیان پێکەوە گرتبوو، کوڕی نانەخۆرە هەرچۆنێ دەئاخاوت، گوڵەباخ یەک بەژوورەکە دەیشیراند: برامی!

من ڤێ گاڤێ لەبارەی گوڵەباخەوە هیچی وامنەدەزانی! لێ بەو دووسێ هەیڤەی، گوڵەباخ لەتەک برازایەکانی لە نک ئێمە مانەوە! ئێمە ئازگارێک بەڵەدی خەسڵەت و ڕەوتارەکانی گوڵئەحمەد بووین، خانوویەکمان لە دەوروپشتی خۆمان بۆ گرتن، ئەوی شەوێ نەچووبام و گوێم لە گوتە پڕ بایەخ و نەستەقەکانی گوڵئەحمەد نەبووبا، بۆ بەیانییەکەی وەکی شتێکم بزر کردبا وابوو، هەرچەندە نەشچووبام ئەوی بۆ ڕۆژی پاشتر مەگەر میوانی هاتبا، ئەگەرنا هەر بەسەری دەکردینەوە.

خۆش بوو! ئەو چەند مانگە قەرەبوو ناکرێنەوە، (چاوێکی لە دەمژمێرەکەی دەستی کرد) ئرینگە درەنگە ئەگینا دەچووین و سەردانیمان دەکرد و لێل خۆشماندا دەمان هێنا، ئەو شەوە ویسکییەکی زۆرمان نۆشی، لێ تەنیا سیگار و گوتە خۆشەکانی گوڵئەحمەد مەزەمان بوون.

بەیانی دەگەڵ تاریک و ڕووندا لە دەرکە درا، سێ ڕۆژ پێشتر دایکم نەشتەرگەرییەکی مێشکیان لە نەخۆشخانەی زانکۆ بۆ ئەنجامدابوو، هەرچەند نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتووش بوو، وەلێ هەر تاو نا تاوێک دایکم لە هۆش خۆی دەچوو، کاتی نەشتەرگەرییەکە گوڵئەحمەد لەوێندەر ئامادە بوو، لە پێش ئێمەوە هاتبوو، پێی گوتم: هەرچەند ڕۆح وە دەستی خوایە، وەلێ بە گەورەیی خۆی قەسەم، من زۆر لەدایکت لە مردنەوە نزیکترم، بەتایبەتی شەوان فرە بێ حاڵ و پەریشانم. ئیدی گەلێ لەم قسانە و قسانی خۆشی بۆ کردم و زۆری دڵ دامەوە، ڕۆژی دواتریش، کە چوومەوە سەیرم کرد، هەر لەوێندەرە! گوڵئەحمەد ماوەیەک بوو مردن کەوتبۆ سەر زاری، منیش بە پێکەنینەوە پێمگوت:

گوڵەباخ نەهۆژی هەر لەسەر وەسێتەکەی خۆت ماوی؟

ڕووی وەئالی دایکمدا چەرخاند و گوتی:

ئەوە میم گوڵشەن بەشایەد بێت ئەرەکو پەیڕەوی وەسێتەکەم نەکەیت و بەجێینەهێنی! لەو دنیا بەرۆکت بەرنادەم و بەرگریشت لێ ناکەم.

ئەوی ئێمەی بەئەمەکدار و هەواداری خۆی دەزانی و لەم قسەیەشیدا مەبەستی خۆی هەبوون. ئەو دەیگوت: زۆرینەی دانیشتووانی سەرگۆی زەوی، ئەندام و لایەنگیر و هەواداری حیبزەکەی ئێمەن و تەنانەت دەیگوت: ئەو حیبزانەی کە حوکمڕانیی جیهانیان کردووە و ئەوانەشی نەهۆ لە حوکمڕانیدان، گش لە ژێرەوە و بە پەنهانی سەرۆک و بیرۆی سیاسییەکانیان، لای ئێمە ئەندامن پۆستی گەورە گەورەشیان هەن. ڕۆژێک باییزی چاو دەنکە ترێ گوتی:

گوڵەباخ! بەرپرسانی هەردوو حیبزەکەی ئەمریکا: کۆماری و دیموکراتەکان، ئەوانیش پشکیان لای ئێمە هەن؟!

گوڵئەحمەد گوتی: تەنانەت، کۆنگریس و پیرانیش!

شارەزای دیرۆک نیم؟! لێ زۆر جاران لە دوو قەوارەی زۆر کۆن دەپەیڤی! نازانم بە زمانی ئەم سەردەمە ناویان بنێم چی! دەیگوت: ئەوان و ئێمە لە پرانسیپدا یەک ئایدۆلۆژی و یەک میتۆد و یەک ئەجندەمان هەبووە.

هەتا کەڕەتێک کورەکەی سمە سەرسپی، ها ئێستێ ناوەکەی خۆی گۆڕیوە، بە سپیلک ڕەنجاو! جا ئەو دەستی نووسین و چەند ساڵانێکیش لە دەرەوەی خوێندبوو پێیگوت: ڕەییس، ڕەییس ناوێکی تری گوڵەحمەد بوو، ئێمە هەر لەبەر خۆشەویستی، پێمان دەگوت گوڵەباخ.

.... دەزانم جا تۆ قسـەی خـۆت لەبیر بێت، من هێـمـان منالّ بووم، کە باسی ئەم کـاکەحـمـەدە دەهات، نەمدەزانی هەر هەموو ئەم ناوانە یەک کەسن. لە یادمە شـەوێک، ئاخـر منیش منداڵیم لە هەمـان گوندی، کە هەوکە پێ دەبێژن (فشـاوا) بەسـەر بردووە. شـەو درەنگانێ، بـاوکم بۆ مـاڵەوە گـەڕایەوە، من و دایکم ڕۆنیـشـتـبـووین دایکم حـەکـایەتی دێگونەچارەی بۆ دەگـێـڕامـەوە بەدەم وەنەوزدانەوە خـەروا هەنجـیرمـان دەخـوارد. دایکم گـوتـی: هـا ئەحـەشـەل چـی دەگوت، ئاخـر ئەو لاقـێکیشـی لە خـولی یەکەمی شـەڕی براکـوژیدا پێکرابوو! باوکم گـوتـی: چی بلّـێت ئەو لە دوڕ و یاقووت زیاتر چی هەن، دایکم گـوتـی: منیش مـەبەسـتم ئەوەیە. بـاوکم مـژولی گـیرفانەکـانی بوو، وابزانم تەزبیـحـەکـەی لەوێندەر نەهێنا بووەوە، بۆیە لەبەر خـۆیەوە دەیگوت: ئێی ڕەییس، خوانەخواستە شتێکت لێبێت، کەس جێگەکەت پڕ ناکاتەوە؟!

جا لەوەوە لام پەنی بوو، کە ئەم نێوانە هەموو خوازراون.

ڤێجا گوتی: لە دەمی هەرزەکاری خۆی دەدوا، کە وەختێ لە سوپا سـەرباز دەبێت. دایکم گوتی: لە سـوپا سـەرباز دەبێت؟ بـاوکم هەر خـەریکی پشکنینی بەرکـەکانی بوو، دایکم تێـهەڵچووەوە، دە دەی بۆمانی بگێڕەوە، بەیانی دەچم لە ماڵی نارنج تەزبیحەکەت بۆ دێنمەوە.

دەیگوت: ڕۆژێک سەلاوێکی سەربازیم ئەنجامدا، سێ قاڵب چیمەنتۆی ژێر پێم وردوخاش بوون، دایکم گوتی: چیـتر؟ دیاربوو دایکیشم وازی بە گوتەکانی هەبوون، باوکم گوتی: کچێ چووزانم! باسی لەوەش دەکرد، کە لەسـەر کوردایەتی تـەمایان بووە بیگرن و ئەویش هەڵاتووە و لە گوندێکی دوورەدەست، دەستی بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ کردووە، دەیگوت بێستانێکی شووتیم هەبوو، هەر برکـێکی بەژمـارەی تەڵە مـووەکـانی سـەرم شـووتی گـرتووە و هـەر شـووتـیـیـەکی، وەبارسـتـایی ڕەشکەیەکی کـا دەبوون، جـا دەیگوت ڕۆژێک هەواڵ هات کـە جـێش و جـاش بەرێوەن و پیـادەی عەرەبیش لە نواوەین، شاخەکە تەنراوە و هەموو چۆم و ڕەز و باخ و دەروازەکانی گوند گیرابوون، نێو دێیەکە خرۆشابوون، بیرم کردەوە چیبکەم! وەڵلا ناچار شـامییەکم هەڵکۆڵی و چوومە ناویەوە. دایکم دای لە شریقەی پێکەنین و گوتی: ئەدی تۆ چیت گوت؟ باوکم گوتی: برامی؟

دایکم هەڵیدایێ: جا پیاوەکە دیارە تۆش قـەیدی؟ باوکم کەمۆکەیەک بە جەمادانییەکەی سـەری خوراند و گوتی: من دەمێکە قەیدم، ئەی تۆ؟ دایکم گوتی: برامی.

ئیدی لەو دەمەوە کەوتمە سەروسەودای قسەکانی و ئەو پیاوەم لا خۆشەویست بوو؟

..... کوڕەکەی سمە سەرسپی پێیگوت: تۆ ئەو حیبز و حیبزوکانە کە باسیان دەکەیت، وا خۆت شـان دەدەیت چەند جارێک دەمڕاست و دەمسپییەکانیت دیبێت  و دەگەڵ پیاوانی چون باوکی

سمایل و باوکی براییش گفتوگۆتان لەژێر یەک سابات و کەپرۆکەدا کردبێت؟!

باشە کەنگێ ئەوان لەم سەردەم و زەمانەی ئینگۆدا بوون و ژیاون، گوڵەباخ بۆ قسان دانەدەما!

گوتی: من لە خەودا چەند جارێک ڕۆحیانەکەم فڕیوە و لە گەڵیان ڕۆنیشتووم و تەنانەت زۆرجارانیش لەسەر یەک خوان و لە یەک دیوەخان کۆبووینەتەوە و دەعواتیان بووم؟ هەتا جارێکیان شەرابیان لۆ هێناین، شەرابەکە ڕەش ڕەش، دەتگوت بەری ئەفتاوە، دەمەوێ بێژم هێند ئاڵ بوو لە ئاڵیدا خۆی ڕەش دەنواند، کە سەر و دەفرمان لێ نۆشین. جەستەمان یەک پارچە پەمەیی و زارمان ئاڵ هەڵگەڕا وەکی گولیلکان.. گوتیان ئەوە شەرابی نەمرییە و ئەوی یەک دەفری لێهەڵدا بەدرێژایی تەمەنی پیمێردەی لێ نزیک نابێتەوە، من بیستبووم ئاوی ژیان هەیە و، ئەوی بیخواتەوە ئیدی نامرێ و، هەر وە نەمری دەمێنێتەوە. لێ ئەوە یەکەمجارم بوو، ئەوەم لەوێ دیت و ژنەفت.

هەنگینێ هەر لەو دانیشتنەدا لە ماڵی مارف، تولاژەکەی حەمەی شێخ گوتی: گوڵەباخ! لەم ڕۆژانەدا گەشتێکمان بۆ چەمی گورگان کرد، تا ئێوارێ لەوێ ماینەوە، دەمە دەمی نیوەڕۆ پاش فراوێن دەستنوێژم گرت و بەنیازی ڕوو لەخوا، لەسەر تاوێرێک نوێژەکەم دابەستا. وەختێ لە تەواو بووندا بووم دەمەویست سەڵاو بدەمەوە تاوێرەکەی ژێرم بزاوت، ترس چوارپەلی خاوکردمەوە سڵم لە بوومەلەرزە دەکردەوە، ئەگەر هەو بێت، من لەم چەمە قووڵەدا چی بکەم؟ پاشتر هەستم ڕاگرت و چاتر ورد بوومەوە، دیتم ئەوی من بەتاوێرم زانیوە و لەسەریم نوێژ دابەستووە کیسەڵێکە چی کیسەڵ هەنکی لۆدە کایەک دەبێت؟

گوڵئەحمەد گوتی: برامی!

ئەوا منیش پلەی تۆم لە ئەندامییەوە بەرز کردەوە بۆ بەرپرسی باخی نێو ڕێیان.

جوبرائیل هەڵیدایە و گوتی: ڕەییس! منیش ئەوی ڕۆژێ ئوتومبێلەکەم پێ بوو، لە خولکەی ئەمسەری شاردا دەمەویست بادامەوە هێندەم خێرا دەئاژوا ڕەقەمەکەی دواوەی ئوتۆمبێلەکەم بە هەردوو چاوی خۆم دیت. گوڵەباخ هەمیسان گوتی: برامی..

پێویستە تۆ دوو پلان بڵیند بکرێیتەوە.

قالە سووریش لە سەری سەرەوە و بەتەنیشت گوڵەباخەوە دانیشتبوو چای تێکدەدا، مژێکی لە چایەکە دا و گوتی: برایان ئەوی ڕۆژێ دەهاتمەوە بۆ گوند، لە نیوەی ڕێگە ئوتومبێلەکەم گوتی: باوکم مرێ و دایکم مرێ کارم نەکردووە و نایکەم، کە دوایی تەماشام کرد و لێورد بوومەوە، بۆم

ڕوون بووەوە یەک چۆڕ بەنزین دەنێو عەمارەکەیدا نەماوە. ئێ خوایە! لەم چۆڵەوانییەدا چی بکەم، خوا و ڕاستان لەو دەمەیدا بالآفڕێکی مێک بەسەرماندا ڕەت بوو، پیرە بڕنەوم لێخستەکار و دەگەڵ یەکەم فیشەک دا تەنکی بەنزینەکەیم سمی و بەنزین چۆڕاوگەی بەست، منیش قەپاغی عەماری بەنزینی ئوتومـبـێلەکـەم کـردەوە و بەدوایدا، ئەو بڕۆ و، مـن بە ئوتۆمـبـێل بەدوایەوە، تا بەتەواوی تەنکیی ئوتۆمبێلەکەم تژی بوو، برایان بڕواییتان هەبێ کە ویستم بگەڕێمەوە ئوتومبێلەکە، هێند تیژ بووبوو هەرچەند بازدی دەدا سی گوریسان بڵند دەبووە و ئەوجار جادەکەی دەگرتەوە..

گوڵەباخ هاواری کرد: برامی!

تۆ هەر لە ئێستەوە ئەندامی بیرۆی حیبزەکەمانی.

جا وەکو بیرم مابێت ئەو دانیشتنەمان بە یاداشتێکی گوڵئەحمەد خۆی دووماهی هات، گوایە دەگەڵ کۆمەڵێک برا، واتە ئەندامانی حیبز، لەسەر پرسی حیبز دەگیرێن دەیگوت: ژوورەکەی کە تێـیـدا بەند کـرابووین سێ بەچوار مـەتران و نزیکەی چل برای تێدا بوون، چلەی هاوین بوو، ژوورەکـە زۆر گـەرم و هەڵـماوی بوو، قولکێکمـان لە خـوارەوەی ژوورەکـەدا لێدا و بەنۆرە هەر یەکێکمان پێنج خولەک جارێک هەڵدەستا، بە سەتڵ عارەقەی نێو ژوورەکەی فڕێ دەدایە دەرەوە نەوەکو عارەقەی ژوورەکە بڵند بێتەوە و مینا کەشتییەکەی تایتانیک نوقم بین.

سەرهاتی زۆر بوون خوا عافوی کات. جا کە بەو کارتوەی بەیانییە، لە دەرکە درا، دڵم داخورپا و گیانم کەوتە لەرزین، من سۆسەم دەکرد دایکم مردبێ، بەپەلە ڕامکرد بۆ دەرگاکە تەماشام کرد خولە بڕنەوە، وتی: کاک ئاوات ئەمشە و کاکەحمەد ئەمری خوای کردووە و هاتووم پێت بڵێم. ئیدی هەر ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو، جلەکانم گۆڕین و پێم پێوەنا، کە چووم گەڕەک و کۆڵان خڕ بوو بوونەوە، جوانیان شۆردبوو کفنیان کردبوو، هەندێک لە خەڵکی گەڕەک چووبوون بۆ گۆڕستـان، قـەبریان بۆ ئامـادە کـردبوو، بەڵام برازایەکـانی ناڕازی بوون دەیانگوت: وەسـیـیـەتی کـردووە دەیبـەینەوە گوندەکەی خـۆمـان، ئەوانیش دەیانگوت: هەمـوو خـاکـێک هەر مـوڵکی خـوایە و هیچ جیاوازییـەک نییە؟ ئەم خەڵکە بۆچی ئەزیەت بدەین ئەوا گۆڕی بۆ ئامادە کراوە و دەچین بە خاکی دەسپێرین، جا وەکو وەسێتەکەیم بۆ گێڕایەوە، منیش دەقاودەق ڕاسپاردەکەی ئەوم بەجێ هێنا، نوکـە، سێ پاڵێوراوی هەن، گـوڵەباخ خـۆی دەسـتنیـشـانی کـردوون، لەم ڕۆژانـەدا کـۆدەبنەوە و یەکێکیان جێگەی وی دەگرێتەوە و حیبزەکە بەڕێوە دەبات.

کەرکووک/ کۆتایی ٢٠٠٧

چیرۆک



فرانس کافکا

# لەبەردەم یاسادا

لە ئەڵمانییەوە: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد



دەرگاوانێک لەبەر دەرگای یاسادا وەستاوە. کابرایەکیش لە دەروەی شارەوە دێت و تکای چوونە ژوورەوە بۆ ناو یاسا دەکات. بەڵام دەرگاوانەکە پێی دەڵێت؛ ئەو نهاکە بۆی نییە بچێتە ژوورەوە. کابرایش پاش بیرلێکردنەوە وەڵام دەداتەوە: کەواتە پاشان دەتوانێت بچێتە ژوورەوە؟ دەرگاوانەکەیش دەڵێت: "پێدەچێت، لێ ئێستاکە نابێت" جا چونکە دەرگای یاسا هەمیشەیش لەسەر پشت و کراوەیە و دەرگاوانەکەیش لەملاوەی وەستاوە، بۆیە کابرای دەشتەکی خۆی خوار دەکاتەوە هەتا بەڵکوم لێرەوە ئەودیوی دەرگاو ناو یاسا ببینێت. بەڵام کە دەرگاوانەکە هەستی پێدەکات، بە پێکەنینەوە دەڵێت: "جا ئەگەر هێندەت بەلاوە گرنگ و جێی سەرنجە، هەوڵ بدە کە لەتەک نارازیبوونی منیشدا هەر بچێتە ناوەوە. بەڵام ئەوەت لەیاد نەچێت کە من بەهێزم. وە منیش دەرگاوانێکی خواری خوارەوەم. ئیدی لە هۆڵەوە بۆ هۆڵێکی دی درگاوانی تر وەستاون. کە هەریەکەیان لەوانیتر بەهێزترن. تەنانەت منیش بەرگەی تەنیا خێسە وسەرنجێکیان ناگرم." کابرای دەشتەکی چاوەڕێی وەهاکێشە و گەرفتێکی نەدەکرد. بە بۆچوونی ئەو، یاسا دەبێت بۆ هەموو کەسێک و لەهەر ساتێکیشدا کراوە بێت. بەڵام کە ئەم نهاکە بە تەواوی دەڕوانێتە پاسەوانەکەی پاڵتۆیەکی خوری لەبەردایە، لووتێکی درێژ و ڕیشێکی درێژ و تەنک و ڕەشی تاتاری هەیە، وای بەباش دەزانێت هەتا مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی دەدرێتێ با چاوەڕێ بکات. دەرگاوانەکە کورسیلکەیەکی تەختەی دەداتێ و وازی لێ دێنێت لەولای دەرگاکەوە دانیشێت. ئیدی کابرا لەوێکانەدا،بە ڕۆژ و بەساڵ دادەنیشێت و هەوڵی زۆر دەدات، هەتا بەڵکوم بیکەنە ژوورەوە. تەنانەت درگاوانەکەیش لە تکاکانی ماندوو دەبێت. دەرگاوانەکەیش زۆر جار گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی کورتی لەتەکدا دەکرد. باسی نیشتمان و شتی دی لێ دەپرسی. لەو پرسیارە بێسوودانەی گەورەکان هەمیشە ئاراستەی خەڵکی دەکەن. لەدوای پرسیارەکانیش پاتەی دەکردەوە کە ناتوانێت ڕێگەی چوونە ژوورەوەی بدات. ئەو پیاوەی کە بۆ گەشتەکەی پێویستیی زۆری لەتەک خۆیدا هێنابوو،هەوڵی دەدا وەک بەرتیل بیداتە دەرگاوانەکە. دەرگاوانەکەیش شتەکانی وەرگرت، بەڵام وتیشی:" من بۆیە ئەم شتانەت لێ وەردەگرم هەتا تۆ بیر نەکەیتەوە ڕەنجت بە فیرۆ چووە.." بە درێژایی ساڵەکان کابرای دەشتەکەی لە دەرگاوانەکەی

هەڵدەڕوانی. ئیدی دەرگاوانەکانی تری هەر ژێیر کردبوو. چونکە بۆ ئەم، ئەم دەرگاوانی یەکەمە سەرچاوەی هەموو ڕێگری و کێشەکەیە بۆ چوونە ناو یاساوە. لە ساڵەکانی سەرەتاوە بە دەنگی بەرز و بێترس، نەفرەتی لەم ڕێکەوتە بەدبەختییە دەکرد. بەڵام کە پاشان پیرتر دەبێت ئیدی تەنیا لەبەر خۆیەوە دەوورتێنێت. ئیتر گرۆزنیش دەبێت. جا چونکە پاش ئەو هەموو ساڵی لە دەرگاوان ڕوانینە، هەستی بە بوونی ئەسپێ دەکرد لە ملیوانە خوریەکەی پاڵتۆی دەرگاوانەکەدا، بۆیە لە ئەسپێکان دەپاڕایەوە کە لە کن دەرگاوانەکە تکای چوونە ژوورەوەی بۆ بکەن. لە ئاکامداچاوەکانیشی کز بوون. بۆیە نازانێت کە بەڕاستی ئەوە دەوروپشتێتی هەردەم تاریکتر دەبوو، یانیش چاوەکانی بەهەڵەیدا دەبەن. لێ، وا لە تاریکیەکەدا هەست بە شەوقێک دەکات کە لە دەرگای یاساوە دێتە دەرەوە. بەڵام ئیدی زۆری بۆ ژیان نەماوە. لێ، بەر لە مردنەکەی هەرچی ئەزموونی ڕابردووی هەیە، لە مێشکیدا دەبنە یەک پرسیار. پرسیارێک کە ئەو هەموو ماوەیە لە دەرگاوانەکەی نەکرد. جا لەبەر ئەوەی کە ناتوانێت لەشە ڕەپەکەی بجووڵێنێت، بۆیە دەستێک لە دەرگاوانەکە هەڵدەخات. لەبەر ئەوەی جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا بوو کە بە بەرژەوەندی کابرا تەواو نەببوو، بۆیە دەرگاوانەکە ناچار بوو خۆی بە لای کابرادا بچەمێنێتەوە و بپرسێت: "دەی دەخوازیت چیتر بزانیت؟ وێنەی وەک تۆ هەر نییە.." کابرایش وەڵامی دایەوە: "هەمووان داوای یاسا دەکەن. ئەی باشە بۆچ لەم هەموو ساڵانەدا، لە من زیاتر کەسی دی داخوازی چوونە ژوورەوەی نەکرد؟" دەرگاوانەکە هەستی پێ دەکات وا کابرا توانای نەماوە و کۆتاییەتی. بۆ ئەوەی کە بە تەواوی تێی بگەیەنێت و گوێی لەم بێت، هاوار بەسەر کابرادا دەکات:" چونکە ئەم دەرگایە تەنیا بۆ تۆ بوو نەک بۆ کەسێکی تر. ئیدی وا دەشچم و دایدەخەم."

سەرچاوە:

پەڕتووکی " کاتمان"، جوانترین چیرۆکەکانی سەدەی بیستەهەم. ئەنتۆلۆگی. دەستگای کیپنەاوەر و ویچ. کۆلن ـ بەرلین، ساڵی ١٩٥٦

چیرۆکی وەرگێڕدراو

تسۆجی کۆنیۆ

# چیرۆکی ژاپۆنی ڕەشپۆش

و: سابیر مەلوول

هەواڵنامەی



ئەگەر یادەوەری خیانەتم لێ نەکات بیرمە لە مانگی ئایاری ساڵێک لە ساڵەکانی دەیەی پەنجادا لە باخچەی"سۆ" کە لە پەڕگەی خوارووی پاریس هەڵکەوتووە، پیشانگای مۆزەخانەکانی "لیل دی فرانس" کرایەوە، من و ژنەکەم بە خوێندنەوەی پۆستەرێک لە میترۆدا بە بوونی ئەم بۆنەیەمان زانی پێموایە ئێمە بۆ ئەو پێشانگایە نەدەچووین ئەگەر تابلۆی جادووبازی نیگار کێشی هۆڵەندی"بۆش"ی تێدا نمایش نەکرایە لە راستیدا پێویستی نەدەکرد بۆ بینینی ئەم تابلۆیە کە لە مۆزەخانەی "سان جێرمان ئۆنلای" بوو بۆ "سۆ" بچین، بەڵام ماوەیەکی درێژ بوو نەهاتبووینە پاریس، سەرباری ئەوەش وەرزەکەی وەرزی گوڵە لەیلاخ بوو، پاشانیش ئارەزوویەکی بەتینمان تێگەڕابوو بۆ سەردانی کۆشکی "سۆ" وباخچەکەی کە لە خۆشی شکۆی کۆشکی ڤێرسای ناونرابوو-ڤێرسای چکۆلە- رۆژێکی خۆش بوو، دنیا پاک و بێگەرد، گوڵە لەیلاخەکانیش بە تیشکێکی زیندووی دڵبزوێن، ورینجە ورینج دەتروسکانەوە، کۆشک و تەلاری "سۆ"ساختمانێکی قەشەنگ و جوانە و لەسەر شێوە و تەرزی بیناکانی سەدەی حەڤدەم سازکراوە. لە هۆڵەکەیەوە کە بەسەر باخچەکەدا دەیڕوانی دەمانتوانی لە لاکەی تری دارستانەکەوە پانتایی درەوشاوەی حەوزەکە ببینین کە قورینگان ئارام ئارام مەلەیان تێدا دەکرد.

لە دەروازەی هۆڵەکەدا نیگای ژنەکەم چووە سەر ژنێکی ڕەسیدە کە جلی تازیەباری پۆشیبوو. لەو ساتەدا من بەرەو حەوشەی باخچەکە ڕۆیشتم و کاتێک ئاوڕم دایەوە بینیم ژنەکەم لەگەڵ ژنە ماتەمبارەکەدا سەرگەرمی قسەن کە شتێکم لە ناوەڕۆکەکەی بۆ نەچووە سەریەک و نەمدەزانی چی دەڵێن. لە ژنەکەم نزیک بوومەوە و سڵاوم لە دەستە خوشکەکەی کرد و لە درزی چارشێوەکەیەوە چاوە خۆڵەمێشییە تەڕەکانی خانمی دینیس فام " کە ژنەکەم ئاوا پێمی ناساند" بینی، چاوەکانی نیگایەکان دەگرت لە هەمانکاتدا ترسناک و پڕ پرسیار و ناڕازی..

دوای ئەوەی لە دینیس فا دوور کەوتینەوە لە ژنەکەمم پرسی:

– ئەم ژنە بۆ وا ڕەشپۆشە، ئایا کەسێکی نزیکی مردووە؟

– هەمیشە هەر وایە، منیش کاتێک بۆ یەکەم جار بینیم پرسیم بۆ کێ ڕەشی پۆشیوە، بەڵام پێدەچێ مەسەلەکە بە پێچەوانەی هزری ئێمەوە بێ، ئاخر ئەم سەرشینە وا خەیاڵ دەکات کە بێوەژنە لە کاتێکدا بە هیچ جۆرێک شووی نەکردووە.

–ڕەنگە دڵدارەکەی لە جەنگدا لە دەستدا بێ .

– هەر چونێک بێ ئافرەتێکی ساردە، زۆر زۆر سارد بگرە دەڵێن شێتەو و کەس قسەی لەگەڵدا ناکا، بۆ نموونە لە پۆلدا دوور لە هەمووان بە تاقی تەنیا دادەنیشێ کاتێکیش وانە کۆتایی دێ و لە هۆڵی محازەرەکان دەردەچین و هەموو بەسەر مامۆستادا دەرژێین و دەیدەینە بەر ڕێژنەی پرسیاران، ئەو خۆی دوور ڕادەگرێ هەندێک جار دڵم پێی دەسووتێ و کاتێک داوام لێ دەکات ئەو سەرنج و تێبینییانەی دەدەمێ کە نووسیومنەتەوە، بەڵام هەستێکی وام تیایە کە دەرفتەرەکەم بە پیسی بۆ دەگێڕێتەوە وەک بڵێی تەڕیی دەستە ساردەکانی چووبێتە ناو دەفتەرەکەوە ئەمەش وام لێ دەکات کە نەوێرم جارێکی دیکە دەفتەرەکەی بدەمێ. لە کاتێکدا گوێم بۆ ژنەکەنم ڕادێرا بوو، ئەوەم هاتەوە یاد کە دەستم بەر دەستە سارد و تەڕەکانی دنیس فا کەوتبوو و هێشتانیش لێرە لەسەر پێستەکەم هەستم بەو تەزووە ساردە دەکرد.

بەڵام لەوە زیاتر لەسەری نەڕۆیشتین و بڕیمانەوە، ئاخر تابلۆ مەزنەکەی "بۆش" لەبەرامبەرماندا لە کۆتایی هۆڵەکەدا هەڵواسرابوو و بە بوونی خۆی کەشەکەی چڕترو بێگەردتر کردبوو: لە فەزایەکی نامۆدا و لەسەر دیوارەکەی پشتەوە خەڵکانێک دەبیندران کە بە شێوەی جۆراجۆر ئەفسوونیان لێ کراوە، لە ملایشەوە سیحربازێک کێشراوە کە بەرچنەیەکی بە پشتێنەکەیدا هەڵواسیوە کونەپەپوویەکی تیایە، ئەوجار سەگێک هەپە پاشان بۆقە مێ یەک لەسەر مێزێکە دواجار پیرەمێردێک دەبینی کە بۆ پێشەوە دەڕوانێ تاکو بە باشی ببینێت.

لەم چرکەساتەدا ژنەکەم واڵەی لێ هەستا:

– وای خوایە ئەوە خۆ بۆقە مێیەیەکە! وای گوت و پەنجەی بۆ بۆقەکەی سەر مێزەکە نا بەڵکو بۆ بۆقەمێیەیەکی تر ڕاکێشا کە جووتێ چاوی زەڕکەفتی پێوەبوو و پیرەمێردە چەماوەکەی بە دەمی کراوەی گرتبوو ئەو وشانەم نایەتەوە یاد کە دەربارەی بابەتی تابلۆکە گۆڕیمانەوە، بەڵام هەرگیز نەمتوانیوە ئەو غەرابەت و سەراسیمە بوونە لە یادەوەریمدا بسڕمەوە کەئەم دیمەنە بێوەیە وروژاندی ئەو هەستەی کاتێک چەکەرە دەکات کە دنیا بەیەکجار خامۆش و کپ دەبێ و هەرچی ژاوە ژاوە لە پڕدا دەبڕێتەوە، دوای دوو ساڵ جارێکی دیکە بۆ بینینی تابلۆکەی"بۆش" چووم بۆ مۆزەخانەی"سان جێرمان ئۆنلای" ڕەنگە بۆ ئەوە چووبێتم تا لەو هەستەم دڵنیا بم، وا ڕێکەوت ژنەکەم سەرقاڵی کۆبوونەوەیەک بێ لەبەر ئەوە بەتەنیا سواری پاسێک بووم و چووم بۆ پەڕگەی شار دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە پایزییە تاریک و تەڕوتووشە هۆڵی تابلۆکە چۆڵ و هێمن بوو، بەڵام من ژنێکم بینی کە ڕەشی پۆشیبوو و بەرامبەر تابلۆکە ڕاوەستا بوو.

لە کـاتی چوونە ژوورەوەمــدا ئەو بەرەو دەرگــای دەرچوون دەهات و کـاتێک کـە ڕووبەڕووی بوومـەوە لە کەلێنـی چارشێوە ڕەشەکەیەوە چاوە خـۆڵەمێشییە تەڕەکان و نیگا ترسناکەکەی دینییس فام بینی و نەمپەرژایە سـەر سلاو و خـۆشـقەڵە چونکە وەک تارمـاییـەک بە بەردەممدا قوچاندی.

بۆ ئێوارەکەی لە کاتێکدا لە چێشتخـانەیەکی چکۆلە دانیشتبووم و لـە پەنجەرەکەوە نیگای شارم دەکرد، باران بە لێزمە دایکرد پاشان دوای تاوێک ژنەکەم هات.

– دەی پێمبڵێ تابلۆکەت چۆن هاتە بەر چاو؟

– زۆر جوان ، ئەوجار ئەو ژنەشم بینی کە لە "سۆ" تووشمان بوو.

سەری سووڕماو پرسی: بەڕاستە، تۆ دڵنیای ئەو بوو؟

گوتم: بەڵێ زۆر زۆر بەڕاستمە و دڵنیام ئەو بوو، هەر وەک ئەو ڕۆژەش ڕەشی پۆشیبوو.

ئەوجار بۆ تاوێک مات و خامۆش لەڕوخسارم ڕاماو گوتی:

–بەڵام دینیس فا ماوەیەکە مردووە!

هەرکە وایگوت هەستێکی وام تێگەڕا کە دنیا خامۆش بوو و سرتەی لێ بڕا .

لەو بۆشـاییـیـەدا کـە هاتە ئاراوە و لەو کش ومـاتییـەدا تەنیـا باران بوو کە بە لێزمـە دەباری، هەر وەتر زۆر بەڕوونی دێتەوە یادم کە ڕوخسـاری ژنەکەم بەشـێوەیەکی سـەیرو نامۆ بۆ دوور ڕۆیشتبوو و دەتگوت لەم دنیایەدا نییە!

ڕەسید: پێگەیشتوو، عازەو، کامڵ

پەرگەی شار : پەڕی شار، کەناری شار

سەرشین – بابانوێران.

خۆشقەڵە: چاک و چۆنی

سەرچاوە: المسخ ، قصص من یابان، ترجمە کامل یوسف حسین، بیروت ١٩٩٢ .

هەواڵنامەی کتێب



ئارام سـدیق

# نووسینەوەی ئەزموون لە ڕێی ئەفراندنی حیکایەتەوە

## ڕامانێک لە کتێبی "دەستنووسی یەکەم"ی عەتا محەمەد




**ژیان لەناو وشەدایە**
**نەوەک وشە یەکێک بێت**
**لە ڕەگەزەکانی ژیان**


عەتا محەمەد

## سەرەتا

خوێندنەوەی کتێبی "دەستنووسی یەکەم"ی عەتا محەمەد، لە خوێندنەوەی هەموو کتێبێکی تر جیاوازە، بەو دەلیلەی کە ئەم کتێبە سێ چاوپێکەوتنی تێدایە لەگەڵ سێ نووسەری ئەندێشەی کە لە بووندا نین و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە. هەروەها کتێبی چاپکراویان هەیە و بەرگی کتێبەکانیشیان لەگەڵ چاوپێکەوتنەکاندا دانراوە. نووسەری ئەم کتێبە دەیەوێت لەرێی ئەم چاوپێکەوتنانەوە چی بڵێت؟ بۆ پەنای بردۆتە بەر ئەم جۆرە لە نووسین کە تا ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا نییە و بۆ ئەدەبی کوردی زۆر تازە و نوێیە؟ بۆیە رەنگە هۆکاری بێدەنگ تێپەڕبوونی کتێبی "دەستنووسی یەکەم"بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناوەندی رۆشنبیری و خوێنەری کورد تا ئێستا دەقێکی لەو چەشنە ئەزبەر ناکات و ئەو (مەبەستم خوێنەر و رۆشنبیری کوردە) دەق لە کۆمەڵێک چوارچێوەدا دەبینێت، کە لە راستیدا دەق ناخرێتە هیچ چوارچێوەیەکەوە و ئەگەر نووسەر ئەفرێنەر بێت ناکۆتا رێگەیە بۆ خستنەڕووی بیربۆچوون و ئەزموونەکانی خوڵقاندنی تێکستی نوێ، کە رەنگە پێشتر لەو فۆرمەدا نەبووبێت.

"دەستنووسی یەکەم"ی عەتا محەمەد لە ساڵی (٢٠٠٣)دا لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمدا چاپکراوە و لەو کاتەوە تا ئێستا بێدەنگی ئەو کتێبەی داپۆشیوە، کە من پێموایە بەشێکی ئەو بێدەنگییە وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خوێنەر و رۆشنبیری کورد بەو جۆرە لە تێکست رانەهاتووە و پێشتر تێکستی لەو شێوەیەی لە ئەدەبی کوردیدا نەبینیوە. ئەم تێکستە کاتی خۆی کە من لە ئەیلولی هەمان ساڵدا خوێندمەوە چێژێکی زۆری پێ بەخشیم، چێژێک کە تەنها کتێبە جوانەکان دەیبەخشن. بەڵام ئەوەی هانیدام پاش پێنج ساڵ بگەڕێمەوە سەری ئەوەیە ئێستاش کە هەندێکجار دەگەڕێمەوە سەری بەشێکی لێ دەخوێنمەوە هەست بە تازەیی و نەمری ئەو تێکستە دەکەم، کە ئەم حاڵەتە لە تێکستی کوردیدا کەمە، ئەمەش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا خراونەتەڕوو.

نامەوێ لێرەدا زیاتر لەسەر ئەم لایەنە بدوێم و دەمەوێت لە رێی ئەم نووسینەوە هەندێک لایەنی ئەو تێکستە بخەمەڕوو. ئەوەی لێرەدا خراوەتەڕوو هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەو هەوڵە جوانەی عەتا کە کاتی خۆی نەک ئاوڕی لێ نەدرایەوە، بەڵکو تا ئێستاش پەراوێزخراوە، وەک ئەوەی فەرامۆشکردن قەدەری ئەو کتێبە بێت.

## ئایا نووسەر خوڵقێنەرە؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە خوێنەر لە پێشەکی "دەستنوسی یەکەم"دا دەیبینێتەوە وەک ئەوەی

عەتا بیەوێت زەمینە بۆ خولّقاندنی نووسەرە ئەندێشەییەکانی خۆش بکات و جۆرێک لە شەرعییەت بدات بە گەمەی خولّقاندنی ئەو نووسەرانە. عەتا لەو پێشەکییەدا دەنووسێت: هەموو دەقێک بەشێوازێک هەولّی خولّقاندنی مانایەک دەدات لەدەرەوەی خۆی، یاخود جۆرێک لە پەیوەندی لەگەلّ جیهانی دەرەوەدا دروست دەکات.

بە وردبوونەوە لەم پێناسەیە بۆ دەق، دەبینین عەتا نووسەر وەک خالقێک دەبینێت. خالقێک کە وەک ئەو خالقە نادیارە توانای خولّقاندنی زۆر شتی هەیە. پاشان عەتا دەنووسێت: دوو چەمک بەرەو زۆر پەنهانمان دەبات کە ئەویش (نووسەرخالق)ە کە دەرئەنجامێکی سەخت دەخاتەوە ئەگەر هاتوو هەستاین بە پۆلێنکردنی سەرجەمی دەق و نووسینەکان بە درێژایی مێژوو بەسەر ئەو نووسینانەی نووسەر نووسیویەتی و ئەوانەشی کە خولّقاندوویەتی، پاشان ئەو کێشەیەی لەم دوو چەمکەوە دەکەوێتەوە ئەوەیە، یەکەمیان سەر بە واقیعێکی دیاریکراوەو هەولّی گوزارشتکردنی ئەو واقیعە دەدات، بەلاّم دووەمیان خولّقێنەر بەرەو دیدێکی میتافیزیکیمان دەبات کە ئەندێشە پەی پێ دەبات.

پێدەچێت عەتا لە خستنەڕووی ئەم کێشەیەدا نەیویستبێت بچێتە وردەکاری ئەو گەمەیەی نووسەر دەیکات تا دەبێتە خالق، بەلاّم خوێنەر لەکۆی پێشەکی ئەو کتێبەدا تێدەگات کە نووسەر خالقێکی بەرجەستەکراوە و پێدەچێت توانای هێندەی ئەو خالقەی تر نەبێت، بەلاّم توانای سەرچلّی ناکۆتای هەیە لەسەر زەمین و هەموو داهێنانەکان لە هەموو بوارەکاندا بەرهەمی ئەو سەرچلّییانەی مرۆڤن. هەروەها توانای دروستکردنی حیکایەت و نووسەری ئەندێشەی هەیە. واتە رەگی ئەو کێشەیەی عەتا لەو پێشەکییەدا دەیخاتەڕوو بۆ ئەوەیە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان گەمەی خولّقاندنی ئەو نووسەرە ئەندێشەییانە ئاسایی بکاتەوە، بەوەی ئەوە نییە نووسەریش دەستی لە خولّقاندندا هەیە و دەتوانێ لە ئەندێشەوە مرۆڤ بخولّقێنێت.

لە کۆتایی ئەو پێشەکییەدا عەتا دەنووسێت: ئەو نووسەرانەم بەرجەستەکرد تا چێژی خولّقاندن بەدەستبهێنم و پەی بە زۆر نهێنی شاراوە ببەم.. ئیدی بڕیاری ئەو سەفەرە ئەفسانەییەیەم داوە، وەک خەونی نەمری لای کیمیاگەرێکی پیر بەخۆم و نووسەرە ئەندێشەییەکانمەوە رۆیشم تا سنووری یەکێک لە چێژە حەرامەکان ببڕم کە "خولّقاندنە"...

کەواتە نووسینی ئەم کتێبە لای عەتا بۆ بەدەستهێنان و بەرجەستەکردنی چێژێکی لەبیرکراو و حەرامکراوی دنیای کوردییە کە ئەویش چێژی"خولّقاندنە". یان بۆ ئەزموونکردنی دنیایەکی ئەزموون نەکراوە، کە عەتا ئەو وەزیفەیە لە نووسیندا چڕ دەکاتەوە.

## دەستنووسی یەکەم، یان کتێبی نووسەرە ئەندێشەییەکان

ئێمە لێرەدا دەمانەوێت لەمەڕ ناونیشانی ئەو کتێبە قسە بکەین. ناونیشانی سەرەکی کتێبەکە (دەستنووسی یەکەم)ە و ناونیشانی لاوەکی، یان دووەم "کتێبی نووسەرە ئەندێشەییەکان"ە. پێدەچێت ناونیشانی دووەم بۆ روونکردنەوەی ناونیشانی یەکەم بێت، بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت کە تێکست و نووسەرەکان ئەندێشەیین. لەم کتێبەدا نووسەر بیروڕای خۆی لەسەر گەلێک مەسەلەی پەیوەست بە چیرۆک و ئەزموونی نووسینی خۆیەوە خستۆتەڕوو و یەکێکە لەو تێکستانەی زانیاری زۆری لەمەڕ بیرکردنەوەو ئەزموونی "عەتا محەمەد" دەردەخەن.

ئەگەر لە ناونیشانی یەکەم (دەستنووسی یەکەم) وردبینەوەی ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش و نامەفهومە بەوەی ئێمەی خوێنەر نازانین ئەوەی بۆتە دەستنووسی یەکەم چییە؟ ئەی ئایا دەستنووسی دووەمی چۆن دەردەچێت؟ عەتا لە چەندین شوێندا ئاماژەی بەوە داوە، کە ئەو قودرەتی ئەوەی نییە هیچ چیرۆکێک دووجار وەک خۆی بنووسێتەوە و ئەگەر داوای لێبکەن چیرۆکێکی خۆی بۆ جاری دووەم بنووسێتەوە ئەوە چیرۆکێکی تر دەردەچێت. ئەم حاڵەتە ئەوە دەردەخات کە توانای گێڕانەوە لای عەتا توانایەکی فراوانە و هاوکات ئاسۆی بیرکردنەوە و رامانیشی فراوانە. بۆیە پێدەچێت لە داهاتوودا ئێمە دەستنووسی دووەمی ئەم کتێبەش بخوێنینەوە (بێگومان ئەمە تەنها گریمانەیەکە و هیچی تر).

ناونیشانی دووەم، یان ناونیشانی لاوەکیی کتێبەکە "کتێبی نووسەرە ئەندێشەییەکان"ە، کە لەیەکەم سەرنجدا خوێنەر توشی رامان دەبێت و ئەو پرسیارەی لادەورووژێت کە نووسەرە ئەندێشەییەکان کێن؟ چیان نوسیووە؟ بۆ دەنووسن؟ ئەم پرسیارانە هەمووی لەنێو ئەو تێکستەدا وەڵامدراونەتەوە. خوێنەر پاش تەواوبوونی کتێبەکە تێدەگات نووسەرە ئەندێشەییەکان ئەو نووسەرانەن کە خوڵقێنراوی بیری عەتا محەمەدن، کە هەریەکەیان ناوی تایبەتی خۆیو بەرهەمەکانیشی بەشێوەی سیستماتیک خراونەتەڕوو.

نووسەرە ئەندێشەییەکانی عەتا ئەمانەن: (سیامەند کاکەخان، ئازاد سەید خەلیفەو زەردەشت کەریم).پاشان خوێنەر بەتێکڕای بەرهەمەکانیشان ئاشنا دەبێت کە بێگومان ئەوانیش هەر ئەفرێنراون. لەوەڵامی ئەوەشی بۆ دەنوسن؟ هەر نووسەرەو وەڵامی خۆی داوەتەوە و لە خوێندنەوەی کۆی چاوپێکەوتنی هەرنوسەرێکدا تێدەگەین کە ئەو نووسەرانە هەریەکەیان راوکەری وەڵامی پرسیارێکی تایبەتن، یان هەموویان بە دوای وەڵامی پرسیارێکدا دەگەڕێن با لێرەدا لە چەند دیدێکی ئەو نووسەرە ئەندێشەییانەی عەتا وردبینەوە.

سـیامـەند كـاكـەخـان ئـەوە دەخـاتەڕوو كـە "ژیان لـەناو وشـەدایـە نەوەک وشـە یـەكێک بێت لە ڕەگەزەكانی ژیان.." لـە كۆی چاوپێكەوتنی یەكەمدا تێدەگەین سیامـەند بەدوای نهێینی وشـەدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بگاتە مـانای شـتەكان. دواتر سیامـەند لەبارەی پەیوەندی نووسـەر و خـوێنەر ئەوە دەخـاتەڕوو كە نووسـین لە گـەمـەی شـەترەنج دەچێت كـە لەنێوان نووسـەر و خـوێنەردا دەست پێدەكات نووسـەر دەستپێشـخـەریی دەكات لە فڕێدانی جـوڵە فێڵاوییـەكانی. پاشان كـە باس دێتە سـەر كـتێب و سـوتان دەنووسێت: سـوتانی كتێب، سوتانی شارستانییەتەكانە، كە كـتێب بەر لەو لەناوچوونە دەگرێت كە ئینسانەكان خۆیان پێی هەڵدەسـتن.

ئازاد سـەید خـەلیـفـە، كـە دووەم نووسـەری ئەندێشـەكـراوە ئەوە دەخـاتـەڕوو كە نـووسـین بۆ بەخـشـینی ئومـێد نییـە، ئەوەندەی ڕۆچوونە بەنـەهـامـەتیـیـەكانی تـاک لە پەیوەندی خـۆی لەگـەڵ دەوروبەریدا، بەڵكو ئـەمـە كـاری ئایدیۆلۆژیایە كـە هەڵدەسـتێ بە سـاختـەكـاری لە واقـیـعـدا تـۆ دەتوانی لە پشت هەموو كارە گاڵتەئامێزەكانەوە كارەساتێک ببینیت.

دواتر دەڵێت: نووسـین پێویسـتی بە دیدێكی میـتافیـزیكییـانە هەیە تا لێیـەوە سـەیری واقیـع و مـێژوو بكەین جیالەوەی ئایدۆلۆژست و زانا گـەشبینەكان پێمـان دەڵێن. لێرەوە تێدەگەین لای ئازاد نووسین گوزارشتە لە دیدە تراژیدیاكان و خستنەڕوو ئەو تراژیدیا لە ڕێی وشەوە.

زەردەشت كەریم كە دوا نووسـەری ئەندێشەكراوە پێی وایە "نووسـین سـەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی ژیانە بە تێڕوانینێكی جیاواز لەوەی هەیە". لە وەڵامی پرسیاری شیعر چییەدا؟ زەردەشت دەڵێت: شیعر كردنەوەی ژیان و جیهانە بەسەر زیاد لە مانایەک كە ئەمەش پێویستی بە دیدێكی خالقانە هەیە تا پەی بە پەنهانی و نهێنییەكان بەرین.

پاش خستنەڕووی ئەم بۆچوونانە تێدەگەین ئەم نووسەرانە وەک پێشـتریش ئـامـاژەیەكم بۆكرد بەدوای پرسـیـارێكدا دەگەڕێن كە ڕەنگە بگەنە وەڵامـەكـەی، یان گـەڕان بەدوای ئەو پرسـیـارەدا دەرگـای پرسـیـاری تر بێت، هـەروەها ئەو نووسـەرانەش وشـیـارن بەوەی بۆ دەنووسن؟ كـە ئـەمـە گرنگترین خـاڵی ئەم كـتێبـەیە، چونكە بەشـێكی زۆری نووسـەری كورد پاش چەندین سـاڵیش لە نووسین نـازانێ بۆ دەنووسـێت؟ یان كـە وەڵامی ئەو پرسـیـارەش دەداتەوە وەڵامـێكە كە نـاتوانێ هـەموو ڕەهەندەكانی ئەو پرسیارە بگرێتەوە، یان وەڵامێكی ناكاملە.

لێرەوە ئەگـەر بگەڕێینەوە بۆ ڕەگەزی "ناونیـشـان" لەم كتێبەدا دەبینین "نـاونیشان" نابێتە هۆی كلیل بۆ خوێنەر و خـوێنەر لەناونیشانەوە ناتوانێت پێشبینییەكی تاڕادەیەک گونجـاو بۆ تێكستی نێو كتێبەكە بكات. تێكست لەم كتێبەدا حوكمی كۆی ڕەگەزی ناونیشان دەكات.

**ئەوەی نەمری دەبەخشێتە نووسەرێک تەنها جیاوازبیرکردنەوە و جیاوازنووسینە. نەک زۆر نووسین**

## نووسینەوەی ئەزموون لە رێی حیکایەتەوە

ڕەنگە عەتا یەکێک بێت لەو نووسەرانەی بەردەوام بیەوێت لەڕێی دروستکردنی حیکایەتەوە خۆی بە خوێنەر بناسێنێتەوە، ئەم نووسەرە حیکایەتخوانێکی دەوڵەمەندە و نایەوێت بەردەوام لەڕێی چیرۆک، یان ڕۆمانەوە حیکایەت بگێڕێتەوە، بەڵکو ئەو تێکستی تر بۆ گێڕانەوەی حیکایەت و نووسینەوەی ئەزموونەکانی دەدۆزێتەوە. من ڕاموایە لێکچوونی نێوان عەتا محەمەدو بۆرخیس لەم خاڵەدایە کە هەردووکیان خاوەنی توانای بەهێزن بۆ گێڕانەوە و دروستکردنی حیکایەت. بۆیە نووسینەوەی ئەزموونەکانیش لەڕێی چیرۆک و تێکستی ئەندێشەییەوە کارێکە کە دیسان خاڵی هاوبەشی ئەم دوو نووسەرەیە. بۆرخیس لە چیرۆکەکانیدا هەست بە گێڕانەوەیەکی ئاسایی دەکرێت، کە زیاتر لە گێڕانەوەی ئەزموونێک دەچێت، واتە دەستپێکی چیرۆکەکانی بۆرخیس دەستپێکێکە کە تایبەتمەندی خۆی هەیەو لەو دەستپێکەدا هەوڵی ئەوە دەدات خوێنەر فریوبدات بەوەی کە ئەوەی دەیگێڕێتەوە واقیعە و ئەو لەو چرکەیەدا بەرجەستەی کردووە، بەڵام دواجار خوێنەر تێدەگات کە ئەوە حیکایەتێکە، یان ئەفسانەیەکی ترە و خوڵقێنراوی بیری نووسەرن. خاڵی لێکچوونی نێوان عەتاو بۆرخیسیش لێرەدایە. عەتاش لە رێی دەستپێکەکانییەوە هەوڵی فریودانی خوێنەر دەدات بۆ ئەوەی پەلکێشی خوێندنەوەی چیرۆکەکانی بکات، بەڵام کاتێک خوێنەر چیرۆکەکە تەواو دەکات هەست بەوە دەکات کە حیکایەت دەخوێنێتەوە، حیکایەتێک کە ئەفرێنراوە.

**هێندە بە وردی کاری کردووە تاڕادەیەکی زۆر نووسەرە ئەندێشەییەکان لە نووسەری واقیعی دەچن**

بێگومان ئەم لێکچوونەی نێوان بۆرخیس و عەتا نەنگی نییە بۆ عەتا، بەڵکو ئەوە دەردەخات کە توانای گێڕانەوە و ئەفراندنی حیکایەت لای عەتاش لە ئاستێکی بەرزدایە، کە ئەو توانیویەتی ببێتە دەنگێکی جیا لەنێو نووسەرانی کورددا.

دەستنووسی یەکەم کتێبێکە ئەوەندەی تر بەتوانای عەتا لە بواری نووسین و خولقاندنی حیکایەتدا دەردەخات، چونکە ئەو لەم کتێبەدا و لەڕێی ئەو سێ نووسەرە ئەندێشەییەوە، دەکرێت بڵێین ئەزموونی خۆی نووسیوەتەوە ئەزموونێک کە بەشێکی زۆر لە نووسەری کورد، یان توانای نووسینەوەی نییە، یان لەسەرەتای تەمەنی نووسینییەوە پرسیارێک نەبووە بەدوایدا بڕوات و تا ئەو شوێنەشی گەیشتووەپێی وەڵامێکی دەست نەکەوتووە ئیتر چی بنووسێت؟!

عەتا لەزاری نووسەرە ئەندێشەییەکانەوە زۆر مەسەلەی گرنگی وروژاندووە، هەر لە نوسین چییەو پێناسەی چیرۆکەوە تا دزی ئەدەبی و دزینی چیرۆک و رەنگدانەوەی تراژیدیا لە ئەدەبدا و چەندین پرسی تر، کە وەڵامی هەبوو پرسیارەکانیش دەدرێنەوە و چەندین دیدگای نوێ و تایبەت دەخرێنەڕوو کە بۆ دنیای ئێمە بەشێکی زۆریان تازەن.

### جیاوازبوون، یان خۆجیاکردنەوە

هەر نووسەرێک خاوەنی رێچکەیەک و بەرنامەیەکی تایبەت بەخۆی نەبێت لە نووسیندا ناتوانێ خۆی لە دەوروبەر و نووسەرانی دی جیا بکاتەوە. ئەوەی نەمری دەبەخشێتە نووسەرێک تەنها جیاوازبیرکردنەوە و جیاوازنووسینە. نەک زۆر نووسین. رەنگە باسکردنی "ئەحمەد هەردی" نموونەیەک بێت بۆ ئەوەی کە ئەو شاعیرە لەبەر ئەوەی توانای جیاوازنووسینی هەبوو و توانی بەو چەند شیعرە کەمەی خۆی لە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی جیابکاتەوە و نەمری لە نێو ئەدەبی کوردیدا بۆ خۆی راو بکات.

ئەو شیعرانەی هەردی تا ئەمڕۆش کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە هەست بە تازەییان دەکات و هەست بەو هەناسە پڕ سۆزە دەکەیت کە بەردەوام تازەیە و لەتازەبوونەوەدایە. هەر لەو کاتەدا دەیان شاعیری تر هەبوون و شیعریان نووسیوە کەچی ئێستا کەس ناویان نابات، بێگومان ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە نەیانتوانیوە جیاوازبن.

عەتا ئەگەر لە پەنجەرەی تێکستەکانییەوە سەیری بکەین دەبینین هەوڵی جیابوونەوە و جیاکردنەوەی ئەو هێڵە دەدات کە چیرۆکی کوردی لەسەری بونیادنراوە، ئەو دێت و خۆی لە واقیع دەدزێتەوە و نایەوێت هەرگیز واقیعیانە چیرۆک بنوسێت. هەروەها هەوڵی دروستکردنی حیکایەت دەدات، یان دەیەوێت حیکایەتی نوێ لەناو مێژووەوە بخولقێنێت. بەشێکی زۆری چیرۆکنووسی کورد ئەوەندەی لە هەوڵی کۆپیکردنی واقیعدا بووە لە چیرۆکدا ئەوەندە لە خەمی خولقاندنی واقیعێکی گریمانکراوی نەبووە، کە عەتا دەیەوێت ئەو واقیعە گریمانکراوە بخولقێنێت.

نووسەرە ئەندێشەییەکانی عەتا خولقاندنی واقیعێکی گریمانکراوە لە نێو نووسیندا، کە دەکرێت وەک درێژەپێدەری ئەوەش ببینین کە وتمان عەتا دەیەوێت هێڵی خۆی لەچیرۆکی کوردیدا جیابکاتەوە. ئەو وەک چیرۆکنووسێک ببێتە خاوەنی هێڵێک و هەر نووسەرێکیش ئارەزووی بێت لەو دنیایەدا کاربکات دەبێت ئەو هێڵە درامی گێڕانەوەیەی قبوڵ بێت،کە عەتا کێشاویەتی و کاری تێدا دەکات، یان دروست تر بڵێین کە نووسەرە ئەندێشەییەکانی نێو کتێبی "دەستنووسی یەکەم" لەو نووسەرانەن کە سەر بە هێڵەکەی عەتان و جیان لەو هێڵە گشتییەی چیرۆکنووسانی کورد کاری تێدا دەکەن و نەوە دوای نەوە درێژەی پێدەدەن.

کەواتە عەتا هەر لە کۆچیرۆکی "پاشماوە خێڵەکان"ەوە بڕیاری جیابوونەوەی داوە لەو نەوە چیرۆکنووسەی چیرۆکی کوردی کە هەم لە رابردوو و هەم لە ئێستادا ئامادەییان هەیە، بۆیە "جیاوازبوون" ئەو خاڵەیە عەتا بە وشیارییەوە کاری بۆ کرد و من راموایە پێیگەیشت.

## گەمەی خولقاندنی بەرگی کتێب

یەکێکی تر لە جوانییەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە کە هەر نووسەرێکی ئەندێشەکراو خاوەنی چەند بەرهەمێکی ناوهاتووە لە چاوپێکەوتنەکەدا و عەتا بۆ ئەوەی خوێنەر توشی سەرسامی بکات، یان چێژی خوێندنەوەی دەقە ئەندێشەییەکەی زیاتر بکات. بەرگی بۆ کتێبی هەرسێ نووسەرە ئەندێشەییەکە دروست کردووە و ساڵی چاپ و بابەتەکانیشی لەسەر نووسیون. من لێرەدا تەنها ناو و بەرهەمی "سیامەند کاکەخان" کە یەکەم نووسەری ئەندێشەیی عەتایە لەم کتێبەدا دەخەمەڕوو.

سیامەند خاوەنی سێ رۆمانی چاپکراوە بەناوەکانی (چەتەکانی خەون١٩٩٣)و (شەوی سێیەک پاش مەرگی محێدینی وەجاخکوێر ١٩٩٤)و (دەستنووسی یەکەم١٩٩٧)، هەروەها "ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک"کە یاداشتەکانی نووسەرە و لە ساڵی (١٩٩٩)دا چاپ بووە. ئەگەر بە وردی سەیری خاڵە لێکچووەکانی تەنها ناونیشانی کتێبەکانی سیامەند کاکەخان بکەین دەبینین ئەم نووسەرە دیوێکی نەبینراوی عەتایە و خۆی لەژێر ئەو ناوەدا حەشارداوە. ناونیشانی "دەستنووسی یەکەم" کە یەکێکە لە بەرهەمەکانی سیامەند بۆتە ناونیشانی ئەو بەرهەمەی کە ئێمە ئێستا لیی دەدوێین، هەروەها "ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک" کە یاداشتەکانی سیامەندی لە خۆگرتووە پاش سێ ساڵ عەتا محەمەد رۆمانێک بە هەمان ناونیشانەوە چاپ دەکات. واتە وەک لەسەرەوەش ئاماژەمان بۆکرد عەتا کە خولقێنەری ئەو نووسەرانەیە، لەم کتێبەدا هێندە بە وردی کاری کردووە تارادەیەکی زۆر نووسەرە ئەندێشەییەکان لە نووسەری واقیعی دەچن. عەتا کاری

کردووە بۆ فرانکردنی ئەو هێڵەی، یان ئەو بازنەیەی خۆی کاری تێدا دەکات، کە وەک لەسەرەوە وتمان هەوێنی جیاوازبوونی ئەو دەگەیەنێت، بۆیە دروستکردنی بەرگی کتێبەکانیش بۆ نووسەرە ئەندێشەییەکان لای عەتا تەنها گەمەیەکە بۆ دروستکردنی ئەو پانتاییەی کە واقیعێکی گریمانکراوە، کە سەرجەم بەرهەمەکانی عەتا لەو هێڵەدا دەسووڕێنەوە.

## بەرلەکۆتایی

عەتا لەکۆتایی ئەو کتێبە ئەندێشەییەدا ئەوە دەخاتەڕوو کە چەندین نووسەری تری ئەندێشەیی لە خەیاڵیدا بووە، بەڵام نەینووسیونەتەوە لەبەر ئەوەی دەبێت نووسەر بیر لە دانانی دواخاڵێک بکاتەوە تا ئەزەلیبوون لە خۆماندا بکوژین. چونکە تەنها "ئەو" ئەزەلییە. عەتا لێرەدا مەبەستی لە "ئەو" خودایە کە تەنها ئەو خالقەیە کە ئەزەلییە. لێرەدا دەگەینەوە ئەوەی کە خودی عەتا لە پێشەکی کتێبەکەیدا خستییەڕوو، کە پەیوەندی (نووسەرخالق)ە. لێرەدا تێدەگەین کە نووسەر خالقێکی کاتییە و مادام مەرگ هەیە توانای ئەزەلیبوونی نییە.

ئەم تێکستە دەوڵەمەند بە خستنەڕووی ئەزموون و بیروڕای عەتا لەمەڕ ئەو بابەتانەی لەسەرەوە بەشێکیمان خستەڕوو و جوانی ئەم تێکستە ئەندێشەییەش لەوەدایە نووسەر هەوڵی نووسینەوەی ئەزموونی خۆی داوە لە ڕێی ئەفراندنی حیکایەتەوە، کە حیکایەتی سێ نووسەری ئەندێشەکراوە.

ئەوەی لە دواجاردا من دەمەوێ بیخەمەڕوو ئەوەیە کە ئەم کتێبە لەگەڵ کتێبێکی خوڵقێنراوی تری عەتادا پێکەوە چاپکراون کە (پەرتووکی خەون)ە و هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەم کتێبەوە نییە، تەنها قەدەری چاپبوون پێکەوە کۆی کردوونەتەوە. دەبێت ئەوەش بخەمەڕوو کە خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەو دووکتێبەدا ئەوەیە کە هەردووکیان دەقی ئەندێشەیین.

دەستنووسی یەکەم لەو کتێبانەیە کە دەکرێت زۆر زیاتری لەسەر بنوسرێت و سەرجەم ئەو رایانە بخرێتە ژێر پرسیارەوە کە نووسەرە ئەندێشەییەکان دەیخەنەڕوو ودواجار عەتا وەک خاوەنی ڕاستەقینە لە پشتیانەوە وەستاوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمەی نووسەر توانای ئەزیلیبوونمان نییە. منیش بیر لە دانانی دواخاڵێک دەکەمەوە بۆ ئەم نووسینە.

*** عەتا محەمەد (دەستنووسی یەکەم و پەرتوکی خەون)، تێکستی ئەندێشەیی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠٠٣).**

# له نێوان نووسین و یادەوەریدا

نیهاد جامی

هەواڵنامەی کتێب



شوناس تێکستێکی شیعری کچە شاعیر (شەرمین وەلی) ە، ئێمە لەو نووسینەدا هەوڵ دەدەین چەمکی شوناس لەنێوان پرۆسەی بەر لەنووسین یادەوەری و شوناس لەناو نووسینی ئەو تێکستە دەست نیشان بکەین، سەرەتا تێکستەکەی شاعیر دەخەینە ڕوو.

ئایا مانا وێنەیەکی نەگۆڕ بەرهەم دێنێت؟ ئەگەر مانا و پرۆسەی ناونانی شتەکان بەمەبەستی بنیاتنانی وێنەیەکی جێگیر بێت، ئەوا هەمیشە دەبێ لەودیو وێنەی ماناوە بەدوای ئاستە جیاوازەکانی بینینی خوێنەر و ڕەهەندە جیاوازەکانی تێکست نەڕۆین، بەڵام کاتێ زمان

مـانـای نەگـۆڕ تێک دەشکێنێ، پـرۆسـەی لەدایکبـوونەوەی مـانـا دەست بە جـولـە بەراییـەکـانی دەکاتەوە، ئەوە ئینتیما کردنەوەیە بۆ زمـان و چارەسەری ئیشکالیـەتی پەیوەندی نێوان (زمـان و بوون) ە، بەمـانـای ئەو پـەیوەندییـەی ئێـمـە لەناو تێکسـتـدا بەدوای مـانا کـەشف نەکـراوەکـانی دەگەڕێین پەیوەندی هـەیە بـەوەی کە ئەگـەر زمان مـاڵی بـوون بێت، بەڵام ئاخـۆ بوون مـاڵی زمـانە؟ ئەوە سـەرەتایەکـە بۆ گـومـان کـردن، بەهـۆی ئەوەی زمـان خـوڵقـاندنـەوەی ژیان و تێکشکـاندنی تەواوی ئەو دنیایەیە کە بوونـی خۆی لەدەرەوەی زمان بنیاتناوە، بەڵام شیـعر لە ناوەوەی زمان ئەو بوونە دەنووسـێـتـەوە، ئەوە نـووسینەوەی شـوناس و چارەسـەرکردنـەوەی ئیشکالیـەتـەکانیـەتی لەدیدێکی فـانتـازییـەوە، ڕوانینێکی شـاعیریانەیە، بۆ گـەڕان بەدوای پـرسـیـاری شـونـاسـی منی شاعیر چییە؟ ئەو پرسیارە گۆڕینی منی ڕەگەزییە بۆ منی شاعیر.

بۆیە شـەرمین وەلی لە قـەسـیدەی (شـوناس) لەدەرەوەی زمـان خـاوەنی شـونـاسـی (منی ژن) ە، بەڵام زمان دەیگوازێتـەوە بۆ (منی شاعیر) ئەو منە کـەسێکی نێو زمـانە، لەڕێگەی زمانەوە هـەوڵی نووسـینەوەی شـاعیریەتی خۆی دەدات، بەوەی سـەرەتاکـانی ئەو زمانە گـەڕانە بەدوای مـەعریفـە، مـەعریفـەی عەشق، مـەعریفـەیەکی گـومـاناوییـە، بەوەی پێویسـتی بەوەیە بزانێت دۆست نیگاکـانی بەرەو کـام کـۆلانە فـانتـازیاکـان دەبیات، ژنێـتی من کـارەکـتـەرێکی شـەرمنە، زمـان دەیەوێ ئەو شـەرمـە بگـۆڕێت بە چوونە نێـو بونیادی کـەینونی، ئەو بونیادە لە ژنێکی شـەرمنی ماڵەوە، دەیباتە نێو تەنیایەکانی کەنارەوە، ئەوەش خەڵوەتی شیعریی و نووسینەوەی منە، منێکی تەنیا و شـەرمن و تێکشکاو، شیـعر پرۆسـەی خـوڵقاندنەوەیە لەڕێگەی زمـانەوە، وەزیفـەی زمـان لەناو ئەو تێکسـتە شیعرییـەدا نووسینەوەی کۆی شکستەکان و گومانکردنە لە تەواوی ئەزموونی منی ژن، بەڵام ئەو ئەزمـوونە گەڕان نییە بەدوای شـوناسـی ڕەگـەزی هێندەی گرفـتی شـوناسـی خودێتی خـۆی هـەیە، خودی بریندار کە لەڕێگەی شیعرەوە خۆی دەنووسێتەوە، نووسینەوەی شیعر نووسینەوەی زمانە بۆ شـوناس، بەڵام پرۆسـەی نووسـینەوە پرۆسـەی دڵەڕاوکە و ترسـی نێـو شیعرە، ئەو ترسـە خـودی بریندار لە ئەنجامی دڵەڕاوکەی خودی بەرەو ترس لە چارەنووسی عەشق دەگوازێتـەوە، یەکێک لە جوانیـەکانی ئەو عـەشـقـە پەیوەندیی نییـە بە ئـەزمـوونی فـەردانی خـودەوە، بەڵکو پەیوەسـتـە بە ئەزموونی خۆشـەویستی ئەوانیترەوەش

هـەمیشە دەگریم بەیادی
توانەوەی جەستەکان و
کلۆڵبوونی چارەنووسی هـاویارانم



**" مەمکوژە**
**عادەتم نەگرتووە بە**
**مردن**
**پەرۆشی پرژانم و**
**کوشتن دادی**
**پاکبوونەوەم نادا"**

بەڵام گریان چەندە گوزارشت لە بێتوانایی ئەو بکات، دواجار زمان دەیباتە سەر پرسیاری من کێم لەبەرامبەر چارەنووسی عەشق؟ یادەوەری خود خاڵی نەبۆتەوە لەناو زمان، بۆیە یادەوەری توانای ئەوەی هەیە بەشداری لە وەڵامی پرسیارەکە بکات، زمان پرۆسەیەک نییە لەو تێکستەدا بۆ نووسینەوەی ڕووبەری نەبینراو، بەڵکو زمان نەستی خود بەشداری پێ دەکات، لە پێناو نووسینەوەی شوناسی من، لەوەدا لەوە تێدەگەین کە چەمکی شوناس وابەستەیە بە تەواوی بوونی ڕابردوو، وەزیفەی زمانیش هێندەی نووسینەوەی یادەوەرییە، یادەوەری خنکێنراو لەناو دەنگی حیکایەتە خودیەکان، زمان توانای ئەوەی نییە سیستمێکی دەلالی کەشف نەکراو بێنێتە بوون، بۆچی زمان ئەو توانایەی نییە؟ ئایا چۆن دەکرێ یادەوەری خود لە زمان خاڵی بکەینەوە؟ جارێ پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین کە شاعیرەکەمان توانای ئەوەی تیا نییە کە بوێری

ناو زمان وەدەست بێنێت، بەوەی لە کارەکتەرێکی ناو ژیانەوە لەبڕی پەڕینەوە خۆی بگوازێتەوە بۆ ناو کارەکتەرێکی زمانەوانی، بەوەی ناتوانێ بڕوا بەوە بێنێ کە زمان توانای ئەوەی هەیە ماچە سارد و سڕەکان بگۆڕێت بۆ ماچی گەرمی عەشق، چونکە دەشێ ئەو عەشقەی ئەو وێنای بۆ کردووە تەنیا لەناو شیعر و زماندا بوونی هەبێت، بەڵام ئەو ناتوانێ لەناو زمان بیدۆزێتەوە، نەدۆزینەوەی دەسبەردار نەبوونە لە پرۆسەی بەر لە نووسینی شیعر، بەمانای شاعیر لەناو زمان لەدایک نەبۆتەوە، بەڵکو بە کۆی یادەوەری بەر لە زمان هاتۆتەوە ناو زمان، ئەوەش وای کردووە منی زمان کە منێکی شیعرییە جیا نەبێتەوە لە منی عاشق، بەواتای منی عاشق و منی شاعیر منی زمان پێک دێن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە دوو خودی جیاوازمان نەبێت، خودی بەر لە شیعر و خودی ناو شیعر، هێندەی شیعر وێنای بەشە تەواو نەکراوەکەی خودی عاشق دەکات.

ئەوەش دەمانگەیەنێ بە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە زمان توانای ئەوەی نییە ئەو خودە لەیەک جیا بکاتەوە، چونکە شاعیرەکەمان بڕوای بەوە نییە کە یادەوەری خود لە زمان خاڵی بکرێتەوە، ڕەنگە ئەوە بۆ ئەزموونێکی خودگەرای کەسی عاشق ڕاست بێت بەوەی یادەوەری عەشق تێکستمان پێ دەنووسێتەوە، بەڵام زمان نایەوێ بوونێک هەبێت کە کار بکاتە سەر سیستمی دەلالی ئەو، بۆیە دەیەوێ خۆی ئەو سیستمە بەرهەم بێنێتەوە، نەک یادەوەری بەرهەم هێنەری بێت، یادەوەری دەبێتە دەنگی خودی زمان، بەمانای یادەوەری زمان دەنووسێتەوە، نەک زمان یادەوەری بنووسێتەوە کاتێ داوا دەکات (مەمکوژە) ئەو کوشتنە پرۆسەی ئیشکردنەوەیە لەسەر یادەوەری خود.

بۆیە شیعر پرۆسەی داکۆکیکردنە لە خود، شوبهاندنەوەی جەستەی ژنێتییە بە جەستەی پەپولەوە.. گەڕانە بەدوای پاکیزەیی جەستەی مرۆییمان، کە جەستەی خودێکی عاشقە، لێرەوە وەزیفەی زمانمان بۆ ئاشکرا دەبێت، بەوەی زمان لێرەدا کاری دەبێت بە شوبهاندنی عەشق بە پەپوولە، ئەوەش گۆڕینی پرسیاری من کێمە بە "بزانە من کێم" زمان پرسیار بۆ خودی عاشق دەگەیەنێتە یەقین، ئەو گومانەی نێو پرسیار بە یەقین دەگۆڕێت، ئەوەش سەرزەنشت کردنی یار و بەرائەتی عاشقە. بەوەی بوونی ئەو دەبێ بوونێکی ئامادە بێت، ئەوە گرفتی یادەوەرییە ئەو بوونە دەسڕێتەوە، زمان دەبێ ئەو بوونە بگەڕێنێتەوە بۆ پرۆسەی ئامادەبوون، ئامادەبوون شوبهاندنەوەی منی مێینەیە بە دەلالەتی پاکیزەیی، ئەوەش داکۆکیکردنە لە شوناسی مرۆیی، دەنگێکە بۆ هاواری (من مرۆم) بەدوای تێگەیشتن لەو منە کە منێکە لەڕێگەی زمانەوە بەدوای گرفتی شوناس دەگەڕێت، شوناس بۆچی پێویستییەکە بۆ منی مێینەی شاعیر؟ پرسیاری وا

هەواڵنامەی کتێب

پەیوەندی بە تێگەیشتنی ئارەزووی قووڵ هەیە بۆ نووسینەوەی مێژووی خود، ئەو مێژووەی دەبێت بە هەموو شکست و سەرکەوتنەکانیەوە شوناس دابمەزرێنێت، بەڵام ئاخۆ مرۆڤ لە ساتەوەختی شکست و دۆڕانەکان بیری لەوە کردۆتەوە ئەوانە دەبنە بەشێک لە شوناسی ئەو؟ چونکە بیرکردنەوە لەخەوتن لەناو جێگایەکدا لەگەڵ دۆست هەرگیز ڕێگە نادات بەو کارە هەڵبستین کە سەرەنجام بەرامبەر بیەوێ کوشتن شوناسی پاکیزەیی و بێتاوانی بنیات بنێت.

"مەمکوژە

عادەتم نەگرتووە بە مردن

پەرۆشی پرژانم و

کوشتن دادی پاکبوونەوەم نادا"

ئەوەش بانگەشەیەکە بۆ ژیان نەوەک مردن، داوا کردنێکە کە نەکوژرێت، چونکە کوشتن دەلالەت لە پاکیزەیی ناکات، هێندەی قووڵ کردنەوەی برینەکان و گەورەکردنی سنوری شکست و نەدۆزینەوەی شوناسە، لەبەر ئەوەی هەریەکە لە دوانەی عاشق بەشێکی ترن لەناو ئەویتر، بە هەردووکیان من و تۆ دەگۆڕن بە ئێمەی عاشق، بەڵام تاچەند ئەو دەنگە دەگاتە دۆست و ئاخۆ چارەنووس لەنێو ئەو دۆشدامانە بەکوێ دەگات؟ ئەوە گرفتێکی نێو ساتەوەختی دڵەڕاوکەی شاعیرە کە دەقەکەی تیا بەجێهێشتووە یاخود تەواو کراوە، بەڵام کێشەی شوناس گرفتێکی سایکۆلۆژی بۆ مێینەتی ئەو بەجێ هێشتووە، ئەوەش ئەگەر گەیشتن بێت بە شوناس بەڵام شوناسێکە شوناسی خەونی ئەو نییە، چونکە بەختەوەری تیایدا بوونی نییە.. دەشێ ئەو شوناسە تێرامانێکی شاعیری قووڵ بێت بۆ ژیان، چونکە دەتوانین ناوی بنێین (شوناسی کچێکی تەنیا لە بوون)

دەقی شانۆیی

سەبا ئەحمەد

# میوانەکانی دۆزەخ

هەواڵنامەی کتێب

کەسایەتییەکان:

١. کچی یەکەم کەمئەندام کە لەسەر کورسییەکی گەڕۆکە.

٢. کچی دووەم خوشکی.

٣. کچی سێیەم خوشکی.

٤. کوڕێک کە برایانە.



**پەردەی یەکەم**

سەرەتەختەی شانۆ تاریکە دەنگی قیژەو هاوار لە پشت پەردەوە دێت پاش ماوەیەک مۆسیقا سەرەتەختەی شانۆ ڕووناک دەبێتەوە.....

کوڕێک بەتەنیشت سێ کچی ڕەش پۆشەوە دانیشتووە دوان لەکچەکان بەردەوام سەریان لەسەر ئەژنۆیانە وئەگرین.

کور: بیبڕەوە ئەم گریانە..خۆت کوشت ،ئەوە بۆمانگێکە وچانێک بێدەنگ نەبوویت.پشوویەک بدە!

کچ ١: ناتوانم.. کەس نییە هەست بەم ئاگرەی ناخی من بکات..کەبەئۆقیانووسەکانی دنیا ناکوژێتەوە ودانامرکێ..

کچ٢: بۆ وا ئەزانی هەر تەنها ئێمە دایکمان مردووە..؟ مردن بۆ هەموو کەسێکە.. دەبیبڕەوە با چیتر نەبینە قسەی خەڵکی... ئەم وئەو.

کچ١: ئێوە نازانن دایک بۆ من چ مانایەکی هەبوو.. دایکم ئەو شورایە بوو کە هەردەم دەوری دابووم لە هەموو بەدبەختییەکانی دنیای ئەپاراستم، ئەو گوڕی پێ ئەدام بەبێ هیچ هیوایەک بژیم.

کچ٣: دایکم واتا پەرژینێک بەڕووی نەهامەتییەکاندا .. مەرگی دایکم یەکەمین هەڵوەشاندنەوەی شیرازەمان بوو، یەکەمین لەقینی کۆشکەکانی ئاسوودەییمان بوو..ئۆف دایکە پەرژینەکەم..!

کور: بۆ ئێوە من بەهیچ نازانن ئەی لەبەر خاتری ئێوە نییە دەمەوێ سەری خۆم هەڵگرم وبڕۆم بۆناو توناوتونەکانی با با.. بەڵام ئێوە خۆش بەخت بن.. لەم نەهامەتی وهەژارییە قوتار بن..

کچ٢: هەموو کەسێک پشت و پەنایەکی هەیە ئێمەش برایەکمان هەیە.. دەبێ لە قسەی دەرنەچین وئەو هەرچی کرد لە قازانجی ئێمەدایە.. با پێمان نەڵێن متمانەیان بە براکەیان نییە.

کچ٣: ئێمە خۆمان دەزانین قازانجمان لە کوێدایە.. هێشتنەوەی جێ دەستەکانی دایکم تاقە سەبوری و پەنامانە..

کچ٢: یەکێک لەو شتانەی لەتەمەنمدا لێی ترسابم ڕووبەڕووبوونەوەی کەللە ڕەقییەکانی ئێوەیە.

کچ١: تەنها بۆنی شیرینترین ڕابردوو تارمایی وگرانترین سۆز لێرەدا هەست پێ دەکەم..

کور: بەم کەلاوەیە ئەڵێی لات بۆتە قەسری ڕەزاشا..ئەمە ئێمە نەبین سەگیش گوزەرانی تیا ناکات..

کچ١: من دەمەوێت ئەو سەگەبم کە لێرەدا گوزەران بکەم..بەڵام بۆن بە جێ پێکانی دایکمەوە بکەم.

کچ ٣: بۆ هێشتنەوەی سایەی دایکم دەمەوێت ئەم لادیوارە بکەمە وێنەیەکی گەورەی دایکم.تا هەمیشە هەست بە ئامادەیی بکەم..

کور: کام لادیوارە؟ دەترسم بەمە بڵێین ماڵ؟، ئەمە بۆ ئێمە لە ژیاندا هەرمایەی سزابوو

کوێرەوەریترین ڕۆژانی ژیانمان تێدا گوزەراند.. بەرنەفرەت کەوێ چ لانەیەکی شوم بوو بۆمان. باوکم تا مرد نەیتوانی قەرزەکەی تەواو بکات و دایکم بە نانی ماڵان توانی دوای سێ ساڵ لە هەڕەشەی خاوەن قەرزەکان ڕزگارمان کات.. بۆ لاتان بۆتە بەهەشت..؟بەرنەفرەت کەوێ چ لانەیەکی شووم بوو. من هێندە ئارامم هەبوو تا دایکە داماوەکەم بخەمە چاڵ ئەودەم ئەم خانووە ڕەزا تاڵترین جێگایی دنیایە..گەربۆشم بکرێ بەگەڕەکەکەشەوە لە سەرنەخشە ئەیسڕمەوە...

کچ١: بۆ ئەتەوێ هەموو بیرەوەرییەکانی دایکم بسڕیتەوە.. ئەگەرنەتهێشتن چی لەبریاندا دائەنێی.. کامە ئێستات؟ ئێستاشمان لە ڕابردوومان ڕەزیلترە وبێبەریترە لەشادی..

کچ٣: چ بەدنمەکیەکە مرۆڤ تف لە ڕابردووی خۆی بکات.. چ سپڵەیە مرۆڤێک دووێنێی لەیاد نەمابێت..

کچ٢: کاتێک تف لە ڕابردووی خۆم ناکەم.. ڕابردووم مایەی شانازیم وڕێز بێت ئەوەی ئێمە هەمووی ڕسوای بوو..سەرکزی وشەرمەزاریمان بوو.

کوڕ: ئێوە هەست بەخۆتان ناکەن ئەگینا بۆنی گەنیوی ئەم ماڵە هەموو گەڕەک وشاریشی بێزار کردووە.. ئێمەش بووینەتە بۆگەنترین گیانلەبەر.. نابینن یا بەچاوی بەزەیی یا ڕسوایی گەڕەک سەیرمان دەکەن..؟

کچ١: بە عارەبانەکەی خۆی دەئاژوێت ودەچێتە بەردەمی براکەی.. دەڵێ: گەر ئەم سوکنایەت فرۆشت من چی؟ سکێچەکانی خوشکەکەم چی. جلوبەرگەکەی دایکم چی؟ فیشەک دانەکانی باوکم چی..؟ دەتەوێ فڕێیاندەیتە کام زبڵدان؟!

کوڕ: ئەوانە هەمووبەشێکن لە ژیانی پڕکوێرەوەری بەشێکن لە شەرمەزارییەکانی ئێمە بەشێکن لە خەڵەتانەکانی ئێمە بە هەناسە کەوامان هەست ئەکرد ئەژین..ئێوە هەست ناکەن وەک من نایەنەدەرەوە.. وەرن سەیرێکی گەڕەک کەن وائەزانن وەک جاران ماوە.. ئێستا بەتەنها ماڵی ئێمە بۆتە مایەی دزێوکردنی گەڕەک وسەرچاوەی بۆنی ناخۆش..

کچ٣: بەلامەوە زۆر ئاساییە کاتێک باشتر شک نابەم خراپی خۆم نادۆڕێنم..ئێمە تازە بەشێکین لێرە ناتوانین حاشای لێ بکەین.. دان پێدانان باشترین چارەسەرە بۆمان..لێرە نەبێ بچین بۆ کوێ؟

کچ٢: بۆ ئێوە وا دەزانن من ماڵم نییە ئەی ئەو کۆشکەم بۆچی یە؟ گەرئێوە تیایدا هەست بەئارامی نەکەن.. هەرچی بم خوشکی ئێوەم.. هاوسەرەکەشم لەمن زیاتر ڕێزتان لێدەگرێت..فرۆشتنی ئەم کەلاوە بە ئەو سودی خۆی وکۆمپانیاکەی تێدایە..با مرۆڤ لە

ڕوی قازانجی دۆستەکانیەوە بەخیل نەبێ..

کچ١: جێ یەک نییە لەم گەردوونەدا ئەو هەموو ئاهو حەسرەتانەی من بگرێت، ئەم وێرانەیە نەبێت..ئەمە ڕابردووی منە.. من ئێرەش داهاتوومە بێ ئێرە من قەڵەندەرم لە کۆشکی شاهیدا نا ئاسوودەم..نامۆم.

کچ٣: گەربەردێک لە دیواری ئەم خانووە بفرۆشرێت سەرپاکی خەونی ئایندەو گرێکانی ڕابردوومان خاپوردەبێت (فڵچەکەی هەڵدەگرێت ودەست ئەکات بەوێنە کێشان)

کوڕ: گەر ڕێزلە دایکت دەگریت دەتوانی لە خۆشترین باڵەخانەکانی ئەم شارەدا وێنەی بکێشی..نەک لە لانەی مشک وکرمدا..ڕۆژانەمێرووله لەچاوەکانیدا هێلانەبکەن..

کچ٣: وێنە لە جێیەکدا کەنامۆبێ بەخاوەنەکەی بەهەموو هونەری دنیا ناتوانێت عیشق دروست بکات وبێتە نیگارێکی نەمر گەرسایەی خاوەنەکەی نەمرنەبێ..

کچ١: لێرەنەبێ لەهەرجێ یەکی ئەم دنیایەدابم من میوانێکی ڕەزاقورسم..کەس باری قورسی منی هەمووتەمەن پێهەڵناگیرێت..

کوڕ: خوشکەکانم من کێم هەیە بۆی بژیم؟ ئێوە گەر ستوونی باڵای من نەبێ چرای خەونەکانتان بە چیدا هەڵدەواسن..؟لێرە ئەم خانووە بەپارەیەکی باش دەفرۆشین و بەپارەکەی دەچمە هەندەران هەمووچەند مانگێکە کەباشترین خانوو نایابترین ماشین بۆتۆو فراوانترین مەرسەم بۆ تۆی ئازیز دەکەمەوە..هەرچی خوشکە گەورەکەشمە هێندە پارەی بۆ دەنێرمەوە لەبری مێردەکەی ئەو فەرمانڕەوابێت..بەویستی خۆی فەرمان نەک بەسەر مێردەکەیدا بەسەر هەمووپیاوی ئەم شارەدا بکات..

کچ٢: خوا تۆمان لێ نەسەنێ کێ هەبێ لەکارو بیرکردنەوەکانی تۆ دڵنیا نەبێ؟!تۆ برا گەورەمانی تۆ تاقە ئومێدی دایکم بووی..تۆیت دەتوانی مەرگی دایکم ئاسوودە بکەیت..

کچ٣: ئەوەی لە دەستمدایە هەرگیز نایگۆڕمەوە بەوەی دیارنییە کەسێک نییە قەبری ئاواتەکانی دایک وباوکی بفرۆشێت ولەسەربانی خەڵک وەک مەیمون هەڵپەڕێت وەک شێتەکان فرمێسک بڕژێت..

کچ١: من ماڵی خۆم بەجێناهێڵم وئەوەی ئێرە بەکەلاوە دائەنێت ئەتوانێ نەیەتەناوی..

کچ٢: هێندە ئینکاری مەکە بهێڵە با ئێمەش وەک مرۆڤ بژین..بهێڵە بالەزەتێک لەشارستانی بوون ببینین.

کوڕ: ئێوە بەختەوەرن دەرەوەنابینن هەست بەپێشبڕکێی مۆدێلاتی خانووسەیارە ی کەشخەناکەن بۆنی پارە لەبازاڕدا وری نەکردوون وگیرفانی قوپاوی خۆتان بەکاغەز

هەڵنەئاوساندووە..گرەوێکتان لەسەرشارو گەڕەک نەکردووە بەقومارێک نەبوونەتە ملیۆنێر وەزیری قومار چیتان نەدیوە ئێوە هەقتانە متمانەی خۆتان بەرامبەر ژیان لە دەست نەدەن نەچوونەتە ناو ماشێنی برادەرو بەپۆزەوە هەواڵی نرخی دۆلاری بەمۆبایلی ئاخرمۆدێل نەپرسیوە...هەقتانە مردنی هەمەڕەنگی ئەم خاکەو خیانەتی دۆست وبرادەرتان نەدیوە هەقتانە گەرلەم شوورایەدا شلوێ نەبوون بەبۆنی ژیانی نوێ.. و بەموقەدەسی مابنەوە هەقتانە..کە وابلێین..

کچ٣: من لەم کەلاوەیەدا ئەتوانم متمانە دروست بکەم هەمووگەرداوەکانی ژیان نەمبزوێنی..

کچ٢: ئەو قسەیەکەبەرلە کەوتنە ناو ئەزمونە سەختەکانی ژیان مرۆڤ دەیکات..پارە جەستە بەمرۆڤ هەراج دەکات..بەکێش بەوکەسانەی ژیان شلوێ ئەکەن بەژیانی نوێ و.مانای ناباو بڕیاری سەرپێی.

کچ١: ئەمانە دەزانم بەرگەگرتنی ئەم گەردەلولە هێزی دەوێ منیش گریانم هەربۆئەمەبوو دڵنیا بووم بە مەرگی دایکم ئێمە هیزی جێگیربونمان لە خاکدا لە دەست ئەدەین،ئەو دەم دەبینە پەلاشی دەم باو باش بەویستی خۆی دەمانباو دەمانباو هەرگیز ناگەڕێینەوە سەر یەکەمین جێ پێکانی پاکیزەیی..

کچ٣: دایکە لەکوێی سەرێک هەڵبڕە دوافرمێسکە ساردەکانت بسڕەوە کە بەنائومێدانە بۆ ئێمەت هەڵڕشت ببینە کچەکانت چۆن دەکەونە بەر زەبری ڕۆژگار چۆن هەڵئەدرێنە ناو دنیایەک کەپاکیزەکان تیایدا لە ناو دەچن..

کچ١: وەرە بمانبە بۆ گۆڕیشبێ سەدان جار لەم ژیانە جوانترە، کە هەرگیز لەگەڵی ڕانایەین و ئەبەد بۆمان دەستەمۆ نابێ..بمانبە بۆ پشت شووراکانی خاک بەس لەبەر چاوانمان ونکە جێمان مەهێڵە بۆ مەسخەرەی دۆست وبێگانە..

**پەردەی دووەم**

سەرتەختەی شانۆ هەرسێ خوشکەکە لە کەلاوەیەکدا دانیشتوون

کچ١: دەمزانی..هەرزو ئەمەم بە بیردا ئەهات کەئێمە ئەبین بە ژێرپێی و ژێر باری گرانی ئەم گەردونەوە..ئێمە لەکوێ باسکی لوسی ئەم سەردەمەمان بۆ بائەدرێ..

کچ٢: چۆن توانیم متمانە بەبرایەک بکەم کەسەرجەم ڕابردوو ژیانی لێ فڕاندم و کردمیە قەلەندەرو ئەفەرۆزی ناومالو منالی کردم.

کچ٣: تاوانی تۆش بوو..بەتەنها ئەوتاوانبار نەبوو..هەمیشە پشتیوانی خەیاڵە ئاڵۆسکاوەکانیت

ئەکرد..تەرازووی خەیاڵە بێ ماناکانیت لاسەنگ وقورسترئەکرد.

کچ٢: ئێوە تەنها لەلایەکەوە فشارتان لەسەربوو بەڵام من لەچەندین لاوە ئەنجامەکەشی بەسەر مندا شکایەوە..براکەم دەهاتە لام و باسی ئەوەی ئەکرد کە فرۆشتنی ئەوخانووە چەند باشە وجێگاکەی چەند گرنگە بۆ پرۆژەیەکی بازرگانی بەبێ ژمارە پارە ئەکات.. مێردەکەشم لەلایەکەوە هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکردم کەئەبێ خانووەکە بەکۆمپانیاکەی ئەو بفرۆشین وبەشی خۆم لەمیراتی بەرم..

کچ١: ئەوە ناکاتە ئەوەی هێندە سووک وئاسان خۆت تەسلیم بەتەماح وچاوچنۆکییەکانی ئەوان بکەی..ئەوائێستا خۆت وماڵ و مناڵ و شوێنەواری دایکت وباوکیشت وئێمەشت دۆڕان.

کچ٢: ئێوە هەرچۆن بێ لەمن باشترن تەنها بێلانەن..هەرمن بێماڵ ومنداڵ و دەرکراو ڕیسوای ئەم گەردوونەم..من لەسەد لاوە دۆڕاوم، ئەوڕۆژەی خانووەکە درا بەکۆمپانیایەکی کە ،ئیدی ژیان لەمن بویە دۆزەخ زمانی شادیم شکا و کاتێک لە بەشەمیرات بێ بەش کرام چیدی شایانی ئەوەش نەبووم لەو ماڵەدا بژیم..

کچ٣: هەریەک لە ئێوە لە شتێکدا لەمن باشترن هەرچۆن بێت خاوەنی ڕێزوڕەوشتی خۆتانن وەک من نەبوونەتە گوڵەژاڵەی سەر مێزەکان..بەرِوخساری گەشاوەو بەهەناوی سووتاوەوە پێکەنینی ساختەتان نەخستۆتە سەر لێوتان شەوی درێژتان بۆخەڵکی کورت وبۆخۆتان نەبڕاوەنەکردووە.. ڕسوای وتوانج وقسەی سوک هەناوی نەبڕیون بۆنی ناخۆش دەروونی تێک نەداون.

کچ١: هەرچۆن بێت تۆلەئێمە باشتری تۆ لەبەر خاتری قاچەنالەبارەکانی من بۆ خواردنی ڕۆژانەی خوشکەلانەوێرانەکەم خۆت کردۆتە قوربانی تۆ لە ئێمەئازاتری.. منم سەرچاوەی هەموو کوێرەوەرییەکان خەمی منیش دایکم وباوکە داماوەکەمی تواندەوە.

کچ٣: کەس نییە لەم جیهانەدا بە لەشفرۆشێک بڵێ پاک.. دەتانەوێ بەو قسانە پاساوبۆ ناشیرینییەکانی من بهێننەوە.. بمخەڵەتێنن بەناو شۆرەتی بێماناوناجۆر کە کەس باوەڕی پێی نییە تەنانەت کڕیارەکانیشی باوەڕیان پێی نییەو دەیکەن.. پیاوانیش لە کاتی خۆونکردن لەناو لەزەتەکاندا دەڵێن تۆ فریشتەی تۆ پاکیزەی، بەڵام هەرگیز ڕازی نییە ئەو فریشتەیە بەرێتەماڵی خۆی بۆهەتایە..

کچ٢: گومانم لەوەدا نییە تۆبۆ بژێوی ئێمە واتکرد بەڵام هەزار جۆری کار هەبوو.. دەبوکاری ترت هەڵبژاردایە.. مایەی ڕێزی بوایە بۆ تۆو بۆئێمەش..نەتکردینایەتە جێی ئاماژەی پەنجەکانی خەڵک کەهەرگیز ڕەحمێک ناکەن.. تا نەیان وتایە بەرگەی ساڵێک بێ گەورییان

نەگرت.

کچ١: من هەرگیز سڵ لەزمان ولەئاماژەکانی خەڵک ناکەمەوە گەربۆ هەریەک لەوان بلوێ زۆر لەوە بەدکردار ترن بیری لێ ئەکەنەوە ئێمە ناتوانین بچینە ناو خەونەکانی خەڵک دەنا لەناو هزری هەریەکێکیاندا گەردەلوولێک ئارەزووی خەفە خۆی مەڵاسداوە و بۆ هەلێک ئەگەڕێ، لەگەڵ خۆیدا پاکیزەییەکانی سەرزەوی لووشدا..

کچ٣: هەقتە ئەوقسانەبکەیت..زۆردەگمەنە کەسێک بە پێناسەی جەستەتانەبێ کارێکت پێ بدا لەم سەردەمەدا بەرلەلێکۆڵینەوە لە پسپۆڕیت دەبێت پەنجەکان ئاشنابن بە جەستەت تاکارێک لە ئاستی جەستەتدابێ پێت بسپێرن..تێناگەم بۆ زەوی دەمی ناکاتەوە هەموومان ناخاتە هەناوی گەرمی خۆی، ونمان کات تاچیتر بەرنەفرەتی ئاژەڵە دڕندەکان نەکەوین چونکە ڕێزمان بۆ ئەوانیش نەهێشتووە چونکە ئەوان  خاوەن یاسایەکن وئێمە یاساکەی ئەوانیشمان بە هەنگاوی کوێرانەمان شێلا.

کچ٢: لە ئێوەدەگەم بەڵام من مناڵەکانم دەبێ ئێستا چۆن بژین..؟چۆن بخۆن چۆن بیربکەنەوە..؟!ئێمە دایکمان نەما توشی ئەم هەموو قوڕبەسەریە بووین بەم تەمەنەوە..ئەی توخوا ئەوان چی بکەن..؟!

کچ١: بەڵکو ئەوان پێشەواوبەخێوکەری دڵسۆزیان هەبێ وەک ئێمە فڕێ دراینە بەردەم زەبرو گورگەکانی ڕۆژگار ئەوان باشتر بژین ئەزمونێک لەئێمە وەرگرن....

لەو کاتەدا براکەیان بەخۆی وچەقۆیەکەوە دێتە سەر شانۆ ڕوودەکاتە کچ٣ودەڵێ:

کوڕ: سەرت پێ شۆڕکردم ئابڕووی چەند ساڵەمانت تکاند شارپڕبوە لە دەنگ وباسی کارە حەیشەرییەکانت..تۆ چ بەڵایەک بوویت خۆت بۆشەرەفمان مەڵاس دابوو..

کچ٢: قەت دانیشتوویت ولە خۆت پرسیوە هۆکاری ئەو ئابڕوو چوونەی چییە؟ هەرگیز نەتزانیوە بۆ وائەکات..تۆ دەروازە یەکت نەهێشتەوە لێی بدات..

کچ١: دەبوو هەرکەس لەم دنیایەدا باسی لە ڕەوشت و ئابڕوو بکردایە تۆنەت کردایە..دەکرێ بپرسین چۆن ڕێگای ئەم کەلاوەیەت دۆزییەوە..لەو ڕۆژەوەی خانووەکەت فرۆشتووە کەس تۆی نەدیوە؟ نازانین لەکام باڕو ماڵی کامە سۆزانیدا کاتەکانت ئاوێتەی پێکەنینێکی ساختە دەکەیت وشەو لەباوەشی کێدا ڕۆژئەکەیتەوە.

کچ٢: ئەو ڕۆژەی کڕیاری خانووەکە هات و ئێمەیان هەڵدایە سەرشەقام و بەبەرچاومانەوە بەشۆفڵ کەوتنە وێرانکردنی ڕابردوومان تۆ لەکوێ بوویت ؟لەکام سەیرانگا شوشە خاڵییەکانت فڕێ ئەدایە ناو ئاوەکانەوە بە پاشماوەی جگەرەکانت پاوەنەکانت ئەسووتاند.

کـــورِ: دەبوو هـەریەک لـەوان قـــســـەی بکردایە تۆ نـەتکردایـە..تۆش ڕازی بوویت لـەســـەر فـرۆشـتنی..دیارە چاوەڕێی بەش بوویت..تۆ زۆر خـەشـیـمی من خـانووی باوکم بەسـەگ بفرۆشم نایدەم بەزاوای چاو چنۆک..

کچ١: بـەڵێ..ئـا..چاوەڕێی بـەش بوو. بـۆ نـابێ ئەو بـەشـی هـەبێ بەش هـەرتـەنـهـــا هی تۆ بـوو یاهـەموومان..ئێمە سێ کچ بوین تۆ برایەک کوا بەشمان..؟

کچ٣: کوا..؟پارەی خانووەکەت چی لێکرد..با هیچ نەبێ جێ یەکی پێ دابین کەین بۆ ئارامی..بۆ پاراستنمان لەباران و لەخۆرو لەچاوی هەوەس بازانەی خەڵک..

کورِ: جێ یەک بۆچی..؟بۆ ئارامی یا بـۆ کردنەوەی..هێن خـانەیەک، تۆ لـەبەر بارانیش بیت ئیشت ئەڕوات خـۆت فـرۆشـیـاری هەوەسـیت..چاوەڕێی هیچ لەمن مـەکـەن (گـیـرفـانەکـانی هەڵئەگێڕێتەوە) ئەها..هیچم پێ نەماوە بۆ ئێوە بازاڕی ئەم وڵاتە بەچی ئەزانن ئەمە حوتە حوت..زەریایە بەهیچ ڕنابێتـەوە..نەک بەپارە بەخوێن وئێسک وپروسکی هەمووشمانەوە هەڵمان ئەلووشێ..

کچ١: ئەو حـوت نـەبـو تۆ حـوت بوویت..بۆ وا ئەزانی هەرباسی بێ ڕەوشـتی خـوشکەکانت بەتۆ ئەگا..ئەم وڵاتە هـەموو پەیامنێری قسەی خراپن..ئەی خۆت..ئەو پارە خەیاڵیە..سـەرجێیی ژنانی سـۆزانی وقـومارنەبێ بەماوەیەکی وا کێ تەواوی ئەکات..؟شـەرواڵەکانت تێرنەبوون پارەکـەت تەواو. ورگت نەبوو بەتەنکی وپارەکەت تـەواوخـەیاڵەکانت نەیکردیتـە ئەفـسـانە وپارەکەت تەواو..

هەواڵنامەی کتێب

کورِ: بیبڕەوە..گەرباری قورسی تۆ نەبوایە سەردەمێک بوو هەمومان ئاسوودە بووین..هەریەک لە خوشکەکانم لەماڵی خۆیان بون ومنیش لە هاندەران..تۆیت ئـەمانبـەستیتـەوە بە جێگاو ماڵێکەوە..

کچ٢: خۆ تۆ خـاوەنی پارەی خـۆت بویت ئەیچـۆن نـەچویتە هاندەران ؟بـەپارەی وا بەئاسـانـتـرین شێوە ئەچویت..

کچ٣: ئەم لـە ناوجـێی ژنان وبێـهـۆشی تلیـاک بەری نەدا بڕوا کـە پارەی پێـبوو لـە هـەرکـوێ بێ هاندەرانە ئەم کوشتەی لە زەتە لەزەت.

کورِ: من هـەرچیم کردبێت..من پیاوم..پیاو..بێ ئەخلاقی بەپاشـەڵی منەوە نانووسێ..تۆ سـەرت پێ شـۆڕکـردین..مـۆریت و نووسـای بە ئـایندەو داهاتوومـانـەوە..ئەبیـتـە ناسنامـەی هـەتا هـەتاییمان..کەس لە ناو نیشانی تۆ پاکمان ناکاتەوە.

کچ١: ئەخـلاق...لە هەرجێ یە لە هەرکارێک هەرمرۆڤێک لە سنووری خۆی تێپەڕی ڕۆشتە ناو

سنووری کەسانی کە ئەوەی پێیناخۆشە لەگەڵ خۆی بکرێ لەگەڵ خەڵک کردی بێ ئەخلاقیە..بۆ وا دەزانی هەر ژێر تەنوورەی خوشکەکەت ئەخلاقە..؟!

کوڕ: فەلسەفەکانت کۆکەرەوە..ئێرە کۆڵانە بانەڕژێت با تێکەڵ بەم خۆڵە پیسەی کۆڵان نەبێ ،ئەمرۆ هاتووم دەمەوێ ئەم نەنگیە بسڕمەوە.

کچ٢: گەر لای تۆ پەڵەی نەنگیە تاکە سەرچاوەی بژێوی ئێمەیە..لە کاتێکدا ئێمەت جێ هێشت ئەو فریاد ڕەسمان بوو.

کوڕ: کەواتە ئێوەش بمرن لە گەڵیدا ..هەمووتان بەیەکجاری خۆتان بکەنە یەک مەشخەڵی مەزن بامنیش ڕزگارم بێ لەم هەموو بەد بەختییە باوەک سەگێک تەنها خەمی خۆم هەبێ وبەس.

کچ١: ئەی تۆ خاوەنی هیچ ڕەوشتێ نیت..کێ بێت وتۆش بسڕێتەوە..کێ بێ بەخۆت پاشەڵتەوە فڕێت داتە ئەو دیو مەرزەکانی ژیان.

کوڕ: پاڵێک بە عارەبانەی خوشکە کەیەوە ئەنێت وئەی خاتە خوارەوە پەلاماری خوشکەکەی ئەدات ئەیکوژێت پاشان دەستەکانی خوێناوی ئەکات وئەیهێنێت بە دەموچاویدا وئەڵێ:

ڕوی زەردی خۆم سوورئەکەم، شەرەفی پیسم ئەسڕمەوە ،ئەیکەمەوە بەئاوی کانی پاک پاک بێ هیچ جێ پەنجەیەک...

خوشکەکانی ئەچنە سەری و دەست لە خوێنەکەی وەرئەدەن ودەستە خوێناوییەکان بەدەم وچاوی خۆیاندا ئەهێنن و..ئەڵێن:

کچ١: تۆ مایەی ڕووسووریمان بووی..ئێمە تۆمان ڕووزەردکرد بمانبەخشە تاکە قوربانی هەموومان..

کچی دووەم ڕائەکات و لەپشت پەردەوە خۆی ئەسووتێنێ..قیژەیەک و گڕێک بەرز ئەبێتەوە..خوشکی یەکەم ئەگەڕێت بەسەر تەختەی شانۆکەدا وهاوار ئەکات کێ گوناهبارە..؟! بەتەنها منم خاوەنی هەموو تاوانەکان من بووم باری سەرشانی هەموویان..خێرتان ئەگات کێ ئەم بارە لە کۆڵی ئەم ژیانە دائەگرێ خێری ئەگات.. ئێمەی میوانەکانی دۆزەخ لێرەو لەوێش هەر خڵتەکانی ناو ژیان بووین..خێرتان ئەگا کەسێک بمسڕێتەوە خۆم ئەو هێزەم نییە.. خێر...خێر... لەڕێی خوا....

بەبێ پرسی نووسەر کەس مافی کارکردنی لەم دەقەدا نییە.

٢٠٠٧/١٢/١٠

# هەڵبژێرێك
# لە شیعری محەمەد ساڵح دیلان

هەواڵنامەی كتێب



## گوربە

خت خت خت خت
چاو مۆڕی مت
چاو زیتی گەڕ
وەک شمڵی شەڕ
دێی بۆ لەوەڕ
بۆ خواردنی كۆترەكانم
خت خت خت خت
چاو مۆڕی مت
مەشكە دڕە
سەر هەڵبڕە
سەربان پڕە
لە پاسكەری ماڵەكانم
***

ئەتەوێ نێچیر کۆتر بێ
دەستەمۆ و ماڵی و هۆگر بێ
یەکە یەکە بیخنکێنی
پەڕ و پۆی لە لەش دەربێنی
دەم و سمێڵ بە خوێن ڕەنگ کەی
وەک جاران پەنای بێ دەنگ کەی
ئەمجارە کولانەم بەرزە
چەکم سەد جۆرە، سەد تەرزە
تۆش بڕۆ لاواز، دان لەقی
هەر وەک بێشکەی شڕو شەقی

***

خت بڕۆ بۆ قوژبن و چاڵ
بۆ خزمەت مووزەردی چاوکاڵ
ئەوەی ناردووتی بۆ مووشە
خۆی لە تۆ خراپتر تووشە
بڕۆن هەردووکتان بەجووتە
مایەتان پووچەڵ و پووتە

١٩٥٣ سلێمانی

## مامە کڕنوو

مامە کڕنوو ڕاکشاوی گردەکەی سەیوانەکەم
سەر ڕەحەت، دڵ بێگرێ، گوێ شلکە بۆ داستانەکەم

سەیرە، بەزمە، هەڵپەڕینە، پڕ لە قاقا و خەندەیە
نەعرەتەی گوێ کەڕ ئەکا، جۆش و کوڵی سەیرانەکەم

ئەرخەوان سووره، بەهاره، گوڵشەنه، ڕازاوەیه
دەشت و کۆ ڕەنگین و پڕ شۆیه وەنەوشەی یانەکەم

خەرمەنی لاله له کۆهساران و پێ دەشت و نشێو
سوور تره لەو خوێنه باریوەی گوڵی گریانەکەم

دلبەران سرک و بەناز و ڕەوتی نەرم و ئێستەکەی
سەد توانج ئەگرێته ئاهووی دەشتەکەی شێروانەکەم

هەڵبڕه چاوی نومایش تێر سەرنجی ورد بده
وەک بەجێت هێشت وا نەماوه شارەکەی جارانەکەم

ئەو بەهارەی تۆ بەجێت هێشت پڕ برینی تازه بوو
پڕ له ئافاتی له پڕ بوو بۆ گوڵی ئینجانەکەم

ئەو گوڵەی ئاواتی کورد بوو بێته پشکووتن دەمێ
ڕایوشێنێ بای شەماڵی نەرمی کوردستانەکەم

ئەو کەسەی دەستی ئەنایه بین و قوڕگی ئەو گوڵه
چنگی خوێناوی ئەنایه ناو دڵه پڕ ژانەکەم

ئێمه ئارەق ڕشتن و بازوو وەشاندن، بێخەوی
ئەو گڕ و پشکۆی ئەخسته ژێر بنی خەرمانەکەم

ئێسته وا خۆی دائەنێ بۆته فریشتەی ئاسمان
بۆته دکتۆر و برینپێچی برینی گیانەکەم

مـامــە کـرنوو چی بڵــێم زیاتر لەوەی خــاڵس ئەڵێ:
فێست و ڕێوی و مێزەر و مـەیموونە سـەیری بانەکەم

وەک وتم: ســــەیرە لە بانە یا وەکـــو نالی ئەڵێ:
زیندەگــیم تاڵە کــە زەڵکاو بێ تیــمــارخــانەکــەم

١٩٥٧ سلێمانی

## ڕەز

بەهار ئەی مـــەی ئەڵوەن و ســـادە
نـەتـدیوە پـەتـرۆی پـیـــــاڵـەی بادە

جـەسـتـەکـە شـەنگە، هەناسـە سـوارە
ســــــەر وری لـەپـە، دڵ بـریـنـدارە

هەناســە ڕەشـــە، هەست پلیـشــاوە
بـانگ لە بـەربـین و قـــورگـــا خنکاوە

پێست بەسەر ئێسکا قـرچ هەڵگەڕاوە
لـەشـــــە، جنـراوە، ســــەرە بڕاوە

لە کـوێیـە شـەراب لە کـوێیـە شـەراب
بۆ لە ئێـمــە بوو بە ڕێچکەی سـەراب

ئەبێ لە کـــوێ بێ بۆن و بەرامـــەی
ئەو ڕەنگە ئاڵ و ئەو تفـــتــە تامـــەی

ئەبێ لە کوێ بێ درەوشەی سووری
ڕووناکی تیشک و بڵێسە دووری

وا دیارە هەڵپە و ئاوات و ئۆخەی
ئەبێ بیەینە پەنا شووشەی مەی

ئەی گەردن ڕەوان وێنەی نازداران
ساف هەر وەک نیگای چاوی خوماران

بێگەرد هەر وەکو دەروونی مەردان
بێخەوش وەک گوڵی سای پەنا بەردان

لە کوێیە شەراب لە کوێیە شەراب
بۆ مەزەی، ئەوا، گیان بوو بە کەباب

وا دیارە هەڵپە و ئاوات و ئۆخەی
ئەبێ ببەینە پەنا کووپەی مەی

سەبوو ئەی کانگای بیری ئەفلاتوون
پیاڵە و شووشە وا بوون بە هەپروون

وڕن هەروەکو ئەستۆی نالەبار
خاشن بەوێنەی زنجیری زۆردار

ونن بە وێنەی تۆزی با بردوو
تەفرن بەوێنەی تۆزی با بردوو

له كوێیه شه‌راب ئه‌وا تاسه‌ی مه‌ی
هه‌ست نقوم ئه‌كا وه‌ك زه‌ریای بێ په‌ی

ئه‌ی داری مه‌مك پڕ له شیله‌ی ئاڵ
كۆرپه‌ی مێشكی برسی شیری تاڵ

گرۆزه بۆ یه‌ك مژ و یه‌ك دڵۆپ
بۆ شه‌وی خه‌یاڵ ببێ به گڵۆپ

ڕۆشن كا دنیای هه‌ستی من هه‌ر وه‌ك
چرایه بۆ ناو بیرێكی نووته‌ك

ئای كێ بێ بانگ و هاوار و په‌یام
بگه‌یه‌نێته گوێ گۆڕی خه‌یام

بڵێ هه‌ی سه‌ر شێت كوشته‌ی گڕی ته‌ڕ
گه‌رتێتا ماوه یه‌ك تۆز نرخ و فه‌ڕ

تۆ له‌سه‌رباكه‌ی شووشه‌كه‌ی شكان
له‌گه‌ڵ خودادا كردت به زۆران

هه‌ڵسه به‌ره و ئه‌م ناوه هه‌ڵتووتێ
نه‌ك شووشه شكا وا ڕه‌ز ئه‌سووتێ

سروشت به پێچه‌، خوار و چه‌پگه‌رده
له جێی ئاو بێ، ڕه‌قه‌ن و به‌رده

لە جـێــیـێ زەوی نـەرم و هـەڵـۆڵ بـێ
ئـەبێ خــــورەی ئـاو تۆزی دەهـۆڵ بـێ

ئەگـینا شـەراب لە مـامـۆسـتـای مـاف
بۆ ئـەگـەیشـتـە ئەوپەڕ قـوولەی قـاف

قـاتی شــەرابە گـیـانی ئەفـلاتوون
سـەردەرکـە هـەتا نـەبووی بە مـەیموون

بەرەو مـەڵبـەنی کـوردسـتـان ڕەوتێ
نـەک کـووپە شکا وا ڕمز ئـەسـووتێ
١٩٦٢ سلێمانی

هەواڵنامەی کتێب

## سێبەری پەرت

گڕەی چلەکەی ئیمساڵ گەرم بوو
سکڵ باران بوو

بای باوەشێنی جاران نەرم بوو
شنە هێنان بوو

سێبەری خەستی ئارەق فڕین بوو
لەو شاخ و داخە

پشوو؛ ژێر گەڵای گڕە بەزێن بوو
لەو دۆڵ و باخە

هاوین تەرمەکەی ئەبرایە شوێنێ
ورشەی گەڵا بوو

سوپای تەوژم کە خۆی ئەبینێ
لە ژێر چڵا بوو

لە کوێ هەڵاتن ئەبوو بە باری
هەڕەتی گەرما

لەو ملە بەرزە نیشانە و ناوی
ئەکرا بە بەرما

سێبەر بۆ دڵێ بۆ هەناسەیە
کە خوێناوی بوو

بۆ ئاخو ئەشکێ، مەیلێ، تاسەیە
کە تەماوی بوو

لە کوێ دەست ئەکەوت لە کوێ ئەبینرا
لەو سنوورانە

بە چەپک لەوێ ئۆخەی ئەچنرا
لەو چنوورانە

ئاخ ملە ئامان شەماڵ و شنە
وا دۆش داماوم

هەواڵنامەی کتێب

هارە هاژەیە، کامیت لە کنە
بێنە بەرچاوم

تۆ پیرۆزەکەی شینی ئاسمانت
پەشێوە گیانم

تۆ کەفچەڕێنی ڕووەو دامانت
فریای ئامانم

بکەوە بە سۆز یا بە شمشاڵێ
گڕەی دەروونم

لە گیان لە جەستە لە لەش داماڵێ
شای چەند وچوونم

وەڵام کوا، وەڵام لە کوێیە
بەشەو یا بە تاریکی

کێ برینپێچێ برینمی پێیە
ڕێی بە باریکی

هەردەیە، بەردە، جار چاڵ و چۆڵە
جارێ هەورازە

ئەم دەستم پیرە، ساوام لە کۆڵە
ئاواتم ڕازە

هەزارانەی کتێب

کێ ئەگاتە پاڵ جەستەی شکستەم
لەم ڕێگا کوورە

کێ لە گەڵمایە بۆم ئەڵێ بەستەم
لە مەرگ توورە

کێ لایە لە گڕ یا لە دووکەڵێ
سووک ئەکاتەوە

ئامان ئامانێ بۆ چارەم ئەڵێ
گیان بیباتەوە

کێ باوەش ئەکا بە سێ درنجا
بە شەوی باران

کێ دەرئەکێشێ ستەم لە بنجا
وەک دێوی جاران

کێ فوویەکی قووڵ ئەکا بە سنگما
هەناسەم سوارە

کێ باڵێ ئەکا بە باڵ و چنگما
ساڵم نە بارە

کێ دەست ئەکاتە گەردنی چیا
ڕەش هەڵگەڕاوە

هەولێری کتێب

کێ دەم ئەخاتە کانیاوی سیام
وەی تێرژاوە

کێ ئەگاتە پاڵ چاڵی ئاواتم
لەو وێرانەیە

هەست وەکو شاری چۆڵی نەهاتم
شانە شانەیە

فریام کەوە ئەیترووسکەی دووری
بەئاستەم دیار

بمگەیەنەرە گۆشە و سنووری
خەیاڵی هەوار

بمگەیەنەرە لێواری چیای
پێش خواردنەوە

بمبەرە لووتکەی سەرپۆپی سیای
بەرکردنەوە

با بڵێم هاوار بەروبوومەکەی
دارم وەریوە

لەو ڕێچکە بەرزەت چلە شوومەکەی
تێهەڵچەقیوە

هەمەڕەنگی کتێب

**ئیتر ئەی نووکی قەڵەمی ڕاستی**
**دەسێ تێکۆشان**

**نۆرەی ئێمەیە بەستە لە ئاستێ**
**چووزەرەی ژیان**

**نۆرەی ئێمەیە بەکوردی دەنگێ**
**دەنگ بداتەوە**

**خونچەیە گوڵێ ئاوازی زەنگێ**
**خۆی بکاتەوە**

١٩٧٨ سلێمانی

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە:

دیوانی شیعر، محەمەد ساڵح دیلان، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە و پێشەکی و پەراوێز نووسینی: عەبدوڵڵا عەزیز خالید، چاپخانەی سۆمەر، بەغدا، ساڵی ١٩٨٧.

(١) گوربە، ل:٨٥ تا ٨٧.

(٢) مامەکرنوو، ل: ٢٠٦ تا ٢٠٩.

(٣) ڕەز، ل: ٢٦٥ تا ٢٦٩.

(٤) سێبەری پەرت، ل: ٣٦٦ تا ٣٦٩.